

چیرۆکە جیهانییەکان بۆ منالآن

منتدى إقرأ الثقافي

# چیرۆکە سەرنجراکێشەکان

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بەرگی یەکەم

DISNEY

وەرگێڕانی
زمناکۆ عەلی

زانیار
ZANYAR
Publications

# دەنکە هەنارە و حەوت کورتە باڵاکە





سەردەمانێك شازادەیەکی بچوکی جوان ناوی دەنکە هەنارە بوو لەگەڵ باوەژنەکەیدا ئەژیا،شاژنێکی جوان بەڵام لە خۆبایی.

شاژنەکە نەیدەویست کەس لە خۆی جوانتر بێت،وە هەروەها ئەو جلی کۆنی ئەکردە بەر دەنکە هەنارە و چێشتی پێلێدەنا وپاککردنەوە و ئاوهێنانی بە چاکی دەکرد لە بیرەکە،وەك ئەوەی خزمەتکار بێت.

هەموو ڕۆژێك شاژنەکە لە ڕۆحی ئاوێنە جادوویيەکەی ئەپرسی,"ئەی ئاوێنە جادوویيەکە,کێ لە هەمووان جوانترە ؟

هەموو ڕۆژێك ئاوێنەکە وەڵامی دەدایەوە,"تۆ جوانترینی هەمووانیت".بەڵام ڕۆژێك ئاوێنەکە وتی,"بەڵام نا،خزمەتکارێکی جوانم بینی,بەداخەوە ئەو لە تۆ جوانترە ".

شاژنە تورەکە هاواری کرد"ئاخ بۆ ئەو پێم بڵێ ناوی چییە"

ئاوێنەکە وتی"لێوی سورە وەك گوڵە باخ,قژی ڕەشە وەك ئەبۆنۆس,پێستی سپییە وەك بەفر..."

شاژن بە هەناسە بڕکێوە وتی"دەنکە هەنارە."





ئەوکاتە، دەنکە هەنارە لە حەوشەکەدا بوو قادرمەکانی پاك دەکردەوە.چوو بۆ لای بیرەکە بۆ ئـەوەی ئـاوی زیاتر بهێنێت،گۆرانی بۆ کۆترەکانی چواردەوری دەوت. پێی وتن بیرەکە خواستێکی تایبەتییە.

دواتر دەنکە هەنارە سەیری خوارەوەی کرد و ئاواتی خواست بۆ دۆزینەوەی خۆشەویستە ڕاستەقینەکەی.لەناکاو کـاردانـەوەی پیاوێکی گەنجی بینی.سەیری سەرەوەی کرد و شازادەیەکی جوانی بینی.

هاواری کرد و ڕایکرد بۆ ناو کۆشکەکە.



شازادەکە گوێی لە گۆرانی وتنەکە بووە و دەنکەهەنارەی دۆزییەوە.ئەو بۆ کچێك ئەگەڕا کە بتوانێت خۆشی بوێت و ئەوی دۆزییەوە.پیاوە گەنجەکە وتی"من تۆم ترساند؟".تکایە بوەستە ڕامەکە.دەستی کرد بە گۆرانی وتن بۆ دەنکە هەنارە.

دەنکەهەنارە هاتە دەرەوە بۆ سەر باڵکۆنێکی بچووك بۆ گوێگرتن،دڵی زۆر خێرا لێی دەدا.خەونەکەی بوو بە ڕاست! کۆترێکی ماچ کرد و هەڵیفڕاند بۆ خوارەوە بۆ ئەوەی ماچەکەی بدات بە پیاوە نامۆکە.

دەنکە هەنارە نەیدەزانی شاژنەکە سەیری دەکات.



کاتێك شاژن پیاوە گەنجەکەی بینی و گوێی لە قسە خۆشەویستییەکانی بوو بۆ دەنکە هەنارە تورە بوو.بڕیاری دا بە یەکجاری خۆی ڕزگار بکات لە دەنکە هەنارە.

شاژن ڕاوچییەکەی بانگ کرد,فەرمانی پێکرد"دەنکە هەنارە دووربخەرەوە بۆ ناو دارستانەکە بۆ شوێنێك بتوانێت گوڵی سروشتی لێبکاتەوە."

وەڵامی دایەوە"بەڵێ خاوەن شکۆ."

"هەروەها لەوێ تۆ بیکوژە!"

ڕاوچییەکە نارازی بوو "بەڵام خاوەن شکۆ شازدەی بچووك–"

شاژنە زاڵمەکە سندوقێکی بچووکی پێدا و پێی وت"بۆ ئەوەی دڵنیا بم تۆ فێڵ ناکەیت،دڵی بهێنەرەوە لە ناو ئەم سندوقەدا"

ڕاوچییە ترساوەکە دەنکەهەنارەی برد بۆ ناو دارستانەکە،کاتێك ساتە ترسناکەکە هات نەیتوانی بیکوژێت.







ڕاوچییەکە هاواری کرد"بمبەخشە!" چۆکی دادا لەبەردەم دەنکە هەنارە دا.پێی وت"ڕابکە,خێرا ڕابکە!خۆت بشارەوە! شاژن تێکچووە و ئیرەیی دەبات و ویستی بمریت.هەرگیز مەگەڕێوە." دەنکە هەنارە زۆر ڕایکرد بۆ ناو دارستانەکە.دارە گەورەکان وادەرکەوتن درێژ بوونەوە بۆ ئەوەی بیگرن.چاویان ئەدرەوشایەوە .لە کۆتاییدا,خۆی دا بە زەویدا و دەستی کرد بە گریان.




لە کۆتاییدا،هەنسکەکانی دەنکە هەنارە وەستان.سەری هەڵبڕی و بینی دەور درا بوو بە سمۆرە،کەروێشک،ئاسک،باڵندە و ئاژەڵەکانی تری دارستان. کاتێ هەستا یەکسەر ڕایان کرد.ئەو دەستی کرد بە گۆرانی وتن بۆیان و لە دەوری کۆبوونەوە.


دواتر داوای یارمەتی لێکردن.پێی وتن" بەڵکو شوێنێك بزانن بتوانم لێی بمێنمەوە"باڵندەکان جریواندیان بۆ ئەوەی ڕێگای نیشان بدەن و دواتر هەموو ئاژەڵانی دارستانەکە ڕێیان نیشاندا بۆ ماڵێکی بچوك.

دەنکە هەنارە وتی "ئەمە وەك ماڵی بووکەڵەیە." سەیری ناوەوەی کرد"حەوت کورسی بچوك.ئەبێت حەوت منداڵی بچوك بن.حەوت منداڵی بچوکی نا ڕێك و پێك."دەنکە هەنارە وایزانی ئەگەر ماڵەکەیان بۆ پاك بکاتەوە ئەهێڵن بمێنێتەوە.






ئێستا، ماڵە بچوکەکە دەبێتەوە بە هی حەوت کورتە باڵاکە،کە ئەوان لە نزیك کانێکی ئەڵماس ئیشیان ئەکرد.هەموو بەیانییەك دەچوون بۆ کانەکە.هەموو رۆژێك لە تونێلە قوڵەکاندا ئیشیان ئەکرد، بەردە بەنرخەکانیان لە ژێر زەوی دەرئەهێنا.حەوت کورتە باڵاکە ئیشی قورسیان ئەکرد،بەڵام کۆمەڵێکی دڵخۆش بوون.



هەموو ئێوارەیەك کە خۆر ئاوا ئەبوو،حەوت کورتە بالاّکە دەوەستان لە ئیش کردن.ئەڵماسە تازەکانیان هەڵدەگرت و دەچوونەوە بۆ ماڵەوە.ئەوان حەزیان لە فیکە لێدان و گۆرانی وتن بوو بە درێژایی گەشتەکەیان.دکتۆر ڕێگای پیشان ئەدان،چراکەی بە دەستەوە بوو،گرژو مۆن،دڵخۆش،خەواڵوو،پژمە،شەرمن و شەپ و شڕی لە دواوە بوو.



ئەو کاتە، باڵندەکان و ئاژەڵەکان یارمەتی دەنکە هەنارەیان دا بۆ ڕێکخستنی ماڵە بچوکەکە. خێرا تەپ و تۆز و داوی جاڵجاڵۆکەکانیان پاککردەوە و جلە پیسەکان و قاپەکانیان شۆرد. دەنکە هەنارە مەنجەڵێك شۆربای بە تامی دروست کرد.لە کۆتاییدا هیلاك بوو و چووە قاتی سەرەوە بۆ ژووی نوستنەکە.حەوت جێگای خەوتنی بچوکی لێبوو هەموویان ناویان لەسەر بوو.

وتی"دکتۆر،دڵخۆش،پژمە،گرژ و مۆن،شەرمن،شەپ و شر و خەواڵو.چەند ناوێکی پێکەنیناوین. من کەمێك خەواڵووم."وە خەوی لێکەوت و لەسەر جێگا بچوکەکان پاڵکەوت.





کە حەوت کورتە باڵاکە گەیشتنەوەماڵەکەیان،بینیان پەنجەرەکان ڕووناك بوونەتەوە. گرژ و مۆن وتی"وشەکانم وەرگرن ،کێشەیەکی چاوەڕوان نەکراو هەیە."سەریان نا بە دەرگاکەوە، دواتر بە هێواشی چوونە ژوورەوە.

دکتۆر وتی"سەیر بکەن زەوییەکە پاککراوەتەوە!"

شەرمن وتی"داویی جاڵجاڵۆکەکانمان نەماون!"

"پەرداخەکەم شۆردراوە!"

"دەستشۆرەکە بەتاڵە!"

"شتێك ئەکولێت.بۆنی خۆشە!"

گرژ و مۆن هاواری کرد"دەستی لێمەدەن گەمژەکان!"

دکتۆر سەیری نهۆمی سەرەوەی کرد.وتی"ئەو لەسەرەوەیە".حەوت کورتە باڵاکە زۆر تورە بوون سەرکەوتن بۆ نهۆمی سەرەوە،ترسێکی تریان بۆ دروست بوو.بە بێدەنگی چوونە ژوورەوە کە دەنکە هەنارە باوێشکی دا و دەستی درێژ کردەوە بۆ ژێر لێفەکە.

دکتۆر لێفەکەی لێکردەوە.وتی"بەڵام هیچ دێوێك لێرە پاڵنەکەوتووە.ئەم ئەوە- ئەوە کچێکە."



دەنکە هەنارە لەخەو هەستا.ئەو هەستی کرد ئێرە هیچ منالێکی لێنەبوو.
وتی "ئۆه،بۆچی، ئێوە چەند پیاوێکی بچوکن! چۆنن؟دەستی کردبە ناوهێنان
یان"دکتۆر،شەرمن،خەوالوو،پژمە، دلخۆش، شەپ و شر و گرژومۆن."
گرژ و مۆن وتی"ئێمە ئەزانین خۆمان کێین.لێی بپرسن ئەوکێیە"
دکتۆر لێی پرسی "ئازیزەکەم تۆ کێی؟"
وتی"من دەنکە هەنارەم."
حەوت کورتە بالاکە بەهەناسە برکێوە وتیان دەنکە هەنارەی شازادە.



دەنکە هەنارە پاڕایەوە"تکایە دەرم مەکەن ".پێی وتن شاژن ئەیکوژێت
ئەگەر بچێتەوە بۆ مالەوە.وتی مالەکە تان بۆ ئەپارێزم .جلەکانتان بۆ
ئەشۆم،دروومانتان بۆ ئەکەم ،مالەکەتان بۆ پاك ئەکەمەوەو چێشتیشتان
بۆ لێ ئەنێم.
پیاوە بچوکەکان وتیان"چێشت؟".وتیان ئەو ئەتوانێت کێکی شاتوومان بۆ
بکات،ئەوان دلخۆش بوون.
حەوت کورتە بالاکە هاواریان کرد"هێی ئەو ئەمێنێتەوە!"
دلخۆش بوون، دەنکە هەنارە ڕایکرد بۆ نهۆمی خوارەوە بۆ ئەوەی
شۆرباکەی بشێوێنێت. دوای تۆزێك بانگی کردن"نانی ئێوارە ئامادەیە."





ئەو کاتە شاژنە شەڕخوازەکە بەپەلە چوو بۆ لای ئاوێنە جادووییەکەی.لێی پرسی"ئاوێنە جادووییەکە ئێستا کێ لە هەمووان جوانترە؟"
ئاوێنەکە وەڵامی دایەوە،"لەسەر حەوت گردی خشڵ،لەلای حەوت تاڤگە،لەماڵی حەوت کورتە باڵاکەیە ئەو دەنکە هەنارەیە،لە هەمووان جوانترە".
شاژن بە ئاوێنە جادوویەکەی وت دەنکە هەنارە مردووە.شاژن سنوقەکەی هێنا وەکو بەڵگەیەك.
ئاوێنەکە وەڵامی دایەوە"دەنکە هەنارە هێشتا ئەژی.ئەمە دڵی بەرازە بە دەستتەوە!"
شاژن بەپەلە چووە خوارەوە بۆ نهۆمی زەمینی.ویستی خۆی دەنکە هەنارە بدۆزێتەوە.شلەیەکی جادوویی تێکەڵ کرد بۆ ئەوەی خۆی بگۆڕێت بۆ ژنێکی پیری ناشیرین.خواردیەوە و وتی"دەی ئێستا گاریگەرییەکەت دەست پێبکە."



دەنگی شاژن گۆڕا بۆ ژنێکی پیر،قژی سپی بوو،دەستە ناسکەکانی چوونەوە یەك و بوون بە چنگ، دەم و چاوی چرچ بوو.هاواری کرد"ها ها !گۆڕانێکی نایاب."

گەڕا بەناو کتێبە جادووییەکەیدا بۆ ئەوەی لەناوی ببات هاواری کرد"ئاه سێوێکی ژەهراوی!خەوی مەرگ!"

"بەڵام چاوەڕێ بکە،ئەبێت دژە ژەهرێك هەبێت.ئەبێت هیچ شتێك لەبیر نەکەم.ئاه ئەوەتا. قوربانی خەوی مەرگ تەنها بە ماچی خۆشەویستەکەی هەڵئەستێتەوە.یەکەم ماچی خۆشەویستەکەی؟ ئەوە هیچ ترسێکی ناوێت!"

ژنە پیرەکە سێوێکی هەڵیکێشا لە شلەیەکی ژەهراوی.سێوە سورە درەوشاوەکەی خستە ناو سەبەتەیەکەوە.






لە کووخەکەدا،دەنکە هەنارە و حەوت کورتە باڵاکە ئاهەنگیان ئەگێڕا.دڵخۆش گۆرانی ئەوت کاتێ کورتە باڵاکانی تر هەموو جۆرەکانی مۆسیقایان دەژەند.شەپ و شڕ لەسەر شانی پژمە وەستا بوو بۆ ئەوەی بە پێی پێویست درێژ ببێت بۆ ئەوەی سەما لەگەڵ دەنکە هەنارە بکات. هەموو شتێك باش بوو هەتا پژمە لوتی گرت بۆ پژمین."ئا-ا-ا-ئاه-تچوو!"



بەیانی دواتر،حەوت کورتە بالآکە چوون بۆ ئیش.پێیان وت"لە بیرت نەچێت ئازیزەکەم، شاژن کەسێکی فێلبازە،کەواتە وریای نامۆکان بە."
دەنکە هەنارە بە دڵخۆشییەوە وتی"من باش ئەبم."هەروەها سەری شەپ و شڕ و هەموویانی ماچکرد کاتێك بە جێیان هێشت.



شاژنە شەڕخوازەکە پەلەی کرد لەڕێگەی دراستانەکە و وەستا کە گەیشتە کەناری ئاوەدانی.توانی دەنگە خۆشەکەی بەفرە سپی ببیستێت کە گۆرانی ئەوت کاتێك لە ناو کووخەکەدا ئیشی دەکرد.
شاژن وتی"ئەها! پیاوە بچووکەکان دوور ئەکەونەوە و ئەو بەتەنها ئەبێت..."

شـاژن چـووە لای پـەنجـەرەی کووخەکە و دەنکە هـەنـارەی بینی لە چێشتخانەکەدا ئیش دەکـات.وتـی "کێك دروسـت دەکەیت؟دەتەوەێت سێوەکانم تاقی بکەیتەوە؟" سێوە ژەهراوییەکەی دەرهێنا.
دەنکە هەنارە سەرسام بوو و کەمێك ترسا.باڵندەکان هەستیان بە شتێکی ترسناك کرد و فڕینە سەر پیرە ژنەکە،هەوڵیان دا دووری بخەنەوە.





دەنکە هەنارە هـاواری لێکردن"هێی هێی،"بەپەلە چوونە دەرەوە لە ماڵەکە."مەبەستتان چییە لە ئازاردانی خاتوونێکی پیر؟"ئەو ژنە پیرەکەی بردە ژوورەوە و داینیشاند.
باڵندەکان و ئاژەڵەکان بە ترسەوە سەیریان ئەکرد.بە جریواندن بە یەکتریان وت"ئێمە ئەبێت کورتە باڵاکان ئاگادار بکەینەوە لە کانەکە."ئەوان ڕۆشتن ئەوەندەی ئەیانتوانی خێرا ئەفڕین و ڕایان ئەکرد.



ژنە جادووگەرەکە سێوە سورەکەی هەڵگرت.پێی وت"من نهێنییەکت پێ ئەڵێم.ئەوە سێوێکی خواستراوی جادووییە."

"سێوێکی خواستراو؟"

قەپێکی لێبدە و هەموو خەونەکانت ئەبن بە ڕاست."ئێستا شتێك بخوازە و قەپێکی لێبگرە."

دەنکە هەنارەسێوەکەی وەرگرت،چاوی داخست،ئاواتی خواست شازادەکەی بیدۆزێتەوە و قەپێکی گەورەی لێگرت.

لەوکاتەدا ئاژەڵەکان گەیشتبوونە کانەکە.حەوت کورتە باڵاکەیان پاڵ ئەنا و دەنووکیان لێئەدان، بەڵام ئەوان نەیان دەتوانی تێبگەن چی شتێکی خراپ هەیە.لە کۆتاییدا خەواڵوو وتی" لەوە ئەچێت شاژنە پیرەکە دەنکە هەنارەی دۆزیبێتەوە !"

دەنکەهەنارە بە هەناسە برکێوە وتی"من سەرم گێژ ئەخوات." دەستی بە دیواری کووخەکەوە گرت شاژنە شەرخوازەکە بە تامەزرۆییەوە سەیری کرد.دەنکە هەنارە هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی،دواتر کەوتە سەر زەوی.سێوە ژەهراوییەکە کاری خۆی کرد.

ژنە پیرەکە"ها,ها.هەناسەی ئەوەستێت–خوێنی خەست ئەبێتەوە. ئێستا من ئەبم بە جوانترینی سەر زەوی."

کە حەوت کورتە باڵاکە گەیشتنە ئاوەدانی ژنە پیرەکە چووە ناو دارستانەکەوە.





حەوت کورتە باڵاکە دوای شاژن کەوتن.هەورە بروسکە دەستی پێکرد و باران بە لێزمە باری. شاژن سەرکەوت بەسەر شاخێکی بەرداوییدا.گرژ و مۆن هاواری کرد"ئەو لەوێوە ئەڕوات! .دوای بکەون."

شاژن بەرزتر و بەرزتر سەرکەوت.لە کۆتاییدا گەیشتە کەنارێك نەیتوانی زیاتر بڕوات.هاواری کرد"من ئێسکەکانتان تێك دەشکێنم".شاژن لقێکی وشکبووی گرتبوو،هەوڵی دا بەردێکی گەورە بخاتە خوارەوە بەسەر حەوت کورتە باڵاکەدا.

لە ناکاو هەورە بروسکەیەك دای لە شاخەکە.بەردەکە شکا و کەوتە خوارەوە بۆ دۆڵێك شاژنی بەرەو مەرگ برد.






حەوت کورتە بالآکە گەڕانەوە کووخەکە بۆ ئەوەی دەنکە هەنارە بدۆزنەوە بینیان لەسەر زەوییەکە کەوتووە،وا دەرئەکەوت مردبێت.ئەوەندە جوان بوو دڵیان نەهات بینێژن.لە جیاتی، تابوتێکیان لە ئاڵتون بۆ دروست کرد و لە دارستانەکەدا دایان نا.

هەموو ڕۆژێك گوڵیان بۆ ئەبرد و گیاندارەکانی دارستانەکە سەردانیان دەکرد.

کاتێك،خەڵك بیستیان کچێکی جوان لە دارستانەکەدا پاڵکەوتووە.هەروەها شازادەش لە بارەی کچەکەوەی بیست.ئەو بڕیاری دا خۆی سەیرێك بکات.



دوای کەمێك شازادەکە گەیشتە تابوتەکە،زانیی ئەوە کچە جوانەکە بووە لە باشترین خواستەکانی.دابەزی و ماچێکی دەنکەهەنارەی کرد،دواتر بە بێدەنگی سەری چەماندەوە کردەوە.

لە ناکاو چاوی دەنکە هەنارە کرایەوە.باوێشکێکی دا و هەستا،و سەری سورما چاوی بە چاوی ئەو شازادەیە کەوت کە خۆشیدەویست.بە دڵخۆشییەوە لە ئامێزی گرت.حەوت کورتە باڵاکە دەستیان کرد بە سەما کردن و ئاژەڵانی دارستانەکە دڵخۆش بوون.

دەنکە هەنارە هەر حەوت کورتە باڵاکەی ماچکرد وماڵئاوایی لێکردن.شازادە دەنکە هەنارەی هەڵگرت بۆ سەر ئەسپە سپییەکەی و گەڕانەوە بۆ کۆشکی شازادەکە.لەوێ هاوسەر گیریان کرد و دواتر بە خۆشی ژیان.






# ڕۆبن هود







رۆبن هوود لەگەڵ پیاوە رووخۆشەکاندا لە دارستانی شێروود ئەژیا.هەندێ کەس ئەیانوت ئەو پاڵەوانە.ئەوانی تر پێیان ئەوت چەتە.بۆچی؟ چونکە لە دەولەمەندەکانی ئەدزی و بەسەر هەژارندا دابەشی دەکرد.
رۆژێك رۆبن و هاورێکەی عارەبانە ئالتونییەکەی پاشا ریچاردیان بینی لەو ناوەدا.بەڵام پاشا دوور بوو لەو شوێنە ئەو لە جەنگ بوو.لە جیاتی،برا شەرخوازەکەی بوو بە پاشا،شازادە جۆن وەکو پاشا دەردەکەوت.
بینینی ئەو لەوێ بیرۆکەیەکەی لەلای رۆبن دروست کرد.



ڕۆبن و جۆنی بچووك خۆیان گۆڕی وەکو خانمێکی بەختگرەوە.دواتر ڕایانکرد بە دوای گالیسکەی شاهانەدا.ڕۆبن هاواری ئەکرد"پێشبینی کردنی بەخت،ملوانەکەی بەخت."

لەناو گالیسکەکەدا،شازادە جۆن وەرس بوو لە ژماردنی پارەکانی.زیاتر وەرس بوو لەگەڵ بەڕێز هیسس،ئەو مارەی کە خزمەتی ئەکرد.بەڕێز هیسس هەموو ژیانی بەسەر برد بۆ دڵخۆشکردنی شازادە، بەڵام هەمیشە ئەوی تورە ئەکرد لەجیاتی دڵخۆشکردنی.ئەمڕۆ،بەڕێز هیسس بەڕێکەوت پاشا ڕیچاردی بیر هێنایەوە.شازادە جۆن وتی"ئەی ماری گەمژە من پێم وتیت هەرگیز ناوی براکەمم بیرمەهێنەرەوە." کەمێك دواتر شازادە جۆن بەخت گرەوەکانی بینی و ئامادە بوو بۆ هەندێك خۆشی. بەڕێز هیسس هەوڵی دا ئاگاداری بکاتەوە بەخت گرەوەکان لەوە ئەچێت چەتەکان بن." تۆ دواین فسکە فسکی خۆتت کرد ئەی ماری گوماناوی."شازادە جۆن بەڕێز هیسسی سەرزەنشت کرد و لەناو سەبەتەکەیدا بەستییەوە.شازادە جۆن فەرمانی بە پیاوی گالیسکەکە کرد بوەستێت.بە ڕۆبن و جۆنی بچووکی وت"وەرنە ژوورەوە."





ڕۆبن و جۆنی بچووك تۆپە کریستاڵەکیان دەرهێنا و لە شوێنێکی باشدا دایان نا بۆ ئەوەی پیشانی شازادەی بدەن.بە تەواوی ئەیانزانی سەرنجی ڕابکێشن.

شازادە جۆن چاوی بڕییە ناو تۆپە کریستاڵەکە، هەروەها دڵخۆش بوو بە بیرۆکەی دەوڵمەندەکان و هیچ گرنگی نەدا بە فسکە فسکەکە کە لەناو سەبەتەی مارەکەدا بوو.بەڕێز هیسس هەستی کرد ئەمە فێڵە.

بەڕێز هیسس فسکە فسکی زیاتری ئەکرد کاتێك ڕۆبن تورەکە ئاڵتونەکانی بەڕێز جۆنی هەڵگرت و بە بێدەنگی ڕۆشت.مارەکە کلکی دەرهێنا و درزێکی کردە سەبەتەکەوە و هەوڵیدا خۆی هەڵبواسێت بە ئاڵتونەکەوە بەڵام شکستی هێنا.

ڕۆبن بە ئاڵتونەکەوە لە عارەبانەکە بازی دا،تەنها وەستاندنی زۆر بەسە بۆ بردنی کۆتە سەرنج ڕاکێشەکەی پشتی شازادە جۆن.
لەوکاتەدا،جۆنی بچوك سندوقە داخراوەکەی تێکشکاند بۆ ئەوەی پارەی زیاتر دەربهێنێت،لە ژێر لوتی هەڵگرەکانەوە ئەیاندزی کە بۆ پاسەوانی دانرابوون.
دواتر جۆنی بچوك تایەکانی ژێر عارەبانە ئاڵتونییەکەی کردەوە.





کاتێك شازادە لە کۆتاییدا هەستی کرد فێڵی لێکراوە،زۆر تورە بوو.شازادە تورەکە هاواری کرد"من تالآن کراوم."

ڕۆبن هوود و جۆنی بچوك پێشتر ڕایان کردبوو.شازادە جۆن فەرمانی بە پاسەوانەکانی کرد دوایـان بکەون،بەڵام عارەبانەکە زۆر دوور نەڕۆشت تایەکانی لێبوونەوە.



عارەبانەکەی شازادەیەکی کەوت،شازادە جۆن هیچ هیوایەکی نەبوو بۆ گرتنی دزەکان.
پێویست بوو لەسەری بێ یارمەتی بمێنێتەوە،تەنها جلی ژێرەوەی لەبەردا بوو،ڕۆبن و جۆنی بچوك چوونە ناو دارستانەکەوە،هەردووکیان پارە و خشڵیان بارکرد.



بە تێپەڕبوونی كات شازادە جۆن گەڕایەوە بۆ كۆشكەكەكەی،ئەو تورە بوو. ئەو ناردی بە دوای متمانە پێكراوەكەیدا،پۆلیسە شەرخوازەكەی نۆتینگهام.ئەو ئیشی كۆكردنەوەی باج بوو، وە زۆر باش بوو تێیدا.ئەیتوانی بە بۆن ئاڵتون بدۆزێتەوە لە كاتێكدا شاردرابووەوە.

بۆ نمونە،ئاسنگەرێكی هەژار هەوڵی دا هەندێك لیرە بشارێتەوە لە ناو قاچیدا،بەڵام پۆلیسەكە قاچی ئاسنگەرەكەی گرت و ئاڵتونەكەی دەرهێنا.قەشە تەك ویستی بیوەستێنێت بەڵام نەیتوانی.

كاتێك شازادە جۆن بڕیاری دا تۆڵەی خۆی لە ڕۆبن بكاتەوە بە كۆكردنەوەی باج،پۆلیسەكە زیاتر دلخۆش بوو بۆ یارمەتی دانی.

سەركردایەتی كرد بۆ ماڵی سكیپیی.

ئەوە ڕۆژی لە دایکبوونی سکیپی بوو،وە خوشکەکانی هەموو ساڵەکەیان تەرخان کردبوو بۆ ئەوەی لیرەیەکی ئاڵتونیی بدەنێ.
پۆلیسەکە پێی وت"جەژنی لە دایکبوونت پیرۆز بێت".لیرەکەی برد و ڕۆیشت،سکیپی بە فرمێسك بە جێ هێشت.
خۆشبەختانە،ڕۆبن هوود دوای چەند خولەکێك دەرکەوت.سکیپی لە گریان وەستا کە ڕۆبنی بینی ئاڵتون و هەندێ دیاری تایبەتی بۆ هێنا-تیر و کەوانێك!







بە تەواوی هەموو کەسێك دڵخۆش بوو بە پاڵەوانێتی تیرە ئاڵتونییەکان.باشترین تیرهاوێژ لە شانشینەکە ماچێك ئەکرێت لە لایەن کچە جوانەکەوە ماریان.
ڕۆبن ماریانی خۆشدەویست،سەرەڕای ئەوەش ئەترسا لەوەی کە ماریان لە خێزانێکی پلە بەرز لە دایك بوو بوو،نایەوێت هەرگیز لە دەرەوەی یاسا هاوسەرگیری بکات.
بڕیاری دا خۆی بگۆڕێت بۆ لەقلەق و بەشداری پاڵەوانێتییەکە بکات.ویستی ماچەکەی ماریان بباتەوە،وە شازادە جۆن نەدەبوو هەرگیز ئاگادار بێت.
ڕۆبن ئەوەی نەدەزانی شازادە جۆن پاڵەوانێتییەکەی وەکو تەڵەیەك بە کار دەهێنا.هەموو کەسێك دەیزانی ڕۆبن هوود باشترین تیرهاوێژ بوو لەناوچەکەدا.
بە کۆتایی ڕۆژ،تەنها دوو تیر هاوێژ مانەوە لەقلەقەکە و پۆلیسەکە.
دوایی لەقلەقەکە دواین تیری هاویشت.



ماریان دڵخۆش بوو،زانیی لەقلەقەکە کەسی تر نییە جگە لە ڕۆبن هوود.وە ڕۆبن نەیدەزانی ماریان خۆشی دەوێت.
شازادە جۆن وتی"تیر هاوێژ،من پێت سەرسام بووم،هەرەوها لەبەر لێهاتوویت و گەورەییت،تۆ ئەتەوێت چیت دەست بکەوێت."
کاتێك ڕۆبن چەمایەوە،شازادە جۆن شمشێرێکی دا لە جلەکانی ڕۆبن.شازادە جۆن هاواری کرد" بیگرن!"
پۆلیسەکە ڕۆبنی ڕاونا.
ڕۆبن زانیی کاتێك دادپەروەری ئەبێت پاشا ریچارد بگەڕێتەوە.هەروەها بە ئازاییەوە وتی" ژیانێکی درێژ بۆ پاشا ریچارد."





بیرهێنانەوەی ناوی پاشا، شازادە جۆنی تورە کرد و بازی دا لەسەر تەحتی پاشایەتییەکەی. دوایی هەستی کەسێك شمشێرێکی لەسەر پشتی داناوە. ئەوە جۆنی بچوك بوو خۆی گۆری بوو بۆ میرێکی قەڵەو.

جۆنی بچوك وتی "پێی بڵێن هاورێکەم ئازادبکات ئەگینا... !"

شــازادە هیچ هەڵبژاردنێکی تــری نــەبــوو.رۆبـن وجۆنی بچوك دووبــارە بەزاندیان.

بەڵام دوانەکەی دەرەوەی یاسا پێو یست بوو شەرێکی پیس بکەن لەگەڵ پاسەوانەکاندا پێش ئەوەی رابکەنەوە بۆدارستانەکە. رۆبن هود دەستی بەرز کردەوە بۆ ماریان وچووە وە ناودارستانەکە.



کە گەڕانەوە بۆ کۆشك،شازادە جۆن تورە بوو.وە زۆربەی کات بەڕێز هیسسی ئەکردە دەرەوە. بەڵام ئەم جارە مارەکەی گوشی هەتا سەوز هەڵگەڕا.
شازادە وتی"دوو ئەوەندە باج،سێ ئەوەندە باج!هەموو ئەم جووتیارە پیسانە بگرن."
ئیتر شازادە باجی بەرز کردەوە و پۆلیسەکە بە دڵخۆشییەوە دەستەکەی ڕێکخست بۆ ئەوەی خەڵکە هەژارەکەی نۆتینگهام هەژارتر بکات.لە کۆتاییدا تەنها یەك لیرە مابووەوە لە سندوقی پەرستگاکەدا.پۆلیسەکە ئەوەشی برد.
قەشەکە هاواری کرد"تۆ ئەی پۆلیسی دز".زۆر تورە بوو و بە مشتەکۆڵە هەڵیکوتایە سەر پۆلیسەکە.ئەوە بوو بە بیانوویەك بۆ پۆلیسەکە کە چاوەڕێی بوو.قەشەکەی خستە زیندانەوە.





سەرئەنجام،شازادە جۆن دڵنیا بوو تەڵەیەکی نایابی هەیە بۆ ڕۆبن هوود.زۆر دڵخۆش بوو و مشتە کۆڵەیەکی دا لە مێزەکە.بەڕێز هیسس ترسا.

شازادە وتی" من ئەو قەشە قەڵەوە ئەکەم بە تەڵەیەك بۆ ئەوەی ڕۆبن هوود بگرم.کاتێك پاڵەوانەکەمان ئەیەوێت قەشەکە قەڵەوەکە ئازاد بکات،پیاوەکانم ئامادە دەبن."

بەریز هیسس لە ترسدا ئەلەرزی.

هەواڵەکە خێرا بڵاو بوویەوە،وە زۆری نەخایاند ڕۆبن هوود لە بارەی بەند کردنی قەشەکەوە شتی بیست. ئیتر بە شێوازێکی نوێ خۆی گۆڕی و سەرکردایەتی جۆنی بچوکی کرد بۆ کۆشکەکە.

پاسەوانەکە وتی"کێ لەوێوە ئەڕوات؟".

ڕۆبن هاواری ئەکرد"خێر بۆ ئەم هەژارە"،وەکو پیاوێکی کوێر خۆی گۆڕی بوو.پاسەوانەکە وایزانی ڕۆبن سواڵکەرێکی ئاسایی بوو،وە ڕێگەی دا بڕوات. ڕۆبن جلە سواڵکەرانەکەی داکەند و جلی پاسەوانی لەبەر کرد.دوایی ئەو و جۆنی بچووك چوونە ناو کۆشکەکە بۆ دۆزینەوەی پۆلیسەکە.



پۆلیسەکە ئەرکی پاسەوانەکەی وەرگرت،بەڵام ڕۆبن ئەوی دۆزییەوە کاتێك خەوتبوو لە دەرەوەی دەرگاکە ڕۆبن دەستی درێژ کرد بۆ کلیلەکان.
دوو پاسەوان دوایان کەوتن.جۆنی بچوك لە تەنیشتەوە بازی دایە سەر پاسەوانەکان،وە دواتر وەکو قەل بەرز بوونەوە.
لەو کاتەدا، ڕۆبن کلیلەکانی دەرهێنا،وە هەڵیدا بۆ هاورێکەی.ڕۆبن وتی "ئێستا تۆ قەشە و ئەوانی تر ئازاد بکە،من ئەچم بۆ خەزێنەی شاهانە."
جۆنی بچوك ئەو ژوورەی دۆزییەوە کە پڕ بوو لەو هاوڵاتیانەی نەیانتوانی بوو باج بدەن.خێزانی کەروێشکەکەش لە زیندان بوون بەڵام کەس لە قەشەکە دڵخۆشتر نەبوو بە بینینی جۆنی بچوك.







لەژووری نوستنی شاهانەدا هەمووان بێدەنگ بوون.شازادەجۆن خەوتبوو و تاجەکەی لەسەریدا بوو.بەتوندی باوەشی ئەکرد بەدوو کیسە ئاڵتوندا،خەونی دەبینی کەرۆژ ێك بێت هەموو پارەی جیهان هی ئەو بێت.کیسەی زیاتری ئاڵتوون لەژوورەکەدا کۆبووەوە.

بەڕێزهیسس وا دیار بوو خەوتبوو لەبێشکەکەیدا،چاوە تیژەکانی داخست.کەسیان ئاگادار نەبوو کاتێ ڕۆبن بە بێدەنگی چووە ژوورەوە.

سەیری کرد خەوتوون،پلانێکی نایابی بە مێشکدا هات.

بەوریاییەوە ڕۆبن گوریسێکی درێژی بەست بەکۆتایی تیرەکەیەوە دوایی تیرەکەی هەڵدایە دەرەوەی پەنجەرەکە،نیشانەی لەو شوێنە گرت کە جۆنی بچوك وقەشەو هاورێکانی چاوەڕێ بوون.

ڕۆبن زۆر بەبێدەنگی،کیسە ئاڵتوونەکانی شازادە جۆنی کرد بەگوریسەکەوە،دانە دانە ناردی بۆهاورێ چاوەڕێکانی.





کە بەخێرایی کیسەئاڵتوونەکان ئەڕۆشتن،جۆنی بچووك وقەشە لەگوریسەکەیان ئەکردنەوە کاتێ زیندانییەئازادکراوەکان بەدڵەڕاوکێوە چاوەڕێیان ئەکرد.

ڕۆبن بە بێدەنگی دواین کیسە ئاڵتوونەکانی هەڵئەگرت ڕاست لەژێر لوتی شازادە جۆن کاتێك دەنگێکی کەم هات بووە هۆی ئەوەی بەڕێزهیسس چاوی بکاتەوە.

ڕۆبن هوود کاتی زۆر کەم مابوو بۆئەوەی خۆی هەڵبواسێت بەگور یسەکەوە،پێش ئەوەی شازادە جۆن و بەڕێز هیسس ئاگادرا بنەوە ، شازادە جۆن هاواری کرد"ئەوان بە ئاڵتونەکانمەوە ڕائەکەن."شازادە و بەڕێز هیسس هەرچەندە هەوڵیاندا نەیانتوانی بگەن بە ڕۆبن.





بەڕێز هیسس کلکی بە دەوری پاژنەی شازادە جۆنەوە بوو و شازادە جۆن دەستی گرت بوو بە جێگای نووستنەکەیەوە،ئەوەندەی توانیی خۆی درێژ کرد.بەڕێز هیسس هەوڵی دا دوایین کیسە ئاڵتون بە کەلبەکانی بگرێت،بەڵام کیسەکە دڕا و ئاڵتونەکە کەوتە سەرزەوی، ئەو شتەی شازادە جۆن لێی دەترسا.

هێشتا،شازادە جۆن هاواری کرد تیرهاوێژی کۆشکەکە ئاگادار بکەنەوە.ئەوان تیرەکانیان هەڵدا بۆ ڕۆبن،جۆنی بچوک ڕایکێشا بۆ ئەوەی سەلامەت بێت.





رۆبن گوریسەکەی نارده خوارەوە بۆ دەستی جۆنی بچوك.بەڵام هێشتا هاورێکانی لە مەترسیدا بوون.پۆلیسەکە لە کۆتاییدا خەبەری بووەوە وپاسەوانەکانی بانگ کرد.

رۆبن وتی"بەردەوام بن لە رۆیشتن خەمی منتان نەبێت!" ئەو رووبەرووی پۆلیسەکە بوویەوە.


قەشەکە و جۆنی بچوك و زیندانییەکان بە ئاڵتونەکەوە رایانکرد بۆ پردەکە بە ئاڵتونەکانەوە.

لەو کاتەدا رۆبن سەرکەوت بەسەر دیواری کۆشکەکەدا،پۆلیسە شەرخوازەکە و دەستە تیرهاوێژەکەی ئامادە بوون.

پۆلیسە شەرخوازکە هاواری کرد "گرتمان!"

دواتر پۆلیسەکە هەڵخلیسکا و ئاگرەکەی دەستی بەر پەردەکان کەوت و ئاگرێکی دروست کرد.





ئاگرەکە لە پەردەکانەوە زیاد بوو هەتا هەموو کۆشکەکەی گرتەوە.دوای ئەوەی هەموو کۆشکەکەی گرتەوە،ڕۆبن لەناو کۆشکەکەوە خۆیهەڵدایە ناو رووبارەکە،لە ناو رووبارەکەدا لە ژێر تیرەکاندا مەلەی دەکرد،هەوڵی دا رابکاتەوە بۆ دارستانەکە.

لەو کاتەدا،جۆنی بچوك زیندانییە ئازاد کراوە کان و ئاڵتونەکەی بارکردە ناو گالیسکەیەك و خێرا ڕۆشتن بۆ شوێنێکی سەلامەت.

کۆشکەکەی شازادە جۆن و خەونەکانی لە ناو ئاگردا بوون،وە سامانەکەی دزرا تەنها یەکێك ئەیتوانی تورەیی خۆی تیا بەتاڵ بکاتەوە بەڕێز هیسس بوو.



ئـەو شــەوە خۆشییەکی زۆر هـەبـوو لـە دارستانی شێروودا.هەمووان ڕۆبنیان هاندەدا،هەتا سکیپی.
دوای چەند ڕۆژێـك هەموو زەنگەکان لە وڵاتدا لێدران بۆ ڕاگەیاندنی هاتنەوەی پاشا ڕیچارد. ئەو دەیویست دادپەروەری بگەڕێنێتەوە زەوییەکە.
قەشە تەك چوو بۆ ئەوەی پرسیارێکی زۆر گرنگ لە پاشا ڕیچارد بکات.ڕۆبن ئەتوانێت هاوسەرگیری لەگەڵ خوشکەزای پاشا بکات (ماریان)؟
پاشا ڕیچارد هاواری کرد"چیییی؟".یەکەم جار دڵنیا نەبوو بەڵام دواتر ڕازی بوو.ئەوە وا ئەگەیەنێت من یاسا شکێنێکم هێناوەتە ناویاسا.خراپ نییە.
دواتر خواستە نهێنیەکەی ماریان بوو بە ڕاست.ئەو شووی کرد بە خۆشەویستەکەی(ڕۆبن) و دواتـر بە خۆشی ژیان بۆ هەتایە.
هەموو نۆتینگهام ئاهەنگیان لەگەڵدا گێڕان.



# سەندرێلا





هەبوو نەبوو،لەشانشینێکی دوور،کچێکی گەنج دەژیا ناوی سەندرێلا بوو.لەکۆشکێکدا دەژیا لەگەڵ زڕدایکی ودوو زڕ خوشکیدا،ئاناستاسیا و دریزیلا.

سەندرێلا بەخشندە وجوان بوو،لە کاتێکدا زڕخوشکەکانی ناشرین وخۆپەرست بوون.زڕدایکی سەندرێلا سەندرێلای خۆش نەدەویست.سەندرێلا هەمووئیشەکانی ماڵی ئەکردو لەهەورەبان دەخەوت.

بەڵام سەندرێلاهەمیشە بەڕویەکی گەشەوە لە ژیانی دەڕوانی.ئیشەکانی بەدڵخۆشیەوە ئەکرد و هاوڕێیەتی مشکەکان و باڵندەکانی دەکرد.

ئێستا،پاشای وڵات هیواداره کوڕەکەی هاوسەرگیری بکات ونیشتەجێ ببێت. بەڵام کوڕەکەی چۆن بتوانێت کچێکی باش بناسێت؟پاشا بیرۆکەیەکی نایابی هەبوو:ویستی ئاهەنگێك بۆکوڕەکەی بگێڕێت."ئەگەر هەمووکچە شیاوەکانی شانشینەکەم لەوێ بن...."

بەیانییەك نامەبەری کۆشك لە دەرگای ماڵی سەندرێلا دەرکەوت بەبانگهێشت نامەیەکی تایبەتەوە .





زڕدایــکــی بـانـگـهێـشـت نـامـەکـەی دەخوێندەوە "ئاهەنگێگ ! بۆ ڕێزگرتن لەشازادە،وەبەفەرمانی شاهانە ئەبێت هەموو کچێکی شیاو ئامادە بێت."

سەندرێلاوتی"کەواتە،منیش ئەتوانم بچم."

زڕخوشکەکانی پێکەنین.دواتردەستیان کـردبـەلاسـایـی کـردنـەوەی سـەنـدرێـلا لـەئـاهـانـگـەکـە"مـن ئـەبم بـەجـێـگـای ڕێـزخـاوەنـشـکـۆ ئـەتـەوێـت گـسکەکەم هەڵبگریت؟"

سەندرێلا بەبێ هیوایی وتی"بۆچی نا؟پێش هەموو شتێك من هێشتا ئەندامێکی ئەم خێزانەم"



زڕدایکی وتی "باشە.من هیچ هۆکارێك نابینم بۆناتوانیت بڕۆیت.ئەگەر هەموو ئیشەکانت بەباشی بکەیت."


زڕخوشکەکانی سەندرێلا دڵگران بوون وتیان "دایکە ئەزانیت چیت وت؟"

زڕدایکی بە فێڵبازییەوە وەڵامی دانەوە "بێگومان وتم ئەگەر...."

زڕخوشکەکانی سەیری یەکتریان کرد و وتیان "ئۆه،ئەگەر!"

وە بێگومان، سەندرێلا دەچێت جلێکی گونجاو بدۆزێتەوە بۆ ئاهەنگەکە لە بەری بکات. بەپەلە چوو بۆ هەورەبانەکە بۆ ئەوەی بزانێت چی ئەدۆزێتەوە.





لە ژوورەکەیدا،سەندرێلا دۆلابێکی کۆنی کردەوە و جلێکی دەرهێنا مشکەکان سەیریان دەکرد. سەیری ئاوێنەکەی کرد و پرسیی"ئەوە جوان نییە؟ ئەمە هی دایکم بوو."

سەندرێلا وتی"ئۆه،چارەسەرم کرد من پێویستم بە عەبایەك و ملوانەکەیەکە."

دوایی زرخوشکەکانی بانگیان کرد"سەندرێلا!"

مشکەکان وتیان"سەندرێلای داماو".هەموو کاتێك خولەکێکی دەست دەکەوێت ئەوە ئەو کاتەیە ئەوان دەست پێ ئەکەن.



سەندرێلا وتی" ئۆه،باشە ئەبێت جلەکانم دیاری بکەم پێویستە چاوەڕێ بکەم".دواتر هاواری کرد بۆ خوارەوە بۆ لای زڕخوشکەکانی.بەپەلە لە هەورەبانەکە چووە خوارەوە"باشە ئەوە هاتم."

جاك هاواری کرد"ئەیبینن،ئەوان چارەی دەکەن ئەو هەرگیز عەزییەکەی تەواو ناکات."

سەندرێلا زڕدایکی بینی لە هۆڵی پێشەوە لەگەڵ ئاناستاسیا و دریزێلا.پێیان وت هۆڵەکە بشوات،لە کاتێکدا ڕۆژێك پێشتر پاکی کردبووەوە.

زڕدایکی وتی"پێش ئەوەی دەست بکەیت بە ئیشی ڕۆژانەت هەندێك ئیشی بچوکم پێت هەیە."

ئاناستاسیا و دریزێلاش هەندێك ئیشی زیادەیان بۆ دۆزییەوە.ویستیان جلی ئاهەنگەکەیان بۆ ئوتو بکات و قژیان بۆ لوول بکات بۆ ئاهەنگەکە،دوای پاککردنەوەی ئاگردانەکە و شۆردنی قاپەکان و شۆردنی جلەکان.

سەندرێلا هیچ هەڵبژاردنێکی تری نەبوو. بە درێژایی ڕۆژ ئیشی کرد، بەخەمباری بیری لە جلەکانی دەکردەوە لە هەورەبانەکە.





ئەوکاتە، مشکەکان و باڵندەکان ئیشیان لەسەر جلەکانی سەندریلا دەکرد.

جاك و هاوڕێ تازەکەی(گەس) چوونە خوارەوە بۆ ژووری زرخوشکەکانی بۆ ئەوەی بزانن چی دەدۆزنـەوە.دوو خوشکەکە ئەچوون بەرەوە لای دۆلابەکەیان.

ئاناستاسیا هەندێ قوماشی هەڵدایە سەر زەوییەکە و وتی " ئەم پەڕۆ کۆنانە."

دواتر دریزێلا هەندێك مورووی هەڵدایە سوچێکەوە.

گەس و جاك مورووەکانیان بردە سـەرەوە بۆهەورەبانەکە،پشیلەکە (لوسیفەر) ڕاست لە دوایانەوە بوو. کاتێك مشکەکانی تر بینییان گەس و جاك چییان دۆزیوەتەوە دڵخۆش بوون.










لە کۆتایی ڕۆژدا،سەندرێلا هێشتا خەریکی ئیش کردن بوو.دریزێلا ویستی سەندرێلا یارمەتی بدات جلەکان دانە بە دانە تقی بکاتەوە.هیچیان نەیانتوانی خۆیان وەکو سەندرێلا جوان بکەن.


لە کۆتاییدا دوو خوشکەکە چوونە نهۆمی خوارەوە،زۆر دلخۆش بوون.

سەندرێلا بە هێواشی چووە سەرەوە بۆ هەورەبانەکە وتی"من نارۆم،باشە ئاهەنگی شاهانە چییە؟" بەلام کاتێك دەرگاکەی کردەوە چاوەکانی وەکو ئەستێرە درەوشانەوە.



مشكەكان و باڵندەكان هاواریان كرد"سوپرایز".ئەوان زۆر بەپەلە بوون بۆ ئەوەی بە جلە جوانەكانەوە بیبینن،وە ئەوان زۆر سەربەرز بوون بە هەموو ئیشەكانیان.

سەندرێلا وتی"بۆچی،هەرگیز خەونم پێوە نەبینیوە،ئەمە تەنها شتێكی لە ناكاوە. من چۆن بتوانم... بۆچی...ئۆه زۆر سوپاس بۆ ئێوە." ئەو زۆر بە قورسی توانیی بڕوا بكات دوای هەموو شتێك ئەتوانێت بچێت بۆ ئاهەنگەكەی شـازادە! جلە كۆنەكانی داكەند و جلە تازەكانی لەبەر كرد.لە بەردەم ئاوێنەكەدا سورایەوە. كە بەپەلە چووە دەرەوەی دەرگاكە ماچی بۆ هاورێ بچوكەكانی هەڵدا.



لە نهۆمی خـوارەوە، ئاناستاسیا و دریزێلا کۆتا خولەکیان بوولەلایەن دایکیانەوە سەیر دەکران. گالیسکەکە لە دەرەوە چاوەڕێی دەکردن.
زردایکی دەیوت"کاتێك بۆ بۆ شکۆمەندی ئەو،،دڵنیابن–"ئەو وەستا و هەناسە برکێی بوو.نەیتوانی باوەڕ بەچاوی بکات،ئەوەی لەپلیکانەکەوە دێتە خوارەوە سەندرێلایە،لەهەموو کات جوانترەوجلێکی سەرنج ڕاکێشی لەبەردایە !
سەندرێلا وتی" تکایە چاوەڕێ بکەن!"لەقادرمەکانەوە ڕایکدە خوارەوە و دەستی بە عەزییەکەیەوە گرت بوو.پرسی"ئەمەجوان نییە؟ئێوەبەدڵتانە؟"
دریزێلا و ئاناستاسیا بۆماوەیەك چاویان تێ بڕی،سەرسام بوون.وتیان"دایك ە،نا!ئەوناتوانێت بڕوات!شتێك بکە!"
زردایکی وتی"کچینە!کچینە "بە هێواشی دەستی گرت. ڕووی کردە سەندرێلا و وتی"دوای هەمووشتێك ئێمە ڕێککەوتنێکمان هەبوو،وانییە؟"


ئەو چاوی بڕییە سەندرێلا و وتی"ئۆه چەند زیرەکیت...ئەم موروانە–چەندە لێت دێن، دریزێلا تۆش وانازانیت؟"

دریزێلا قیژاندی"نەخێر وانییە!"."ئەوان...ئەوان...بۆچی، تۆ ئەی دزی بچوك.ئەوانە موروەکانی منن.بیهێنە ئێرە!".ئەو موروەکانی لە ملی سەندرێلا کردەوە.

ئاناستاسیا هاواری کرد"سەیر بکە ئەوە عەزییەکەی منە، ئەو عەزییەکەی منی لەبەردایە"! عەزییەکەی دراند و مشکەکان سەیریان دەکرد.

سەندرێلا هاواری کرد"نا،بوەستە."هەوڵی دا پارێزگاری لە خۆی بکات.بەڵام ئاناستاسیا و دریزێلا جلەکانیان دراند.جلەکانی لە جلی ئیشی خراپتربوو.

زڕ دایکی بە فێڵ بازییەوە وتی" کچینە!ئەمە بەسە،ئێستا هەردووکتان پەلە بکەن." هەرسێکیان چوونە لای دەرگاکە بۆ لای گالیسکە چاوەڕوانەکە و سەندرێلایان بە خەمباری لە هۆڵەکەدا بە جێ هێشت.







سەندرێلا خێرا چووە باخچەكەوە و خۆی دا بەسەر كورسییەكدا و ئەگریا.ئەوە زۆر نادادوەرانە بوو! ئەو هەمیشە بڕوای بە خەونەكانی هەبوو. وە ئەوە خۆشترین خەونی بوو.بۆ ڕۆیشتن بۆ ئاهەنگەكە،بۆ لەبەر كردنی جلێكی جوان و سەما كردن وەكو كچانی تر!

سەندرێلا بە گریانەوە وتی"من ناتوانم بڕوا بكەم،هیچ شتێك نەماوە بڕوای پێبكەم."




مشکەکان بە خەمباری دەیانڕوانی.جاك و گەس دەیانزانی زرخوشکەکانی سەندریلا نەیانویست بڕوات بۆ ئاهەنگەکە،بەڵام زۆر بە قورسی توانییان بڕوا بکەن کەس بتوانێت ئەوەندە دڵرەق بێت.
هەموو ئاژەڵەکان خەمبار بوون.ماجۆر ئەسپە پیرەکەی گالیسکەکە،وە سەگەکە(برونۆ) هەوڵیان دا سەندریلا دڵخۆش بکەن.
هەندێ شتی نامۆ لە هەوادا دەبریسکایەوە!
زۆر زوو خانمێکی ڕووخۆشیپیر دەرکەوت و لە لایەکی کورسییەکە دانیشت، دەستی ئەهێنا بە قژی سەندریلادا و دەیوت" تۆ لەوە ئەچێت نەتوانیت بڕۆیت بۆ ئاهەنگەکە! بەڵام ئێمە پێویستە پەلە بکەین..." سەندریلا وتی" بۆچی،دواتر کەواتە تۆ دەبێت_" بێگانەکە بە زەردەخەنیەکەوە وتی"بێگومان،جادووگەر میهرەبانەکەت!"





جادووگەرەکە وتی" با ئێستا ببینین." بە دەست ڕاوەشاندنێك جادوویەکی دروست کرد! شەمامەیەکی دۆزییەوە بۆ گالیسکە ومشکەکانی هاوڕێی سەندریلای کرد بە ئەسپ.ئەسپەکە (ماجۆر) بوو بە پیاوی گالیسکە،وە برونۆ بوو بە خزمەتکارێك.





جادووگەرەکە وتی"باشە،هیوا خوازبە،ئازیزەکەم ئێمە ناتوانین کات بە فیڕۆ بدەین."

سەندریلا سەیری جلەکانی کرد "بەڵام..."

جادووگەرەکە وتی"ئێستا هەوڵ مەدە سوپاسم بکەیت..."

"من مەبەستم...بەڵام...بیر لە جلەکانم ناکەیتەوە..."

"بەڵێ،بەڵێ،ئازیزەکەم،ئەوە جوانە-"لە ناکاو جادووگەرەکە چاوی کردەوە."ئەی خوایە ئازیزەکەم ئێستاش ناتوانیت بڕۆیت!"

جادووگەرەکە سەندرێلای بە دارەکەی پێوا و وتی"چی عەزییەك بۆ ئەمە ئەبێت!" ڕووناکی ئەستێرە بە دەوری سەری سەندرێلادا دەسورایەوە.ئەوە بەخێرایی نەما،ئەو عەزییەکی درەوشاوەی ئاهەنگی لەبەردا بوو.

سەندرێلا وتی"ئۆه" وە سورایەوە."تۆ هەرگیز جلێکی وا جوانت بینیوە؟وە پێلاوی شووشە! ئەوە لە خەون دەچێت!"

"باشە... بەڵام وەکو هەموو خەونەکان،من لەوە ئەترسم ئەمە بۆ هەتا هەتایە نابێت.تۆ تەنها هەتاوەکو نیوەشەو کاتت هەیە و دواتر...جادووەکە نامێنێت..."

سەندرێلا جادووگەرەکەی ماچکرد و وتی" ئەمە لەوە زیاترە کە ئەمویست."





بە خێرایی سەندریلا چووە ناو گالیسکە جادووییەکەوە،لە ژێر ئاسمانی ئەستێراوییدا ئەچوون بۆ کۆشکەکە.سەدان خەڵك کۆبووبونەوە بۆ ئاهەنگەکە.هەموو کچە شیاوەکان دیاری کرابوون بۆ شازادە.ئەو بە دڵخۆشییەوە لێی نەدەڕوانین.

لەسەر باڵکۆنەکەوە پاشا و سەرۆك وەزیران سەیریان دەکرد.پاشا زۆر تورە بوو هاواری کرد"ئۆه...کورەکە هاوکاریمان ناکات."

سەرۆك وەزیران بە توورەییەوە وتی"ئەگەر خاوەن شکۆ بڵێم هەوڵم دا ئاگادارت بکەمەوە..."

پاشا وتی "ئەبێت لە کۆمەڵێکدا هاوسەرێکی گونجاو هەبێت."

کەمێك دواتر ئاناستاسیا و دریزێلا مابوونەوە.شازادە چاوی داخست کە ئەوانی بینی.

پاشا وتی" من واز دەهێنم."



بەڵام شتێك بەر چاوی شازادە کەوت.ژنێکی جوانی گەنج لەدەرەوەی ئاهەنگەکە بوو.ئەو بە ڕادەیەك جوانترین کچی کۆشکەکە بوو.شازادە بێ ئەوەی داوای لێبوردن بکات هۆڵی ئاهەنگەکەی بە جێهێشت و چوو بۆ لای سەندرێلا.

شازادە سلاوی لێکرد و بێ هیچ وشەیەك بە هێواشی چوونە هۆڵی ئاهەنگەکەوە و دەستیان بە سەما کرد.

پاشا لە بەرامبەردا دڵخۆش بوو و وتی"سەیر بکە ئەوە کێیە؟"

سەرۆك وەزیران وتی"من هەرگیز ئەوم پێشتر نەبینیوە، گەورەم."

پاشا وتی"باشە،لێیبکۆڵەرەوە!"





سەندرێلا و شازادە سەمایان کرد.چاویان لەسەر یەکتر بوو.سەندرێلا دڵنیا بوو لە خۆشەویستیدایە،چاوی بڕیبووە خۆشەویستە قۆزەکەی.


هەموو میوانەکان حەپەسا بوون.دریزێلا لە خوشکەکەی پرسی"ئێمە ئەو دەناسین؟"

ئاناستاسیا وتی"باشە شازادەش وا دەردەکەوێت."

زردایکی سەیری سەماکەیانی دەکرد هەتا لای باڵکۆنەکە.وتی"هەندێ شت ئاشنایە سەبارەت بەو کچە."

سەندرێلا و شازادە بە پیاسە چوون بۆ باخچەی کۆشکەکە و لە ژێر ئەستێرەکاندا سەمایان دەکرد. بەڵام کە شازادە ویستی ماچی سەندرێلا بکات،کاتژمێری کۆشك زەنگی نیوە شەوی لێدا!

سەندرێلا وتی "من ئەبێت بڕۆم!"
شازادە وتی "بۆچی؟" بەڵام سەندرێلا بە خێرایی چووە خوارەوە.
شازادە بە بێ هیواییەوە هاواری کرد "بوەستە! من تەنانەت ناویشت نازانم!"
بەڵام سەندرێلا وەڵامی نەدایەوە و رایکردە خوارەوە بۆ لای گالیسکەکە. سەندرێلا ئەوەندە پەلەی بوو پێڵاوێکی لێ بەجێما.





شــازادە پێڵاوەکەی برد بۆ لای سەرۆك وەزیر.ئەوە تەنها نیشانەی بـوو بۆ دۆزیـنـەوەی ئـەو کچەی خۆشیدەویست.

بـۆ دۆزیـــــــەوەی خــاوەنــی پـــێــــلاوەکـــە،ســـەرۆك وەزیـــر بەیاننامەیەکی دەرکرد کە ئەبێت هەموو کچێکی شانشینەکە پێلاوەکە تاقی بکاتەوە.

لـەو کـاتـەدا کە گالیسکەکەی سـەنـدرێـلا بـە ڕێـــوە بـــوو بۆ ماڵ.کاتژمێرەکە دەستی کرد بە زەنگ لێدان. کە گەیشتە زەنگی دوانزەیەم،گالیسکە جوانەکە دیار نەما.سەندرێلا لەسەر شەمامەیەك دانیشتبوو لە لای ماجۆر و برونۆ و چوار مشکەکە.

سەندرێلا وتی" هەموو شتێکم لە بیر چووبوویەوە تەنانەت کاتیش."بەلاَم ئەوە زۆر سەیر بوو و ئەو زۆر سەرنج ڕاکێش بوو...ئۆه،من دڵنیام تەنانەت شازادەش لەو جوانتر نییە."

جاك وتی"پێلاوەکەت، سەندرێلا،پێلاوەکەت."


سەندرێلا پێلاوەکەی تر لە پێیدا دەدرەوشایەوە.





بە درێژایی شەو سەرۆك وەزیر ماڵ بە ماڵ گەڕا،پێڵاوەکەی بە هەموو کچە خەواڵووەکان تاقی کردەوە.هەواڵی گەرانەکە گەیشت بە ماڵی سەندرێلا.ئەوە کاتێك بوو سەندرێلا هەستی کرد ئەو کەسەی سەمای لەگەڵ دەکرد شازادە بووە!

زردایکی ئاگاداری دەربڕینی خەونی سەندرێلا بوو و زۆر گوماناوی بوو.ئەو گوێی لە دەنگی سەندرێلا بوو لە ئاهەنگەکە.







سەندرێلا چووە سەرەوە بۆ ژوورەكەی بۆ ئەوەی قژی دابهێنێت.زردایكی دوای كەوت.پێشئەوەی سەندرێلا بتوانێت بیوەستێنێت ئەو ژنە شەڕانییە دەرگاكەی داخست.

جاك و گەس بە ترسەوە سەیریان دەكرد.جاك وتی"ئێمە دەبێت ئەو كلیلە بە دەست بهێنین."

ئەو كاتە دەنگی گالیسكەكە لە حەوشەكەدا دەهات.دریزێلا و ئاناستاسیا سەیریان دەكرد و وتیان"دایكە،دایكە،سەرۆك وەزیر لێرەیە!"



سەرۆك وەزیر بە هێواشی ئەچووە نهۆمی سەرەوە.خزمەتکارێك پێڵاوە شووشەکەی لەسەر سەرینێکی قەیفە هەڵگرتبوو.
زردایکی سەندرێلا وتی"هاتنان بۆ ماڵە سادەکەمان جێگای شانازییە."زرخوشکەکانی سەندرێلا سڵاویان کرد و زەردەخەنەیەکیان کرد. ئاناستاسیا و دریزێلا شەڕیان بوو لەسەر ئەوەی یەکەم کەس پێڵاوە شووشەکە تاقی بکاتەوە، هەردوو خوشکەکە هەوڵیان دا پێڵاوەکە بچێت بە پێیاندا.ئەوان پاڵیان نا و پێیانگوشی هەتا توانییان،بەڵام بێ سوود بوو.
ئەوکاتە،جاك و گەس چوونە خوارەوە بۆ ژووری میوان ئەو شوێنەی زردایکی سەندرێلا سەرقاڵی قسە کردن بوو بۆ سەرۆك وەزیر.مشکە ئازا بچووکەکان هەوڵیاندا کلیلەکە لە گیرفانی بدزن و بیبەنە سەرەوە بۆ هەورە بانەکە بۆ ئەوەی سەندرێلا ئازاد بکەن.



سـەرۆك وەزیـری مـانـدوو پرسیی"ئێوە تەنها کچی خێزانەکەن؟،من وادەزانم..."

زردایکی سەندرێلا وەڵامی دایەوە"کەسی تر لێرە نییە."


سەرۆك وەزیر بەرەو لای دەرگاکە ئەڕۆیشت وتی"زۆر باشە ڕۆژێکی خۆش خانمەکەم."


لە ناکاو گوێبیستی دەنگێکی خۆش بوو،"تکایە چاوەڕێ بکە! ئەکرێت من تاقی بکەمەوە؟"لەوێ لەسەر پلیکانەکان سەندرێلا بوو بە جلی ئیشەوە.سەرۆك وەزیر سەیرێکی پێی کرد و زەردەخەنەیەکی کرد.وتی"وەرە ئازیزم" بردی بۆ لای کورسییەك. بەڵام زردایکی تورەی پاشقولێکی لە خزمەتکارەکە گرت کە پێڵاوەکەی هەڵگرتبوو وە پێڵاوەکە بوو بە چەند پارچەیەکەوە. سەرۆك وەزیر هاواری کرد"ئۆه نا."

سەندرێلا پێڵاوێکی شوشەی لە گیرفانی دەرهێنا و وتی"بەڵکو ئەمە بتوانێت یارمەتیمان بدات،من پێڵاوەکەی ترم پێیە."

مشکەکان دڵخۆش بوون و خوشکە تورەکان سەیریان دەکرد سەرۆك وەزیر پێڵاوەکەی کردە پێی سەندرێلا.پر بە پێی بوو.

سەرۆك وەزیر چەند دڵخۆش بوو! پاشا کە هەواڵەکەی بیست لە خۆشیدا بەرز بوویەوە. وە بۆ شـازادەش باش بوو،لەسەرووی هەموو شتێکەوە هاوسەرگیری لەگەڵ سەندرێلا کرد، وە دواتر بە خۆشی ژیان بۆ هەتایە.






# تەرزان

## ٧





ڕۆژێك کالا ڕایدەکرد بەناو دارستانەکەکاتێك دەنگێکی نامۆی بیست.ئەوە دەنگی گریانی منداڵێك بوو،لە ماڵیکەوە دەنگی ئەهات کە لە سەرداریـێـك دروست کرابوو.کالا چووە سەرەوە بۆ ماڵەکە.بینیی ژوورەوە زۆر داپڕژاوە. لە سوچێکەوە،بەتانییەکی شینی لێبوو،ئەو لێی نزیك بوویەوە.





کالا بەتانییەکەی هەڵدایەوە،منداڵێکی لە ژێردا بوو.منداڵەکە کە ئەوی بینی لە گریان وەستا و سەیری چاویی کرد.دواتر پێی پێکەنی،بەڵام کالا هێشتا دڵنیا نەبوو تەندروست ئەگەر دەستی لێبدات.ئەو بە قاچێك هەڵیگرت و پەنجەی کرد بە ناو داییەکەیدا.

منداڵەکە دڵخۆش بوو.دواتر لە باوەشی کرد.ئەوەکاتێك بوو ئەو زانیی پێویستە بیپارێزێت.دوای هەموو شتێك خێزانەکەی دیار نەماون.



تەنها دوای کەمێك پڵنگەکە (سابۆر) دەرکـەوت! دوای هەموو شتێك،کالا زانیی چی بەسەر دایك و باوکی منداڵەکەدا هاتووە،وە زانیی ئەبوو خێرا بڕوات،پڵنگەکە هێشتا برسی بوو.

سابۆر نەرەیەکی بە دڕندەیی کرد و هەوڵی دا کالا بگرێت.لەگەڵ ئەوەشدا کالا سەرەتا منداڵەکەی دانا و هەوڵی دا لە سابۆر بیپارێزێت و ڕایانکرد کرد بۆ شوێنێکی سەلامەت.



کالا منداڵەکەی برد بۆ لای گۆریلاکانی تر.
کاتێك کالا منداڵەکەی نیشانی گۆریلایەکی منداڵ دا کە ناوی تێرك بوو وتی"ئەوە لە نامۆ دەچێت."
کالا ڕوونی کردەوە بۆ تێرك"ئەو منداڵە،من ئێستا دەبم بە دایکی ئەو."
بەڵام،سەرۆکی گۆریلاکان،ڕازی نەبوو.وتی"من ناهێڵم تۆ خێزانەکەت بخەیتە مەترسییەوە."
کالا لێی پرسی"ئەو لەوە دەچێت ترسناك بێت بۆ تۆ؟"



سەرۆکی گۆریلاکان لە بێئومێدیدا هاواری کرد،بەڵام لە کۆتاییدا ڕازی بوو بهێڵێت کالا منداڵەکە بپارێزێت. کالا منداڵەکەی ناو نا تەرەزان.
کالا گرنگی دەدا بە تەرەزان و وەکو کوڕی خۆی هەڵیگرتەوە.ئەو دەیزانی ئەو وەکو منداڵەکانی تر نەبوو،بەڵام تەرەزان هی ئەو بوو،وە کێشە چی بوو.ئەو هەموو شتێکی فێر کرد کە پێویست بوو لە ژیانی دارستاندا بیزانێت،وە ئەو وەکو ئەندامێکی خێزانەکە مامەڵەی لەگەڵ دەکرد،کەچی هێشتا سەرۆکی گۆریلاکان نەیدەویست تەرەزان وەکو کوڕی خۆی پەسەند بکات.



تەرەزان زوو ئەوەی زانیی کە ئەو لەوانی تر جیاوازە.ئەو ویستی ببێتە بە یەکێك لە دەستەکە،بەڵام هەرگیز وادەرنەدەکەوت بگونجێت.ڕۆژێك تێرك ئەوەی پێ وت کە گۆریلاکانی تر یاری لەگەڵ دەکەن ئەگەر مووی فیلێك پەیدا بکات.تەرەزان هەلفری و چووە ناو ئاوەکەوە کە فیلەکان مەلەیان تێدا دەکرد و کلکی فیلێکی بە توندی ڕاکێشا.فیلەکە ترسا،وە شڵەژانێك دروست بوو. تەرەزان و مەیمونەکان مانەوە،بەڵام سەرۆکی گۆریلاکان لەوە تورە بوو کە تەرەزان مەیمونەکانی خستبووە مەترسییەوە.

کالا وتی"ئەو تەنها منداڵێکە."


سەرۆکی گۆریلاکان وتی "سەیری بکە،ئەو هەرگیز نابێتە یەکێك لە ئێمە."



تەرەزان زۆر شپرزە بوو کە ڕەنگ دانەوەی خۆیی بینی لە ناو ئاوەکەدا.ئەو وایزانی ئەگەر قوڕ بدات لە دەم و چاوی زیاتر لە گۆریلاکان دەچێت.

بە دایکیی وت" سەیرم بکە،بۆچی من زۆر جیاوازم؟"

کالا وەڵامی دایەوە"تەرەزان من،وە تۆ ئەزانیت من چی دەبینم؟ من دوو چاو وەکو چاوی خۆم،وە لوتێك ...هەندێ شوێن...لێرە.دوو گوێ دەبینم...وە با ببینین چی تر؟"





تەڕەزان دەستی بەرز کردەوە بۆ دەستی دایکی و وتی"دوو دەست؟".بەڵام بینیی چەندە جیاوازن. ئەو سەری دانەواند.

کالا دەستی تەڕەزانی خستە سەر دڵی و وتی"چاوەکانت دابخە،هەست بە چی دەکەیت؟ دڵەکەم."


کالا باوەشی کرد بە تەڕەزاندا بۆ ئەوەی ئەویش بوانێت گوێی لە لێدانی دڵی بێت.

وتی"دەبینیت؟ئێمە وەکو یەکین،بەڵام باوکت ناتوانێت ئەوە ببینێت."

تەڕەزان وتی"من وای لێدەکەم ببینێت! من ئیتر دەبم بە باشترین مەیمون!"




تەرەزان گەشەی کرد بۆ ئەوەی ببێت بە مەیمونێك وەکو ئەوانی تر نا.ئەو دەیتوانی بە ئاسانی جوڵانێ لەسەر مێوەکان بکات،بەسەر لقی دارەکاندا بڕوات،تەنانەت بەسەر تاڤگەکانیشدا سەر بکەوێت. ئەو لەماڵەوە بوو لە دارستانەکە.وە تێرك بوو بە باشترین هاوڕێی.
ڕۆژێك،تەرەزان و تێرك زۆرانبازییان دەکرد.ئەوان زۆر دڵخۆش بوون ئاگاداری ئەوە نەبوون یەکێك چاودێرییان دەکات.



چاودێریکەرەکە سابۆر بوو،پڵنگە درندەکەی کە دایك و باوکی تەرەزانی کوشتبوو.ئەم جارە ئەو بە دوای تەرەزان و خێزانە گۆریلاکەیەوە بوو.بەڵام تێرك و تەرەزان نەیانبینی بوو،خۆشبەختانە یەکێکی تر بینی بووی.ئەوکاتەی سابۆر ویستی تەرەزان بگرێت تەرەزان بازێکی دا.چەند ساتێك دواتر،سەرۆکی گۆریلاکان خێرا ڕایکرد بۆ ئەوەی یارمەتی خێزانەکەی بدات.

سەرۆکی گۆریلاکان کلکی سابۆری گرت و هەوڵی دا بە چوار دەوریدا بیخولێنێتەوە.بەڵام پڵنگەکە خێرا و زۆر بەهێز بوو.ئەو دەرچوو و سەرۆکی گۆریلاکانی هەڵدایە سەر زەوی.کاتێك تەرەزان بینی چی ڕوودەدات بازیدا بۆ ئەوەی یارمەتی سەرۆکی گۆریلاکان بدات،ڕمێکی بە دەستەوە بوو.
هەموو تەمەنی لە دارستانەکەدا تەرەزانی بەباشی فێرکرد.ئەو ڕاوچییەکی شارەزا بوو.



تەرەزان دوای پڵنگەکە کەوت بە ڕمەکەیەوە.
بەڵام کاتێك سابۆر پەلاماری دا،ڕمەکە شکا.کاتێك شەریان دەکرد،دەمی ڕمەکە کەوتە کەنارێکەوە.تەرەزان بازی دا بۆ ئەوەی بیگەڕێنێتەوە و پڵنگەکە دوای کەوت.کەوتنە ناو دارستانێکی چڕەوە و گۆریلاکان نەیانتوانی هیچیان ببینن. بۆ ساتێك هیچ شتێك نەبوو بەڵام بێدەنگییەکی نامۆ.

دواتر تەرەزان دەرکەوت،پڵنگەکەی لەسەر سەری هەڵگرتبوو. گۆریلاکانی تر هاوری خۆشییان دەکرد.تەرەزان سلاوی لە سەرۆکەکەی کرد.ئەو پڵنگەکەی کردە دیاری بۆ نیشاندانی ڕێز بۆ سەرۆکی گۆریلاکان.بەلام پێش ئەوەی مەیمونەکە کاردانەوەی هەبێت گوێیان لە گرمەیەکی گەورە بوو.دەنگێکی لەو شێوەیە هەرگیز لە دارستانەکەیاندا نەیانبیستبوو.



سەرۆکی گۆریلاکان فەرمانی بە خێزانەکەی کرد بڕۆن بۆ ناو دارستانەکە بۆ شوێنێکی سەلامەت،بەلام تەرەزان لەلای مایەوە.ئەو حەپەسا بوو بەو دەنگەی بیستی و ویستی بزانێت لەکوێوە ئەو دەنگە هاتووە.ئەو گوللەیەکی دەمانچەی دۆزییەوە و بۆنی کرد.پاش کەمێك تەرەزان گوێی لە چەند دەنگێکی تازەی نامۆ بوو.




تەرەزان بینیی سێ مرۆڤ نزیك دەبنەوە. پرۆفیسۆر پۆرتەر، کچەکەی (جەین)، وە ڕێنیشاندەرەکەیان (کلایتۆن). جەین و باوکی دڵخۆش بوون بە وەستان لەلای لانەی گۆریلایەك. پۆرتەر ئەوەی ڕوون کردەوە کە گۆریلاکان لە چەند گروپێکدا ژیاون.

کلایتۆن قسەی کرد "ئەمانە ئاژەڵانێکی دڕەندەن کە بەمزووانە سەرتان لێدەکەنەوە و دواتر دەتانبینمەوە."

دواتر،کلایتۆن هەستی کرد گوێی لە دەنگێك بووە. بە تفەنگەکەی فیشەکێکی تەقاند بە هەوادا،تەرەزان دەرکەوت کە خۆی لە نێو دارەکاندا شاردبوویەوە.کلایتۆن و پرۆفیسۆر جولان بۆ ئەوەی خێمە هەڵبدەن،بەڵام جەین لەوێ مایەوە.ویستی هێلکاری بەچکە مەیمونێکی جوان بکات.

بەڵام دواتر مەیمونەکە کتێبی هێلکارییەکەیی دزی و دەستی کرد بە لێکردنەوەی پەرەکانی. کە گەراندییەوە بەچکەکە دەستی کرد بەگریان.لەناکاو جەین خۆی بینی دەورە دراوە بە بەچکە مەیمونەکان.





ئەو کاتەی مەیمونەکان خەریك بوو هێرش بکەنە سەر جەین،تەڕەزان خێرا دووری خستەوە لێیان. ئەو بە هەوادا فڕی و جەینی بەدەستییەوە گرتبوو،دەستی دەگرت بە مێوەکانەوە و بەسەر لقی دارەکاندا دەڕۆیشت لەگەڵ جەین بۆ شوێنێکی ئاسودە.

ئەوان لە کۆتاییدا سەلامەت بوون لە دەست مەیمونەکان،جەین تەنها پێڵاوێك و کڵاوەکەی لێکەوتبوو.تەرەزان زۆر حەپەسا بوو لەوەی ئەم زیندەوەرە وەکو ئەوە.یەکەم شت بۆنی پێی کرد. بەڵام جەین ختووکەی دەهات. ئەو هاواری کرد"واز بهێنە." بە دەم پێکەنین و لە تەرەزانی دەدا. دواتر دەستکێشێکی جەینی داکەند و بەراوردی کرد بە دەستی.ئەوان وەکو یەك بوون،ئەو گوێی بۆ دڵی گرت ئەگەر لەیەك بچن باشە.ئەوە بوو! سەری نا بە سنگییەوە،کەواتە توانیی گوێی لێی بێت.


خێرا جەین گەڕایەوە و وتی"سوپاس بۆ تۆ.ئەوە دڵ لێدانێکی جوانە."

تەرەزان کێشای بەسنگی خۆیدا و وتی"تەرەزان."

جەین نیشانەی بۆ خۆی کرد و وتی"جەین."

تەرەزان بە قورسی توانیی بڕوا بکات.لە کۆتاییدا کەسانێکی دۆزییەوە وەکو خۆی!





ئەوکاتە،تێرك،لەگەڵ هەندێ مەیموندا،وە تانتۆر فیلەکە،خێمەی مرۆڤەکانیان دۆزیبوویەوە.ئەوان خۆشییەکی زۆریان هەبوو لەگەڵ ئەو شتە نامۆیانەی دۆزیبوویانەوە.ئەوان جەنجاڵییەکی زۆریان دروست کردبوو.

کە تەرەزان جەینی بردەوە بۆ خێمەکە،ئەو دڵخۆش بوو بە بینینی گۆریلاکان بۆ یەکەم جار. بەڵام دواتر سەرۆکی گۆریلاکان گەیشت و دەنگی بەسەر جەیندا بەرز کردەوە.گۆریلاکان زۆر بەخێرایی بە جێیان هێشت،وە تەرەزان لەگەڵ ئەواندا ڕۆیشت.دوای کەمێك کلایتۆن و باوکی جەین گەرانەوە. ئەوان خۆشحاڵ بوون کە خێمەکەی بە سەلامەتی هێشتووەتەوە،بەڵام ئەوان کاتێکی زۆریان دەویست لە بارەی چیرۆکی "پیاوی مەیمون"

لە لانەی گۆریلاکاندا،سەرۆکی گۆریلاکان بە خێزانەکەی وت کە دوور بن لە بێگانەکان.

بەڵام تەرەزان ڕووبەڕووی سەرۆکی گۆریلاکان بوویەوە.لێی پرسی "بۆچی هەرکەسێکی جیاواز هەرەشەیە بۆ تۆ؟"





ئەوکاتە،دوای باس کردن و هێلکاری کردنی تەرەزان،جەین هەوڵی دا باوکی ڕازی بکات بۆ ئەوەی تەرەزان بناسێت.وتی"بیربکەرەوە لەوەی ئێمە دەتوانین چی لەوەوە فێر ببین."

کلایتۆن وتی"پرۆفیسۆر،تۆ لێرەیت بۆ دۆزینەوەی گۆریلاکان،نەك ناز پێدانی ئەندێشەیەکی کچانە."

جەین وەڵامی دایەوە"من ئەوم دروست نەکردووە!تەرەزان ڕاستییە."

کاتێك قسەی دەکرد،تەرەزان لە دارەکانەوە دەرکەوت،بۆ سەلماندنی قسەکەی.




جەین پیاوە مەیمونەکەی وەکو بەردێکی بەتاڵ بۆ پڕبوون لە زانیاری دەبینی. ئەو بڕیاری دا شت فێری تەرەزان بکات لە بارەی جیهانەوە.ئەو خەڵك و ئەو شوێنانەی پیشاندا کە هەرگیز نەیبینیبوو. فێری کرد چۆن بە ئینگلیزی قسە بکات و بخوێنێتەوە.

جەین مامۆستایەکی باش بوو،و تەرەزان خێرا زانیی چی لە دەست چووە لە گەشەکردنی لە دارستانەکەدا.تەرەزان زیاتر فێربوو لەسەر جەین و جیهانەکەی،ئەو ویستی زیاتر بزانێت. وە زیاتری زانی لەبارەی جەین و جیهانەکەی،ئەو زیاتر خۆشی ویست.





تەرەزان جیهانەکەی خۆی بۆ جەین باسکرد،دارستانەکە.بردی بۆ جوانترین جێگاکان، هەروەها ئەو توانیی هێلکاری بکات. ئەوان چوون بۆ بەشێکی دارستانەکە بۆ ئەو شوێنەی کە تووتیەکانی لێدەژیان.باڵندە رەنگا و رەنگەکان چوون بۆ لایان، وە جەین هێلکاریی کردن.
ئەو جەینی فێر کرد چۆن لەسەر لقی دارێك بجولێت،یەکەم جار ئەو کەمێك دەترسا.دواتر جەین بەناو دارستانەکەدا رۆیشت لەگەڵ هاورێ تازەکەی.ئەوان هەردووکیان زۆر دلخۆش بوون دلخۆشییەکەیان کۆتایی پێنەدەهات.
تەرەزان ویستی ئەوە نیشانی جەین بدات چەندە گرنگی پێداوە.جارێك تەرەزان بینیویەتی پیاوێك گوڵ ئەدات بە خانمێك.ئەوە بیرۆکەیەکی بۆ تەرەزان دروست کرد.



تەرەزان گوڵی برد بۆ جەین،بەڵام کاتێك گەیشت،خێمەکە کۆدەکرایەوە. جەین و باوکی ئەڕۆیشتنەوە بۆ ماڵ بۆ بەریتانیا.ئەوان ویستیان تەرەزان لەگەڵیان بڕوات.جەین ئەوەی روون کردەوە ئەگەر تەرەزان لەگەڵیان بڕوات ،هەرگیز ناتوانێت بگەڕێتەوە.

تەرەزان گوڵەکانی پێشکەش کرد و وتی"جەین پێویستە لەگەڵ تەرەزان بمێنێتەوە."

جەین پێش ئەوەی بڕوات بە دەم گریانەوە وتی"من ناتوانم."

کلایتۆن بە تەرەزانی وت ئەگەر جەین گۆریلاکان ببینێت،ئەتوانێت بمێنێتەوە.تەرەزان لە کۆتاییدا رازی بوو بیانبات بۆ لای گۆریلاکان.



تەرەزان بە تێرك و تانتۆری وت سەرۆكی گۆریلاكان سەرقاڵ بكەن.تێرك جلێكی جەینی لەبەر كرد و تانتۆر جلی وەكو پرۆفیسۆری لەبەر كردبوو.كاتێك سەرۆكی گۆریلاكان كێشانی بە دارەكـەدا، تـەرەزان جەین،كلایتۆن،و پرۆفیسۆر پۆرتەری برد بۆ لانەی گۆریلاكان.

جەین كاتێكی خۆشی بەسەربرد بە یاری كردن لەگەڵ بەچكە گۆریلاكاندا كاتێك كلایتۆن سەرقاڵی نوسینی هەندێك شت بوو.

دواتر،تەرەزان جەینی فێركرد قسە لەگەڵ گۆریلاكاندا بكات.


لە دوایەوە دووبارەی دەكردەوە"ئۆو-ئۆو-ئیی-ئێە-ئووو"


بەچكە گۆریلاكان دەستیان كرد بەقسە كردن،بازیان هەڵدایە سەر شانی.

جەین پرسیی"من چیم وت؟"


تەرەزان وتی"جەین لەگەڵ تەرەزان دەمێنێتەوە."

تەنها دواتر،تێرك و تانتۆر هاتنەوە،بەخێرایی رایان دەكرد لەدەست سەرۆكی گۆریلاكان. سەرۆكی گۆریلاكان بە باشی دەركەوت و هەستی كرد فێڵی لێكراوە. ئەو چەكەكەی كلایتۆنی بینی وە بە تورەییەكی درندانەوە،چوو بۆ ئەوەی بیگرێت.تەرەزان كێشای بە زەوییدا و ڕووبەڕووی بوویەوە و هەوڵی دا بیگرێت.





تەرەزان هاواری لە هاورێ مرۆڤەکانی کرد"ئێستا ! برۆن!"
کاتێك ئەوان ڕۆیشتن،ئەو زانیی کە چیی کردووە سەری داخست لە شەرمدا.
سەرۆکی گۆریلاکان وتی"من پێم وتیت خێزانەکەمان بپارێزە و تۆ ناپاکیت لەگەڵ هەمووماندا کردین."
تەرەزان سەرکەوت بەسەر دارێکی بەرزدا بۆ ئەوەی تەنها بێت.ئەو سەیری دەرەوەی دارستانەکەی کرد و بینیی کەشتییەکە ئەیەوێت جەین دوور بخاتەوە.کالا لێی نزیك بوویەوە.
وتی"من زۆر هەڵەم."ئەو نەیدەزانی چی راستە ئیتر،یان ئەو کێ بووە.



کالا وتــی"وەرە لەگەڵم،هەندێ شت هەیە ئەبوو زۆر لەمەو پێش نیشانت بدەم."

کالا تەرەزانی برد بۆ ماڵە دارەکە،ئەو شوێنەی کە چەند ساڵێك لەوەو پێش تەرەزانی لێدۆزیبوویەوە.لەوێ،وێنەیەکی دایك و باوکی نیشاندا.

کاتێك تەرەزان سەیری وێنەکەی دەکرد کالا وتی"ئێستا دەزانیت.تەرەزان، من تەنها دەمەوێت تۆ دڵخۆش بیت.تۆ چ بڕیارێك دەدەیت."

تەرەزان لە نێوان خێزانە مەیمونەکەی و هاورێ مرۆڤەکانیدا مابوویەوە. پێویستە لە دارستاندا بمێنێتەوە،یان لەگەڵ جەین بڕوات؟



تەڕەزان جلەکانی باوکیی لەبەر کرد.ئەو بڕیاری خۆی دا بوو.
بە کالای وت"هیچ کێشەیەك نییە من دەڕۆم بۆ کوێ،تۆ هەمیشە دایکی منیت."
کالا وەڵامی دایەوە"وە تۆ هەمیشە لە دڵمدا دەبیت."
فرمێسك لە چاوی کالا هاتە خوارەوە کە سەیری تەڕەزانی دەکرد،ئەچوو بۆ لای کەشتییەکە.
تێرك و تانتۆر کە هەواڵەکەیان بیست بەپەلە چوونە لای دەریاکەوە بۆ ئەوەی ماڵئاوایی لە تەڕەزان بکەن، بەڵام ئەوان فریای تەڕەزان نەکەوتن.



جەین بە بینینی تەڕەزان هەژا کە بیروڕای گۆڕی بوو.ئەو لە بارەی هەموو شوێنەکان کە بەیەکەوە بۆی دەڕۆن و هەموو شتەکان کە دەیکەن قسەی بۆ کرد.

تەڕەزان بەسەر پەیژەکەدا سەرکەوت بۆ کەشتییەکە،ئەو نەیتوانی سەیری دواوەی دارستانەکە بکات ئەو شوێنەی بۆ تەواوی ژیانی ماڵی بوو.

دوای کەمێك تەرەزان سەرکەوت بۆ ناو بەلەمەکە،گروپێك دەریاوان دەوریان دا،هەوڵیان دا بیگرن.ئەو ڕێگایەکی دەست کەوت و بازی دایە سەرەوە،بەڵام دوای ئەوەی کەوت قۆڵی ئازاری پێ گەیشت. کلایتۆن دەرکەوت،وە وا دەرکەوت بە دەریاوانەکانی نەناسێنێت و جەین و پرۆفیسۆر پۆرتەریشی گرتبوو.

بە تەرەزانی وت"ببورە سەبارەت بەو بە خێرهاتنە بێ ڕێزانەمان،کوری پیر،بەڵام من نەمتوانی دیمەنێك دروست بکەم کاتێك ئێمە هاورێکانتمان لە قەفەزەکانیاندا داناوە.



بەڵام تەرەزان تێنەگەیشت بۆچی کلایتۆن دەیەوێت گۆریلاکان بەند بکات. پرسیی "بۆچی؟"


کلایتۆن وتی"بۆچی؟بۆ ٣٠٠ پاوەنی ئیستەرلینی.نەماندەتوانی بەبێ تۆ ئەوە بکەین."

دەریاوانەکان خێرا دووریان خستەوە،بۆلای جەین و پرۆفیسۆر پۆرتەر،تەرەزان لەبەر ئازار هاواری دەکرد.

لە دارستانەکەدا،تانتۆر و تـێرك گوێیان لە هاوارەکەی بوو. تانتۆر وتی"ئەو دەنگە وەکو دەنگی تـەرەزان بوو."

تێرك وتی"بەڵا،باشە،بۆچی هاوڕێ تازەکانی ناچن یارمەتیی بدەن،من گرنگی پێنادەم."


بەڵام تانتۆر وتی"تەرەزان پێویستی بە ئێمەیە و ئێمە یارمەتی دەدەین!ئێستا خۆت بدە بەسەر شانمادا وا توند خۆت بگرە. ئێمە کەشتییەکمان هەیە ئەبێت بیگرین."





تانتۆر،لەناکاو بە ئازایەتی دەرکەوت،بە ناو دارستانەکەدا رایکرد تێرکی هەڵگرت بوو بۆ ژیانێکی خۆش.دواتر بە ڕژانێکی گەورە ،سکە نەرمەکەی فیلەکە دای چووە ناو ئاوەکەوە مەلەی کرد بۆ لای کەشتییەکە.

یەکەم جار کە گەیشتنە لای کە شتییە کە ، تێرك و تانتۆر تەرەزان و هاوڕێکانییان ئازاد کرد.





ئەوکاتە،لە دارستانەکەدا،کلایتۆن هێلانەی گۆریلاکانی دۆزییەوە بە بەکارهێنانی ئەو نەخشەیەی دروستی کرد کاتێك لەگەڵ تەرەزان گەشتی بۆ کرد.دواتر خۆیی و پیاوەکانی گۆریلاکانیان لە شەبەکەکاندا گرت.ئەو هەندێکیانی خستە ناو قەفەزەوە بۆ ئەوەی بیانبات بۆ ناو کەشتییەکە.

گۆریلاکان ترسابوون.تێنەدەگەیشتن چی ڕوو دەدات.کە کالا کرایە ناو قەفەزەکە ،هیوا خواست بوو تەرەزان بە جێی نەهێشتبێت ئەو دەیتوانی ئەم پیاوە شەرخوازانە بوەستێنێت.

تەنانەت کلایتۆن سەرۆکی گۆریلاکانی گرت،بەڵام زۆری نەخایاند.تۆرەکە بە پێی پێویست بەهێز نەبوو بۆ هەڵگرتنی سەرۆکی گۆریلاکان و خۆی ئازادکرد.کلایتۆن بینیی گۆریلاکە ڕادەکات.

وتی"من تۆم بیردێتەوە،من وادەزانم ئەمە باشتر دەبێت."





لە ماوەیەکی نزیکدا تەرەزان ئازاد کرا،ئەو چووە ناو ئاوەکەوە مەلەی کرد بۆ کەنار دەریاکە. لەگەڵ هاورێکانی بە خێرایی چوون بۆ لای گۆریلاکان.ئەوان کاتێك گەیشتن کلایتۆن بینییان هەرەشەی لە سەرۆکی گۆریلاکان ئەکرد.تەرەزان خێرا رایکرد بۆ لای سەرۆکەکەیان.

سەرۆکی گۆریلاکان وتی"تۆ هاتیتەوە."


تەرەزان وتی"من هاتمەوە بۆماڵەوە."



کاتێك سەرۆکی گۆریلاکان،تانتۆر،تەڕەزان و تێرك شەڕیان لەگەڵ پیاوەکاندا دەکرد،جەین بەپەلە ڕایکرد بۆ ئەوەی کالا ئازاد بکات.بە دارێکەوە خۆی هەڵواسی و خۆی کێشا بەسەر ئەو دەریاوانەی کە قەفەزەکەی کالای هەڵگرتبوو.پیاوەکە لاکەی تری قەفەزەکەی هەڵگرتبوو لە دوایەوە هات،بەڵام دواتر مەیمونێکی بچوك دەرکەوت.ئەوە هەمان ئەو مەیمونە بوو کە جەین لە دارستانەکەدا ناسیی...وە هاوڕێکانیی لەگەڵدا بوو.پیاوەکە لەبەر ژیانی خۆی ڕایکرد لە دەست مەیمونەکان.

جەین هەوڵیدا کالا ئازاد بکات،بەڵام نەیتوانی قەفەزەکە بکاتەوە.دواتر،تەڕەزان بە کلیلێکەوە دەرکەوت.دواتر کە ویستی قەفەزەکە بکاتەوە،گوێیان لە دەنگێکی تەقە بوو.

ئەوە کلایتۆن بوو،وە ئەو قۆڵی تەڕەزانی بریندار کردبوو.سەرۆکی گۆریلاکان گوێی لە دەنگەکە بوو و هات بۆ ئەوەی بەرگری لە تـەڕەزان بکات.ئەو پەلاماری کلایتۆنی دا،ئەوەندەی توانیی بە دەنگی بەرز هاواری کرد.بەڵام کلایتۆن سەرۆکی گۆریلاکانی بریندار کرد،وە کەوتە سەر زەوی.



تەڕەزان کلایتۆنی بەرز کردەوە بۆ ناو دارەکان.دوای شەڕکردن،تەڕەزان هەوڵیدا بۆ ئەوەی چەکەکە لە کلایتۆن بسەنێت.

کلایتۆن وتی"پەلە بکە،پێوەم بنێ،پیاو بە."

تەڕەزان،چەکەکەی شکاند و فریدایە سەر زەوی و وتی"پیاوێکی وەکو تۆ نا."


ئەوان هەوڵیاندا، وە کلایتۆن خۆی هەڵواسی بە چەند دارێکەوە.دارەکانی گرت بۆ ئەوەی خۆی ئازاد بکات،بەڵام ئەو برێکی زۆری بری کەوت و مرد.






تەرەزان چوویەوە بۆ لای باوکی.وتی"باوکە بمبەخشە."
باوکی وتی"نەخێر،بمبەخشە بۆ تێنەگەیشتنم لەوەی کە تۆ هەمیشە یەکێك بوویت لە ئێمە. خێزانەکەمان ئێستا پشت بە تۆ دەبەستێت،گرنگییان پێبدە،کوڕم."
هەموو گۆریلاکان سەریان دانەواند کە سەرۆکەکەیان دوایین هەناسەی دا.
ڕۆژی دواتر تەرەزان چوو بۆ کەناری دەریاکە بۆ ئەوەی ماڵئاوایی لە جەین بکات.
ئەو وتی"لەندەن زۆر بچووك دەردەکەوێت بە بەراورد بەمانە."
تەرەزان دەستیی خستە ناو دەستی جەینەوە.دواتر جەین چووە ناو بەلەمەکەوە،وە کاپتنەکە دەستی کرد بە سەوڵ لێدان.
پرۆفیسۆر پۆرتەر وتی"جەین،ئازیزەکەم،من ناتوانم یارمەتیت بدەم هەست دەکەم پێویستە بمێنیتەوە." وە کاتێك جەین دەستی کرد بە بابەتەکە،باوکی وتی"تۆ ئەوت خۆشدەوێت."

که سەیری دواوەی کرد تەڕەزان لەلای دەریاکەوە وەستاوە،جەین زانیی باوکی ڕاست بووە. بازی دایە دەرەوەی بەلەمەکە و گەڕایەوە بۆ لای تەڕەزان.





دوایی پرۆفیسۆر پۆرتەر دوای کچەکەی کەوت.کە بۆینباخەکەی کردەوە و بازی دایە ناو ئاوەکە دوای جەین وە هاواری لە کاپتنەکە کرد"پێیان بلّا تۆ هەرگیز ئێمەت نەبینیوە،دوای هەموو شتێك، خەلّك هەموو رۆژێك لە دارستاندا ون دەبێت."


جەین بازی دایە کەنار دەریاکەوە بۆ سلاّو کردن لە خێزانە تازەکەی.

تانتۆر و خێزانەکەی تەرەزان دلّخۆش بوون کە بینیان تەرەزان و جەین باوەشیان کردووە بە یەکدا.

جەین بە هەموو گۆریلاکانی وت"ئۆو-ئۆو-ئیی-ئێە-ئووو." خۆی و باوکی مانەوە.

ئەوان دەیانزانی تەرەزان هەرگیز دلّخۆش نابێت لە دەرەوەی دارستانەکە.وە ئێستا تەرەزان جەینی ناسی،تەرەزان چی تر دلّخۆش نابێت بە بێ جەین.تەرەزان و جەین بەناو دارەکانی دارستانەکەدا رۆیشتن،وە بەیەکەوە بەسەر لقی دارەکاندا رۆیشتن.

ئیتر،لەوە بەدوا،تەرەزان و جەین بە خۆشی ژیان لە دارستانەکەدا.



# شێرە پاشەکە:
# بەختەوەری سیمبا





ئەوە رۆژێکی تایبەت بوو لە زەوی بەختەوەری .ئاژەڵەکان لە دوورەوە میوانداری کرابوون بۆ سڵاو کردن لە بەچکە نوێکەی شێرە پاشاکە.
کە هەورەکان بە جوانی خولانەوە،رافیکی،مەیمونە ژیرە رۆحییەکە،ساواکەی زۆر بەرزکردەوە ئیتر ئاژەڵەکانی زەوی بەختەوەری منداڵە نوێکەی شێرەکەیان خۆشویست.دایك و باوکە دڵخۆشەکە،سیمبا و نالا،باوەشیان کرد بەیەکدا کە سەیری ئاهەنگەکەیان دەکرد.
هاورێ کۆنەکانی سیمبا،تیمۆن و پومبا،لە هەمووان دڵخۆشتر بوون بە خێزانە تازەکە.تیمۆن وتی" سەیری پیاوە بچوکەکە بکە."
دواتر،رافیکی رایگەیاند"ئەوە کچێکە!"
سیمبا و نالا رووناکی شانازیان بەرکەوت.
تیمۆن هاواری کرد"کچ؟ کێ دیپلۆماسییەکەی نەزانی بوو.ئۆی."

ئەو ئێوارەیە،ڕافیکی بە تەنها ماندوو لەلای دارەکەی بۆ ئەوەی وێنەیەکی کچە تازە لە دایکبووەکەی سیمبا بکێشێت،کیارا.دواتر سەیری ئاسمانەکان و ڕۆحی هاوڕێ کۆنە ئازیزەکەی کرد،موفاسا.


ڕافیکی هاواری کرد"ئۆه،موفاسا،بازنەیەکی تر لە ژیان تەواو بوو.


بەڵام لە وەڵامدا،موسافا هەورێکی دروست کرد کێشای بە دارەکاندا.ئەو ڕافیکیی ئاگادار دەکردەوە کێشەیەك خەریکە دروست دەبێت.

دوای ماوەیەکی دوور و درێژ،پاشای گەورە موسافا کوژرا بوو لەلایەن ناپاکەکانەوە کە وەکو برای خۆیان نیشان دەدا،سکار.سکار سەرکردایەتی گروپێکی شێری دەکرد کە هەوڵیان دەدا بۆ دەست بەسەردا گرتنی زەوی شاهانە.

پیلانەکەی شکستی هێنا،وە کوڕەکەی موفاسا،سیمبا،جێگە تەواوەکەی خۆی وەرگرتووە وەکو پاشا.

ئێستا سکار مردووە،بەڵام شێرەکەی هاوسەری،زیرا، تینویەتییەکەی مابوو...بە هەر نرخێك.





زیرا و ئەوانەی دەرەوە لە زەویەکانی دەرەوە دەژیان،شوێنێکی وشك و بێ پیت ئەو شوێنەی موفاسا ئەوانی بۆ دوور خستبوویەوە کە خەریکی دروست کردنی کێشە بوون.ئێستا،زیرا پلانی دادەنا بۆ تۆڵەسەندنەوەی مەرگی سکار.ئەو کۆڤوی کوری ڕادەهێنا بۆ ئەوەی جێی سیمبا بگرێتەوە بۆ بوون بە پاشای زەوی شاهانە.ئەو کۆڤوی ڕادەهێنا بۆ ئەوەی بەهێز و بێ بەزەیی بێت.

لە یەکەم هەنگاو،ئەو خوشك و براکانی کۆڤوی نارد،بە ئەرکێك بۆ ئەوەی بزانن چی ڕوو دەدات لە زەوی شاهانەدا.

ڤیتانی وتی"بەچکە تازەکەی سیمبا کچێکە."

زیرا زەردەخەنەیەکی کرد و وتی"کور دەبێت بە پاشا."

نوکا وتی"هێشتا من گەورەترینم ...لەوە دەچێت پێویست بێت من ببم بە پاشا!"



زیرا هاواری کرد"نوکا گێژ مەبە!" لە ژێر پلانەکەی زیرا،هەموو کەسێك گرنگییەکی ڕۆڵێکی هەبوو.مندالە خۆشەویستەکەی،کۆڤو، ئەبێت بە پاشا.نوکا و ڤیتانی دەیان پاراست.



دوای چەند مانگێك،کیارا گەشەی کرد و بوو بە بەچکەیەکی دڵخۆشی بەهێزی گەنج،هەمیشە ئامادە بوو بۆ یاری کردن ...وە تامەزرۆ بوو بە جیهاندا بگەرێت.

سیمبا رۆژێـك کچەکەی وانـە دا و ئامادەی کرد بچێتە دەرەوە یاری بکات"بیرت بێت،لە ئاوەدانی زەوی شاهانەدا بمێنەرەوە.وە دوور بە لە زەوییەکانی دەرەوە."

کیارا بەڵێنی دا ئاگاداری خۆی بێت و خێرا رایکرد.

بەڵام سیمبا هەستی دەکرد بەوەی کچەکەی سەرکەشی دەکات.ئیتر ئەو بە تیمۆن و پومبای وت دوای بکەون و دڵنیا بن ئەو سەلامەتە.


کیارا بەوە رازی نەبوو کە هەستی کرد دوو منداڵ دوای کەوتوون.



بەڵام کیارا بەچکە شێرێکی زیرەك بوو.ئەو چاوەڕێی کرد هەتاوەکو تیمۆن و پومبا دەستیان کرد بە دەنگە دەنگ.یەکەم جار ئەوان سەرقاڵ بوون،دواتر ڕایکرد بۆ ئەوەی بۆ خۆی گەشت بکات.

دوای هاتن و چوونێك بۆ ساتێك،کیارا پردێکی بینی کە هەرگیز لەوەو پێش نەیبینیبوو. دڵگیر بوو،بە دڵخۆشی ڕایکردە خوارەوە بە لێژاییەکی سەختدا بۆ لای تاڤگەکە.

لەوێ ڕووبەڕووی بەچکە شێرێکی بێگانە بوویەوە لە زەوییەکانی دەرەوە. کیارا ترسا بە بینینی بێگانەیەك.ئاگادارکردنەوەکەی باوکی بیرکەوتەوە سەبارەت بە بێگانەکان،ئیتر خێرا گەڕایەوە و ڕایکرد بەڵام هەندێ بەردی گەورە لە لێوارەکەدا بوون.



دوایی بۆ ئاگادارکردنەوەی کیارا بەردێك کە لەسەری وەستا بوو جوڵا!ئەوە تیمساح بوو! وە لەوێ زیاتر دەوریان دا بوو،بە برسێتی دەمیان کردەوە. کیارا لە ترسا ئەلەرزی.دواتر بەچکە شێرە بێگانەکە لە ناکاو دەرکەوت لە تەنیشتییەوە، بەیەکەوە ڕایانکرد بەسەر پشتی تیمساحەکاندا بۆ شوێنێکی سەلامەت بۆ لای تاڤگە گەورەکە.





کە سەلامەت بوون کیارا وتی"تۆ زۆر ئازا بوویت."
بەچکەکەی تر بە دوودڵییەوە وتی"تۆش زۆر ئازا بوویت.من ناوم کۆڤوە."
"من کیارام"
هیچ بەچکەشێرێکیان نەیاندەزانی زیرا چاودێرییان دەکات.وە ئەو حەزی بەو شتە نەبوو کە بینی. کە زیرا سەیری دەکرد،هەستی بەوە کرد کیارا ترسی لە کۆڤو نەماوە و ئەو دوو بەچکە پڵنگە خەریکبوو دەبوون بە هاورێ.کیارا تەنانەت هەوڵی دا دەست بکەن بە یاری ،بەڵام کۆڤو نەیدەزانی چۆن یاری بکات.
دواتر سیمبا دەرکەوت.هەموو شوێنێك گەڕابوو بۆ کیارا،وە کە ئەوی بینی لەگەڵ بەچکەیەکی زەوی دەرەوە،بازی دا بۆ ئەوەی پارێزگاری لە کیارا بکات.
لە ناکاو زیرا لە شوێنەکەی خۆیەوە دەرکەوت بۆ ئەوەی لە تەنیشتی کوڕەکەی بێت. بە دوژمنەکەی وت"سیمبا"

زیرا هێرشی برد کە گوێبیستی دەنگێك بوو لە بەچکەکەیەوە.ئەوە دایکی کیارا بوو،نالا.تیمۆن و پومبا لە تەنیشتییەوە بوون.ئەگەر زیرا ئەو کاتە هەوڵی بدایە شەڕ بکات،دەرئەنجامی خراپی ئەبوو.


لە جیاتی،ئەو بە بێ شەرمی کۆڤوی وەکو میراتگری سکار ناساند وبۆ ڕابەڕی داهاتووی زەوییەکە.

سیمبا لە هەڕەشەکە تێگەیشت.ئەوەی زانی کە زیرا شکستەکەی سکاری قبوڵ نەکردووە. وتی" ئەو ببە و بچۆ دەر،ئێمە لێرەوە تەواو بووین."

زیرا بە فێڵبازی وەڵامی دایەوە"ئۆه،نا ئێمە کەمێکە دەستمان پێکردووە."

دواتر خۆی و کۆڤو گەڕانەوە بۆ زەوییەکانی دەرەوە.

کە سیمبا کیارای هەڵگرت بۆ ئـەوەی بیباتەوە بۆ ماڵ،کیارا و کۆڤو بە بێدەنگی ماڵئاواییان لە یەکتر کرد.ئەوان بیری یاری کردنیان ئەکرد بەیەکەوە.





کاتێك سیمبا و کیارا بە تەنها بوون،سیمبا وتی"تۆ دەبێت ئاگادار بیت.تۆ دەبیت بە شاژنی داهاتوو."

کیارا وەڵامی دایەوە"ئەگەر نەمەوێت ببم بە شاژن؟" سەیری کرد باڵندەیەك بە ئـازادی بەسەریاندا دەفڕێت. ئەو دڵنیا نەبوو ئەو دەیویست هەموو بەرپرسیارێتیەکی حاکمی زەویی شاهانەی هەبێت.

سیمبا لێی تێدەگەیشت.وە بە ڕوونی بۆی باس کرد"ئەوە وەکو وتەکانی تۆ ئەڵێیت ناتەوێت پڵنگ بیت.ئەوە لە خوێنتدایە.وەکو من.ئێمە بەشی یەکترین."

ئەوکاتە،لە زەوییەکانی دەرەوە،زیرا لە نوکای دا،لەبەر ئەوەی شکستی هێنا لە چاودێری کردنی براکەی،کۆڤو.

کۆڤو وەستاندی وتی"ئەمە هەڵەی ئەو نییە،من خۆم ڕۆشتم،"دواتر دەستی کرد بە قسەکردن لە بارەی کیاراوە."ئەو زۆر خراپ دەرناکەوێت.من وامزانی دەتوانین ببین بە هاورێ."




زیـرا وتـی"هـاورێ؟" دوایـی وەستا.لەوە دەچێت کۆڤو بیرۆکەیەکی هەبێت.ڕێگایەك بـۆ دەرکـردنـی سیمبا کـچـەکـەیـەتـی.ئـەو ڕازی دەبێت بەوەی کۆڤو شاژنی داهـاتـوو بخـوازێـت.دواتـر کۆڤو ئەبێت ئامادە بێت بۆ خۆ ڕزگـارکـردن لە سیمبا و دەسـت بگرێت بەسەر دارستانەکەدا.

ڕۆژێـك،دوای تەواو بوونی وەرز ،كۆڤو بە سەربەرزی وەستا لە بەرامبەر شـێرەكـان كە دایكی بە وریـایـیـەوە چـاودێـریـی دەكـرد.زیـرا وتی"تۆ ئامادەیت."ئەوانەی تر بەباشیان دانا.

ئەوكاتە،لە زەوی شاهانە،كیارا خۆی ئامادە دەكرد بۆ یەكەم ڕاو.

كاتێك كیارا كە دەستی كرد بە ڕۆیشتن بۆ دەشتە دوورەكان وتی"باوكە،تۆ دەبێت بەڵێنم بدەیتێ بهێڵیت خۆم ئەمە بكەم،بەڵێنم دەدەیتێ؟"

سیمبا بەڵێنی دا،بەڵام دوای كەمێك كیارا ڕۆیشت،ئەو هەستی كرد ئەو ناتوانێت كچەكەی بخاتە مەترسییەوە.لە ڕۆژە تازەكاندا،گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان نیشتەجێ كانی دەرەوە و زەوی شاهانە زیادی دەكرد.ئەو گومانی كرد سیمبا خەریكی ئەنجامدانی كارێكە.






سیمبا ئەوەی زانی ئەبێت ئەو بەڵێنەی دابووی بە کیارا بشکێنێت.دووبارە،بە تیمۆن و پومبای ڕاگەیاند بۆ ئەوەی دوای کیارا بکەون و دڵنیا بن ئەو دوورە لە کێشە.

تیمۆن و پومبا ئەرکەکیان بە جدی وەرگرت.ئەوان باشترین شتیان کرد بۆ پاراستنی کیارا بێ ئەوەی بزانێت ئەوان لە نزیکیین.ئەوان بە ناو بەردەکاندا ڕۆشتن،بە لای دارەکاندا ڕۆیشتن،وە لەسەر سکیان خشان بەسەر چیمەنەکەدا.دواتر ڕووبەڕووی کیارا بوونەوە !

کیارا هەستی کرد فێڵی لێکراوە و تورە بوو.باوکی بەڵێنی دابوویێ بهێڵێت خۆی ڕاو بکات. بەڵام دوای هەموو شتێك ئەو بڕوای پێنەکردووە !


ئەوەندەی توانیی خێرا ڕایکرد لەلای تیمۆن و پومبا.تیمۆن و پومبا هیچ چانسێکی تریان نەبوو بۆ پاراستنی شێرەکە.


بەداخەوە،کیارا ڕایدەکرد بۆ ناو تەڵەیەك کە زیرا بۆی ئامادە کردبوو.




سیخوڕەکانی زیرا ئاگاداری ڕووداوەکانی زەوی شاهانە بوون.ئەوان بە زیرایان ڕاگەیاندبوو ئەمە گەورەترین تەڵەیە بۆ ڕاوکردنی. ئێستا کاتی جێبەجێ کردنی پلانە شەڕخوازانەکەیەتی.
ئەو نوکا و ڤیتانیی نارد بۆ ئەوەی ئاگرێك بەربدەنە ئەو گیایەی کە کیارا پلانی دادەنا ڕاوی لێبکات.
بە تێپەڕینی کات کیارا هەستی کرد بە گڕ چواردەور دراوە،زۆر درەنگ بوو بۆ ڕاکردن.دووکەڵ لە سەرییەوە بەرز دەبوویەوە و چواردەور درا بوو بە ئاگر.
ئەوکاتەی لەوە دەچوو کیارا بۆ هەتایە لە ناوبچێت،کۆڤو دەرکەوت.خێرا ڕایکرد بە ناو گڕ و دوکەڵدا، وە کیارای ڕاکێشا،کیارا لە هۆش خۆی چوو بوو،بردی بۆ شوێنێکی سەلامەت نزیك لە ناوچەکە.

کاتێك کیارا هۆشی هاتەوە تورەبوو.لەو شێرە بێگانەیەی کە ڕزگاری کرد بوو پرسی" تۆ بۆچی منت هێناوە بۆ ئێرە،وا دەزانیت تۆ کێیت؟"
دوایی وەستا.ئەو ئاشنا دەردەکەوت.وە ئەو شوێنەی لێی بوون.
کیارا پرسیی"کۆڤو؟"
دواتر،سیمبا و نالا لەگەڵ ڕافیکی گەیشتن.ئەوان ئاگرەکەیان لە زەوی شاهانەوە بینی بوو،وە لە کاتێکدا گەیشتن بە بینینی ئەوەی ڕزگارکردنی بە جەرگەکە.
هێشتا،سیمبا بە گومان بوو لە شێرە گەنجەکە.بەڵام کۆڤو لەسەر زەوییەکەی خۆی وەستا. وتی" من بە بێ فیزی ئەمەوێت پەیوەندی بکەم بە خاکەکەی تۆوە."
سیمبا دوو دڵ بوو.کۆڤو ئەکێك بوو لەوانەی دەرەوە،بەڵام ئەو ژیانی کیارای پاراست.





به نابەدڵی،سیمبا هێشتی کۆڤو بگەڕێتەوە بۆ لەگەڵ خێزانەکەیدا.
بەڵام هێشتا ئەو بڕوای بە کۆڤو نەبوو.ئەو شەوە،سیمبا نەیدەویست بهێڵێت بچێتە ئەشکەوتەکەیەوە بە پشوودان لە زەوییەکەدا.
نوکا و زیرا سەیریان دەکرد،لەسەر لقی دارێك،چاوەڕێیان دەکرد ببینن چی ڕوو دەدات.کاتێك بینیان کیارا لە ئەشکەوتەکە هاتە دەرەوە بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ کۆڤو بکات،هیواخواز بوون ببینن خۆی لە کیارا و باوکی ڕزگار بکات بۆ هەتا هەتایە.بەڵام دوای چەند خولەکێك،کیارا بە خێرایی گەڕایەوە بۆ ئەشکەوتەکە.
ئەو شەوە،سیمبا خەونێکی ترسناکی بینی سەبارەت بەو ڕۆژەی سکار هێشتی موسافا بکەوێتە خوارەوە و بمرێت.بەڵام لە خەونەکەیدا ئەو کۆڤوی بینی لە جیاتی سکار.سیمبا نەیتوانی سەرسام بوونەکەی نەهێڵێت لە بارەی ئەوەی ئایا کۆڤو ئەتوانرێت بڕوا پێکراو بێت.




سیمبا هۆکاری هەبوو بۆ نیگەران بوون.کۆڤو هەموو ژیانیی تەرخان کرد بوو لە هەوڵ دان بۆ کوشتنی پاشای دارستان.بەڵام ڕۆژی دواتر،کە کۆڤو پاڵکەوتبوو و چاوەڕێی دەکرد پەلاماری سیمبا بدات،هەندێك شت دوودڵی کرد.

ئەوە کیارا بوو.ئەو ویستی کۆڤو لەگەڵیدا بچێت بۆ دەشتەکە،وە فێری بکات چۆن بەرگری لە خۆی بکات.

ئەوان لەگەڵ تیمۆن و پومبا هاتن،بۆ ئەوەی وەکو هەمیشە ڕاوی مێروو بکەن،وە کاتێکی سەختیان هەبوو لەبەر ئەوەی لەوێ باڵندەی زۆری لێبوو.کیارا و کۆڤو بڕیاریان دا یارمەتی یەکتر بدەن،بەیەکەوە ڕابکەن،خێرا باڵندەکانیان ترساند.کە تیمۆن خۆی هەڵواسی بە باڵندەیەکدا باڵندە زۆر خێرا ڕایکرد.

بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا،کۆڤو بەڕاستی لە خۆشیدا بوو!







هاوڕێکان پشووی ئەو ڕۆژەیان بەیەکەوە بەسەر برد–ڕاونانی باڵندەکان،وە
تورە کردنی کۆمەڵێك لە کەرکەدەنەکان.
تیمۆن بە کۆڤوی وت"تۆ باشیت،بچکۆلە."ئەو کەسەی کە شێرە گەنجەکەی
وا لێکرد هەست بە هیلاکی بکات.ئیتر زۆر گرنگتر،ئەو هەستی کرد چەندە
کاتی بەسەر برد لەگەڵ کیارادا.
ئەو شەوە،کۆڤو و کیارا لەسەر پشت پاڵکەوتن لە ژێر ئەستێرەکاندا،چاویان
بڕیبووە ئاسمان.
کیارا وتی"باوکم و من ئەمەمان بەکار دەهێنا هەموو جارێك،ئەو ئەڵێت هەموو
پاشا گەورەکانی پێشوو هاتوونەتە ئێرە."
کۆڤو ژیانی تەرخان کردبوو لە بڕواکردن بەوەی ئەوانەی لە زەوی
بەختەوەری دەژین دوژمنی بوون. ئێستا،ئەو خەریکە گومان دەبات لەوەی
هەموو شتێك زیرا فێری کردووە.
لەسەر گردێکی نزیك،سیمباش گومانی هەبوو.ئەو وتی"باوکە،من ون
بووم.کۆڤو میراتگری سکارە. چۆن دەتوانم وەریبگرم؟"
بەڵام ئەو شەوە هیچ وەڵامێك لە باوکییەوە نەبوو.

لە جیاتی،نالا دەرکەوت.ئەو پێشنیاری ئەوەی کرد سیمبا باشتر بناسێت.لەوانە کۆڤو بیەوێت ڕێگایەکی جیاواز هەڵبژێرێت لەو ڕێگایەی زیرا و سکار هەڵیان بژاردووە.

هەروەها ڕافیکیش هیواخواز بوو کۆڤو بیەوێت بڕیار بدات لەگەڵ ئەوانەی زەوی بەختەوەری بمێنێتەوە.مەیمونەکە نامەی پێگەیشتبوو لەلایەن هاوڕێکەیەوە ،موفاسا،ئەوەی پێ ڕاگەیاند کە کیارا و کۆڤو بەیەکەوەن.

یەکەم جار،ڕافیکی بیرۆکەکەی بە دڵ نەبوو.بەڵام کاتێك بینیی کیارا و کۆڤو باوەشیان کردووە بە یەکدا،ئەو زانیی کە ئەوان کەوتوونەتە خۆشەویستییەوە.وە ئەو لە نامە ژیرانەکەی موفاسا تێگەیشت.




ئەو شەوە،کاتێك کیارا و کۆڤو گەرانەوە بۆ زەوی بەختەوەری لە ڕۆژی سەرکەشییاندا،سیمبا لە کۆتاییدا شێرە گەنجەکەی بانگکرد بۆ ئەوەی پشوو بدات لەناو ئەشکەوتەکەیان.

لە ڕێگەیەکی سەلامەتەوە،ڤیتانی سیخوڕیی لەسەر براکەی دەکرد و بینیی چووە ناو ئەشکەوتەکەوە.ئەمە بەشێك نەبوو لە پلانی دەرکراوەکان! ئەو ڕایکرد بۆ ئەوەی بە زیرا ڕابگەیەنێت.

زیرا تورە بوو کە گوێبیست بوو چی ڕووی داوە. ئەو هاواری کرد"کۆڤو ناتوانێت ناپاکیمان لەگەڵ بکات."

ئەمە ئەو کاتە بوو کە نوکا چاوەڕێی دەکرد بە فێلبازییەوە وتی"کە کاتی هات ،ئەو ڕووی ڕاستەقینەی خۆی پیشان دەدات،من پلانێکم هەیە"نوکا زۆر بە بێ هیوایی ویستی زیرا ڕازی ببێت بیەوێت هەرچییەك لە کۆڤو بکات.





ڕۆژی دواتر،سیمبا کۆڤوی بانگ کرد بۆ ئەوەی بەیەکەوە بڕۆن بۆ پیاسە و مێژووی نێوان دانیشتوانی زەوی شاهانە و دەرکراوەکانی بۆ باس بکات.وتی"سکار،هەرگیز ناهێڵێت ڕق لە دڵیدابڕوات.لە کۆتاییدا،ئەوە ئەوی تێکیشکاند.بەڵام ئەوە هەروەها براکەشیی تێکشکاند، موفاسا."

ئەمە یەکەم جار بوو کۆڤو گوێبیستی ڕاستییەك بوو لە بارەی خێزانەکەیەوە.ئەو بێئومێد بوو بۆ زانین لە بارەی خاڵییەوە سکار،بەڵام ئەو هەستی بەوە کرد سیمبا ڕاست بوو. دەبوو ڕق و کینە لە نێوانیاندا بوەستێت.

دواتر،سیمبا گوێی لە دەنگە دەنگێك بوو،وە ئاوڕی دایەوە زیرا و بەشێك لە دەرکراوەکانی بینی دەوریان داوە.

ئەمە تەڵەیەك بوو! وە سیمبا دڵنیا بوو لەوەی کۆڤو یارمەتی داون بۆ ئەو کارە،بە تایبەتی کاتێك زیرا پیرۆزبایی بە کوڕەکەی کرد.



زیرا وتی"کەواتە سیمبا،ئێوە لێرە بە تەنها چی دەکەن؟"
هەستی بەوە کرد ئەو دەورە دراوە و رایکرد بۆ شوێنێکی تەنگەبەر بۆ ئەوەی رابکات لە دەستیان. دواتر هیچ شوێنێك نەما بوو بۆ ئەوەی بڕوات بۆی،بازی دا بەسەر دارە بەرزەکاندا.
لە کۆتایی دارەکاندا،سیمبا بەبێ هیوایی ئاگای لێبوو هەنگاوێکی بچوك وا دەکات دارەکان بکەون.نوکا تەنها یەکێك بوو لە دەرکراوەکان ئەوەندە گێل بوو بۆ ئەوەی دوای بکەوێت.وتی" زیرا من ئەمە بۆ تۆ دەکەم."ئامادە بوو بۆ کردنی هەموو شتێك بۆ ئەوەی ڕەزامەندی دایکی بە دەست بهێنێت.
بەڵام کە نوکا بازی هەڵدا بۆ سەرەوە،دارەکان کەوتنە خوارەوە.سیمبا بە خێرایی چوو بۆ شوێنێکی سەلامەت.بە پێی کات دارەکان وەستان لە کەوتنە خوارەوە،نوکا کەوتە ژێر دارەکانەوە.



زیرا لەلای خۆیەوە ڕایکرد و دەستی خستە ژێر دەم و چاوی کوڕەکەیەوە هەتا دوا هەناسەی.

دوایی،بە تورەییەوە گەڕایەوە بۆ لای کۆڤو،وە چرنوکێکی درندانەی دا لە دەم و چاوی.دوای ئەوە بۆ هەمیشە،کۆڤو نیشانەیەك لەسەر چاوی وەکو ئەو نیشانەیەی سکار هەبوو.


کۆڤو پشتی لە دایکی کرد ،وە گەڕایەوە بۆ زەوی بەختەوەری.ئەو کاتە ئەو دەیزانی متمانەی سیمبا و کیارا لە دەست دەدات.


بەڵام کاتێك گەیشتە زەوی بەختەوەری،ئەو بینیی هەزارەها ئاژەڵ بەچاوی سوك سەیری دەکەن. هەموو دانیشتوانی زەوی بەختەوەری وایاندەزانی کۆڤو سیمبای خستووەتە ناو تەڵەی دەرکراوکان.

لەسەرەوی زەوی بەختەوەری، سیمبا چارەنووسی کۆڤوی خوێندەوە:بۆ هەتایە دوورکەوەرەوە لە زەوی بەختەوەری. کیارا هەوڵی دا پارێزگاری لە کۆڤو بکات،بەڵام سیمبا بیری خستەوە.



کیارا دوای کۆڤو کەوت،بۆ ئەوەی ڕازی بکات بگەڕێتەوە بۆ ماڵ.ئەو هێشتا بڕوای وابوو بەیەکەوە ئەتوانن ئاشتی بە دەست بهێنن بۆ دەرکراوەکان و زەوی بەختەوەری.
بەڵام بەپێی کات گەڕانەوە بۆ زەوی شاهانە،جەنگێکی تورە بەڕێوە بوو.
کیارا باوکی بینی لە ناو جەنگێکدا بوو.
کیارا پاڕایەوە"باوکە،ئەمە دەبێت بوەستێت!".دواتر ئەو زۆربەی وشەکانی دووبـارە کـردەوە کە باوکی بۆی کردبوو."پاشایەکی ژیر پێی وتم ئێمە یەکێکین."
سیمبا بۆ ساتێك دوودڵ بوو.ئەو بیری هاتەوە باوکی چیی فێر کردووە.وە دواتر ئەو ئاشتی ڕاگەیاند.
زیرا تورە بوو لە گەڕانەوە بۆ ڕووداوەکانی.ئەو پەلاماری سیمبای دا،بەڵام کیارا بازی دا بۆ ئەوەی هێرشەکەی شکست پێبهێنێت.دواتر،دوو شێر چنگیان دەدا و گازیان دەگرت لە لاپاڵێکەوە. بۆ ساتێك،لەوە دەچوو هەردووکیان بکەونە خوارەوە لە کەنارەکەوە. بەڵام کیارا هەوڵی دا بەرزی بکاتەوە.
زیرا دەستی گرت بە کەناری شاخەکەوە بۆ ساتێك،یارمەتییەکەی کیارای ڕەتکردەوە.دواتر...





...زیرا بۆ هەتا هەتایە دیار نەما

دەرکراوەکان لە لایەکەوە خەونیان دەبینی سیمبا بهێڵێت بچنە هەرێمەکەیەوە.لە جیاتی، گەرانەوە بۆ ماڵە کۆنەکەیان لە زەوی دەوڵەمەندی بەختەوەری،بۆ ئەوەی لە ئاشتیدا و بە هەماهەنگی بژین لەگەڵ دانیشتووانی زەوی بەختەوەری.


دوای چەند ڕۆژێك،هێشتا چەند هۆکارێك هەبوو بۆ بوژانەوە.ئەم جارە دانیشتووانی زەوی شاهانە و دەرکراوەکان بە یەکەوە لە بارنەیەکی گەورەدا کۆبوونەوە،وە سەیری ڕافیکیان دەکرد ئاهەنگێکی دێرینی دەگێڕا بۆ دیاری کردنی یەکگرتوویی لە نێوانیاندا.

وە ئەو بەڵێنەی کە موفاسا دابووی ڕاست بوو. سوپاس بۆ کیارا و کۆڤو، هەردوو لا بەیەکەوە ئاشتی بێکۆتایان بنیاتنا.

بەیەکەوە،سیمبا و کۆڤو بە هاورێیەتی مانەوە و بە خۆشی ژیان.



دوایی سیمبا گوێی لە دەنگی باوکی بوو .موفاسا وتی" زۆر باشە
کوڕم." پاشا دووبارە ئاشتی گەڕاندەوە بۆ دارستان.



# مولان





ماوەیەکی زۆر لەمەو بەر چین،ئیمپڕاتۆر دیوارێکی گەورەی بنیات نا بۆ پاراستنی وڵاتەکەی. سەربازەکان شەو و ڕۆژ بە دیار دیوارەکەوە ئێشکگر بوون.
شان–یو لە ناو دوژمنەکانی ئیمپڕاتۆردا بوو،سەرۆکی هانەکان بوو. شان–یو دیوارەکەی وەکو بەرگرییەك سەیر دەکرد.شەوێك،خۆیی و پیاوەکانی بە حەبل سەرکەوتن بەسەر دیوارەکەدا، هێرشیان کردە سەر سەربازەکان لە ئەرکەکەیان کە بە جەرگانە هەوڵیان دا مەشخەڵی ئاگادار کردنەوە ئیش پێبکەن.
سەربازەکە بە شان– یو ی وت"ئێستا هەموو چین دەزانن تۆ لێرەیت."
وەڵامی دایەوە"زۆر باشە."
کاتێك گوێبیستی هێرشەکە بوو، ئیمپڕاتۆر فەرمانی بە باڵوێزەکەی (چی فو)،وە جەنەراڵ لی کرد سەربازی زیاتر دابنێن بۆ پاراستنی خەڵکەکەی.
ئەو بە جەنەراڵ لیی وت"یەك دانەوێڵەی برنج ئەتوانێت تەرازووەکە ڕێك بکاتەوە.پیاوێك ئەبێت جیاواز بێت لە شکست و سەرکەوتن."

ئەوکاتە، لە گوندێکی بچوکدا دوور لە شاری ئیمپراتۆریەت،کچێکی گەنج ناوی مولان بوو ئامادە دەبوو بۆ بینیی هاوسەر دۆزرەوەیەك.
وەك هەمیشە،مولان درەنگ کەوت.ئەو بەپەلە ڕایکرد بۆ ئەوەی هەموو ئیشەکانی ڕۆژانەی لە کاتی خۆیدا تەواو بکات،شتەکانی پس کردبوو.
فا ژۆو باوکی مولان وتی "مولان،ئێمە تۆ ئەژمێرین بە–"
مولان قسەکانی پێبری و وتی"بۆ هەڵگرتنی ڕێزی خێزانەکە،باوکە بێتاقەت مەبە من ناهێڵم تۆ بکەویت."
مولان زۆر تورە بوو لەوەی ئامادە بوو بە یارمەتی دایکی و داپیرەی.ئەو تێبینییەکانی بۆ خۆی نووسیبوو لە بەشی ناوەوەی دەستی،وە ئەوان زۆربەییان لە بۆ شۆردەوە لە گەرماوەکەدا. کەمێك پێش ئەوەی ئەو بە جێیان بهێڵێت، دایکی شانەیەکی پێدا کە میراتی خێزانەکەیان بوو،وە داپیرەی کرکێتێکی پێدا کە ناوی کری –کی بوو بۆ بەختێکی باش.





مولان یەکەم کچ بوو بۆ ئەوەی بانگ کرا بۆ ئەوەی بچێتە ژووری هاوسەر دۆزرەوەکە.ئەو تۆزێك فێڵی کرد،تێبینییەکانی سەر دەستیی خوێندەوە بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان. شتەکان باش دەڕۆشتن هەتا مرەکەبی تێبینییەکان کەوتە سەر بەختگرەوەکە.مولان زۆر تورە بوو بەوەی کە چاییەکەی رشت،ڕژا بە هەموو شوێنێکدا.دواتر ئەو ئەوەی بینی کری-کیی لە قەفەزەکەی چووەتە دەرەوە و پاڵی داوەتەوە لە ناو کوپی چاییەکەدا کە هاوسەر دۆزەرەوەکە ئەیویست بیخواتەوە.



مولان هەوڵیدا چاییەکە بگەڕێنێتەوە،بەڵام کری -کیی چووبووە ناو جلەکانی هاوسەر دۆزرەوەکە. بەختگرەوەکە ترسا و دەستی بە ڕاکردن کرد،بەڵام ئەو گەڕایەوە بۆ ناو ئاگردانەکە و لەناکاو جلەکانی گڕی گرت.مولان فنجانە چاییەکەی هەڵدا بۆ بۆ کوژاندنەوەی گڕەکە.
چاییەکە بە دەم و چاویدا دەهاتە خوارەوە و هاواری کرد"تۆ ڕسوایت.تۆ ئەبێت وەکو بوك بیت، بەڵام تۆ هەرگیز ڕێزی خێزانەکەت بە دەست ناهێنێت."



کە گەڕایەوە بۆ ماڵ،مولان سەیری ڕەنگ دانەوەی خۆیی کرد لە حەوزێکی ئاودا وە نەیتوانی دان بەخۆیدا بنێت.ئەو ژنێکی گەنجی بینی بە قژێکی زۆر باش و میکیاجەوە،جوانییەکی ڕێك و پێك.ئەو واینەدەزانی ئیتر ناتوانێت ئەو ژنە گەنجەی ڕەنگ دانەوەکە بێت.

مولان باش بیری نەکردبووەوە—ئەو ئابرووی خێزانەکەیی بردبوو.ئەو میکیاجەکەیی شۆرد و قژی بەردایەوە.ئەو چاوی بڕییە شانەکەی دایکی کە پێی دابوو،چاوی فرمێسکی شەرمەزاری لێدەهاتە خوار.

دواتر باوکی مولان مولانی دۆزییەوە و پێی وت با لە ژێر دارەکەدا دابنیشین.

باوکی لقێکی دیاری کرد و وتی"ئێمە ئەم ساڵ گوڵانێکی چەند جوانمان هەیە.سەیری ئەمە بکە دواکەوتووە. بەڵام من گرەو دەکەم کاتێك پێگەیشت لە هەموویان جوانتر دەبێت."

مولان ئەوەی زانی باوکی قسەی سەبارەت بەو دەکرد،بەڵام ئەو نەیدەتوانی بڕوای پێبکات.



دواتر،چی فو هات بۆ ئەوەی داگیرکارییەکەی هان ڕابگەیەنێت.ئەو لە هەموو ماڵێك داوای پیاوێکی کرد بۆ ئەوەی شەڕ بۆ ئیمپراتۆر بکات.باوکی مولانیش هیچ کوڕێکی نەبوو،سەرەڕای ئەوەش ئەو لە جەنگی پێشوودا بریندار بوو بوو،ئەو دوور کەوتەوە.

فا ژۆو وتی"من ئامادەم خزمەتی ئیمپراتۆر بکەم."


مولان هاواری لە چی فو کرد"تکایە،گەورەم! باوکم بە ئازایانە شەڕی بۆ ئیمپراتۆر کردووە."

چی فو بە لایەوە خراپ بوو ژنێك بتوانێت قسەکانی پێببڕێت.



باوکی وتی"مولان،تۆبێ ڕێزی بە من دەکەیت." مولان نەدەبوو بە خانمێکی باش بە قسە کردن،وە تەنها پیاو لە خێزانەکەیدا بۆ ڕێز گرتن لە باوکی خزمەت کردنی ئیمپراتۆر بوو.

ئەو شەوە،مولان ڕاهێنانی باوکیی بینی بە بەکار هێنانی شمشێرەکەی.کە ئەو بەرزی کردەوە بۆ سەری،ئازاری قاچە برینداره‌کەی وایکرد تەوازنی لە دەست بدات و کەوت.مولان زۆری پێناخۆشبوو—ئەگەر باوکی بڕۆشتایە بۆ جەنگ،ئەوا بە دڵنیاییەوە دەمرد.ئەو ڕۆشت بۆ نزرگەی خێزانەکەیان بۆ ئەوەی دوعا بکات،وە دواتر بیرۆکەیەکی بۆ دروست بوو.



کە گەڕایەوە بۆ ماڵ،مولان شمشێرەکەی باوکی برد و بەکاری هێنا بۆ ئەوەی قژی پێببڕێت.دواتر قژی وەکو پیاو بەست و جلە ئاسنەکانی باوکی لەبەر کرد.لە شوێنی ناو نوسینەکەدا، شانەکەی بە جێهێشت کە دایکی پێیدا بوو.دواتر ئەسپەکەی جێگیر کرد،خان، وە ڕۆشت بۆ ئەوەی لە سوپاکەدا جێگەی باوکی بگرێتەوە.

لە نیوەشەودا،کە هەورە بروسکە بوو، داپیرە فا هەستا لە خەو و ئەوەی زانیی مولان ڕۆیشتووە. ئەوکاتە زۆر درەنگ بوو بۆ ئەوەی بیوەستێنێت.هەموو خێزانەکە شپرزە بوون– ئەوان ئەوەیان زانی سزای کەسێك خۆی بگۆڕێت بۆ پیاو مەرگە.



دایکی مولان بە باوکی وت"تۆ دەبێت بە دوایدا بڕۆیت.ئەو لەوە دەچێت بکوژرێت."

فا ژۆو وەڵامی دایەوە"ئەگەر من ئاشکرای بکەم.ئەو دەمرێت."

دایك و باوکی مولان لە ترسا دەلەرزین ئیتر سەرسام بوون بەوەی کە مولان چیی کردووە.بۆ ئێستا،لەوە دەچوو،هیچ شتێك نەبوو بتوانن بیکەن تەنها پاڕانەوە.





داپیرە فا ڕۆیشت بۆ نزرگەکە و بە باوانی خێزانەکەیانی وت یارمەتییان بدات لەو قەیرانەدا. وتی"باپیرە گوێ لە پاڕانەوەکانمان بگرە.ئاگاداری مولان ببە."


باپیرەی یەکەم موشوی لەخەو هەستاند.موشو بەکارهێنرا بۆ ئەوەی یەکێك بێت لە ڕێبەرەکانی خێزانی فا،بەڵام هێشتا کێشەیەکی نەوەکان هەبوو،بەڵام کپ کرابوویەوە. ئەو بۆ چرکەیەك هیوا خواز بوو بۆ چانسی دووەم.ئەو هەوڵیدا خۆبەخشانە چاودێرییان بکات، بەڵام باپیرەی یەکەم نەیهێشت ئەوە بکات.


باپیرەی یەکەم ئامازەی بۆ پەیکەرەکانی سەرەوی پەرستگاکەی کرد و بە موشو ی وت"ئەوانە ڕێبەرەکانن ئەوان....."

موشو بە تورەییەوە وتی" خێزانەکە دەپارێزن.من زەنگەکە لێدەدەم."

دراگۆنە بچوکەکە زەنگەکەی لێدا بۆ خەبەر کردنەوەی باپیرەکانی تر، هەر یەکێکیان ئەوی تری تۆمەتبار دەکرد بۆ چوونە دەرەوەی مولان.

لە کۆتاییدا،بڕیاریان دا موشو ئەبێت دراگۆنی بەردینی گەورە لە خەو هەڵبستێنێت،ئەوەی لە دەرەوەی نزرگەکە بوو.





موشو زەنگەکەی لێدا،بەڵام دراگۆنی بەردینی گەورە نەجولایەوە.هەروەها موشو هاواری کرد بە گوێی دراگۆنی بەردینی گەورەدا.لەناکاو،ورد و خاش بوو،هێشتا هەموو ئەوەی بە جێ مابوو سەرێکی بەرد بوو لەسەر کۆمەڵێك تۆز.

لێی پرسی"دراگۆنی بەردی گەورە، تۆ لەخەو هەستایت؟"

موشو بەردەکەی لای سەری دراگۆنەکەی لابرد،وە خۆی هەڵیگرت و لەسەر دەوەنەکە داینا.

موشو بە دەنگێکی قووڵ وتی "بەڵێ!من هەستام لە خەو.من –من دراگۆنی بەردینی گەورەم.بەیانیت باش.! من دەچم بۆ ئەوەی مولان بگەڕێنمەوە.من ئەوەم بیرهێنایەوە من دراگۆنی بەردینی گەورەم؟"

باپیرەی یەکەم وتی"برۆ! چارەنووسی خێزانی فا لە دەستی تۆدا دەبێت."



موشو دڵنیا بوو لەوەی هەرگیز نابێتەوە بە چاودێر، بەڵام کری -کی پێی وت پێویستە بڕوات مولان بهێنێتەوە.

"بڕۆم ئەو بهێنمەوە ؟کێشەی تۆ چییە ؟دوای ئەم بەردە گەورەیە هەمتی دەمتی پیس،من دەبێت بچم ئەو بهێنەمەوە بۆ ماڵ بە مەدالیایەکەوە بۆ ئەوەی بیگەڕێنمەوە بۆ پەرستگاکە...."

دوای موشو بیرۆکەیەکی بۆ دروست بوو: ئەگەر ئەو مولان بهێنێتەوە بۆ ماڵ وەکو پاڵەوانێکی جەنگ،باپیرەکان دووبارە ئەو وەردەگرنەوە.

موشو مولانی دۆزییەوە و خۆی پێ ناساند.وتی"من لەلایەن باپیرەکانی تۆوە نێردراوم."

مولان سەیری کرد،"باپیرانی من مارمێلکەیەکیان ناردووە بۆ یارمەتی دانی من؟"


موشو بۆی ڕاست کردەوە"دراگۆن."

مولان وتی"تۆ ئەه...بچکۆلە."

موشو دەستی بۆ ئەسپەکەی مولان(خان) ڕاکێشا و وتی"من هاتووم بۆ ئەوەی تۆ ڕازی بکەم،ئەگەر من بە پێوانەی ڕاستەقینەی خۆم بوومایە مانگاکەی تۆ لێرە بە ئاگر دەمرد."



مولان هێشتا ڕازی نەبوو بوو،بەڵام کاتێك موشو هەرەشەی کرد بە بێڕێزی کردن بە خێزانەکەی،ئەو ڕازی بوو لەگەڵیدا بێت.





لە خێمەی سوپاکەدا،موشو بە مولانی وت چۆن وەکو پیاو هەڵسوکەوت بکات.وتی"کاتێك ویستیان بزانن پیاویت رابکە!.دواوەوەی شانت،بەرزی سنگت،دووری پێکانت،سەر هەڵبرین،وە بەفیزەوە رۆیشتن!"

مولان سەیری پیاوەکانی تری ناو خێمەکانی کرد و زانی خۆی خستووەتە چ کێشەیەکەوە.

مولان وتی"ئەوان قێزەونن."

موشو دەستی بۆ سەربازێك راکێشا و وتی"بۆکسێکی لێبدە ئەمە ئەو شێوازەیە کە پیاوان سڵاوی پێ لە یەکتری دەکەن.

کاتێك بۆکسی دا پیاوەکە بۆکسی لێدایەوە،مولان دەستی کرد بە بۆڵە بۆڵ.کاتێك بەرپرسەکان ئاگادار کرانەوە لە تیردراوەکەی جەنەراڵ لی،ریکخستنی ناو خێمەکەیان دەست پێکرد. هەموو سەربازەکانی تر دەستیان بۆ مولان راکێشا.

کاپتن لی شانگ بە مولانی وت"تۆ ناوت چییە؟"

مولان ساتێك بیری کردەوە بۆ ئەوەی ناوێکی کورانە بدۆزێتەوە.وتی"پینگ، من ناوم پینگە."

شانگ فەرمانی بەو تەواوی کۆمەڵەکە کرد ئەو شەوە پیسیەکان پاك بکەنەوە.وتی"بەیانی، کارە راستییەکان دەست پێدەکەن."

سەربازەکان سەیری پینگیان دەکرد کاتێ ئیشیان دەکرد.

ڕۆژی دواتر،شانگ تیرێکی هەڵدا بۆ سەر جەمسەرەکە و بە سەربازەکانی وت بچن بیهێننەوە.

دوو پێوانەی پێدان و وتی"ئەمە دیسیپلینتان دەردەخات،وە تواناتان دەردەخات.ئێوە پێویستە بگەنە ئەوێ."

هیچ کەسێك نەیدەتوانی بە سەر جەمسەرەکەدا سەربکەوێت. بەڵام مولان زۆر بە قورسی ئیشی دەکرد هەتا ڕۆژێك هەوڵی دا بۆ ئەوەی بگات بە تیرەکە بە بەستنی پێوانەکان بە یەکترییەوە، دەسکەوتەکەی پیشانی سەربازەکانی تر دا.





دوای چەند هەفتەیەك،موشو و کری- کی نامەیەکیان ساختە کرد کە دەڵێت سەربازەکان لە پێشەوە پێویستیان بە یارمەتیە،ئیتر مولان توانیی جەنگەکە ببینێت و ببێت بە پاڵەوان. شانگ و پیاوەکانی پێشڕەوییان دەکرد هەتا کەوتنە زەوی جەنگەکەوە.سەربازەکانی ئیمپڕاتۆر وەکو مردوو پاڵکەوتن،لە ناویاندا باوکی شانگی تێدا بوو،جەنەڕاڵ لی.

شانگ کە کە شەڕی بە شمشێرەکەی باوکی دەکرد وتی"ئێمە هیوا بۆ ئیمپڕاتۆر دەخوازین. پاشەکشە بکەن."

سەربازەکان دەڕۆیشتن بۆ ناو شاخە بەفراوییەکان کاتێ لەناکاو ساروخێك لە عارەبانەکەی خانەوە دەرچوو.لە گردەکانی ترەوە تیرەکان هاتن.کۆمەڵەکەی شانگ!








شانگ هاواری لە مولان کرد"تۆ تەنها شوێنەکەی ئێمە دا بەدەستەوە." دواتر فەرمانی بە کۆمەڵەکەی کرد لە هانەکان دووربکەونەوە.
سەربازەکانی ئیمپڕاتۆر دەستیان کردەوە بە شەر،ساروخەکانیان هەڵدا بۆ سەرکردەکانی هان، ئەوانەی کە دوور کەوتبوونەوە لێیان.ئەوە دەستپێك بوو بۆ بێ هیوایی کۆمەڵەکەی شانگ.
مولان بیرۆکەیەکی بۆ دروست بوو کاتێك دوایین موشەکی هەڵدا.
لە جیاتی مەبەستی موشەکەکە بۆ شان-یو،ئەو نیشانەکەی بەرز کردەوە بۆ سەر شاخەکە و لەگەڵ هەناسە دانە سەختەکەی موشو هەڵیدا.کە هەرەسی بەفری دروست کرد،تەنها مولان دەیویست. کاتێك شان -یو بینیی مولان چی کردووە،بە شمشێرەکەی هێرشی کردە سەری،وە برینداری کرد. بەڵام دوایی خۆی لە ناو بەفرەکەدا بە پشوودانی هانەکان.مولان پەلەی کرد بۆ ئەوەی لەناو شەپۆلی بەفرەکاندا ڕابکات.

مولان شانگی بینی خەریك بوو ئەکەوتە سەر شەپۆلی دارمانی بەفرەکە. ئەو خانی لێخۆری بەسەر شەپۆلی بەفرەکاندا،مولان ئەوی پاراست کە خەریك بوو دەکەوتنە لاپالێکەوە.یاۆ حەبلێکی بۆ گرێدان،وە مولان تیرێکی نا بە کۆتایی حەبلەکەوە بۆ سەربازەکانی تر،ئەو کەسەی کە ئەو و شانگی ڕاکێشا بۆ شوێنێکی سەلامەتی.

شانگ بە پینگی وت"لە ئێستاوە تۆ متمانە پێکراویت لەلایەن منەوە."

مولان دەستێکی لەسەر سنگی دانـا،وە دواتر کە دەستی لابرد خوێنی بینی.دواتر نا ئومێد بوو.





کاتێك مولان هۆشی هاتەوە،شانگ لە نزیکییەوە وەستا بوو،چاوەکانی باش نەیاندەڕوانی. دواتر چی فوو هاتە ژوورەوە.

چی فوو مولانی خستە دەرەوە بۆ ناو بەفرەکە و وتی"من زانیم هەندێ شت سەبارەت بە تۆ هەڵەیە، ژنێك!"

مولان وتی"من ئەوەم کرد بۆ پاراستنی باوکم."

چی فو وتی"ناپاکی گەورە."

مولان بە لاوازی وتی"من نەمویست ئەمە ئاوا درێژە بکێشێت.ئەوە تاکە ڕێگا بوو."





چی فوو شانگی لەوە ئاگادار کردەوە سزای کەسێك خۆی بگۆرێت بۆ پیاو مەرگە.شمشێرەکەی مولانی وەرگرت، شانگ بەرزی کردەوە بۆ سەری.

بەڵام لە جیاتی کوشتنی مولان، شانگ شمشێرەکەی فرێدایە سەر زەوی و وتی"ژیانێك بە ژیانێك.من قەرزەکەم دایەوە."

دواتر سەربازەکان گەرانەوە،مولانیان بە تەنها لەناو بەفرەکەدا بە جێ هێشت.کری-کی ئاگرێکی کردەوە بە چڵی دارەکان،بەڵام زۆر بچوك بوو بۆ ئەوەی بەکار بێت. مولان لە سەرمادا دەلەرزی و هیوای خواست هەرگیز نەگەرێتەوە بۆ ماڵ.

وتی"لەوە دەچێت من لەبەر باوکم نەرۆشتبێتم.لەوانەیە ئەوەی من ویستبێتم ئەوە بسەلمێنم دەتوانم شتەکان راست بکەمەوە،هەروەها ئەوەی کاتێك لە ئاوێنەدا سەیرم کرد،ویستم شتێکی بایەخدار ببینم."

مولان کاتێك کڵاوەکەی هەڵگرت و سەیری رەنگدانەوەکەی کرد وتی"بەڵام من هەڵە بووم. من هیچ شتێك نابینم،من داوای لێبوردن دەکەم من کاتی تۆم بە فیرۆ دا،موشو.

موشو وەڵامی دایەوە"سەیربکە،راستییەکەی،ئێمە هەردووکمان فێڵمان کرد.باوانی تۆ هەرگیز منیان نەناردووە."



سەرئەنجام،مولان بڕیاری دا بڕوات.وتی"من دەبێت ڕووبەڕووی باوکم ببمەوە زوو بێت یان درەنگ،با بڕۆینەوە بۆ ماڵ."

موشو باشترین ئیشی کرد کرد بۆ هاندانی مولان.وتی"ئێمە ئەم شتەمان بەیەکەوە دەستپێکرد و ئەوەش چۆن تەواوی دەکەین."


مولان خۆی بەرزکردەوە و دەستی کردەوە بە گەڕانەوە بۆ ماڵ. دواتر شان-یو و هەندێك لە پیاوەکانیی بینی لەسەر بەفرەکە پاسەوانی دەکەن. ئەوان چالاك بوون! ئەو زانیی ئەوان سەیری شاری ئیمپراتۆر دەکەن.مولان بازی دایە سەر خان و ئەو ئاراستەیەی ئەوانی گرت.

موشو دەستی بۆ ئەوان ڕاکێشا و وتی"ئەوە ڕێگەی ماڵەوەیە!"

مولان وتی"پێویستە من شتێك بکەم."

کاتێك مولان بەڵێنەکەی بیری موشو هێنایەوە بۆ ئەوەی بەیەکەوە بن،ئەو ڕازی بوو لەگەڵی بڕوات.ئەو هاواری کرد"هی-هاو!"کە سەرکردایەتییان دەکرد بۆ پاراستنی ئیمپراتۆر.





لە شاری ئیمپراتۆریەتدا،ئاهەنگێکی گەورە ڕێکخرا بۆ شانگ و سەربازەکانی بۆ ڕێزگرتن لە سەرکەوتنەکەیان .مولان چووە پێشەوە بۆلای کاپتن و ئاگاداری کردەوە لە هانەکان. بەڵام شانگ هیچ گوێی پێنەدا.

شانگ بە سارد و سڕییەوە وەڵامی دایەوە"مولان،مەگەڕێوە بۆ ئێرە برۆماڵەوە."

مولان هەوڵی دا خەڵکەکەی تر لە شتە ترسناکەکە ئاگادار بکاتەوە،بەڵام هەموو کەسێك ئیهمالی کرد تەنها لەبەر ئەوەی ئەو کچ بوو.

شانگ شمشێرەکەی شان–یوی کرد بە دیاری بۆ ئیمپراتۆر،وە خەڵکەکە دڵخۆش بوون.بەڵام دواتر، بازێك نیشتەوە و شمشێرەکەی لە دەستی ئیمپراتۆر فڕاند.ئەوە بازەکەی شان–یو بوو، وە گەڕایەوە بۆ ئەو شوێنەی کە شان–یو خۆی لێشاردبوویەوە،ئەو خۆی وەکو ئاوبەرێك گۆڕیبوو. دواتر ئەو دراگۆنەی کە سەمای بۆ خەڵکەکە دەکرد فڕێدرایە لایەکەوە،وە هانی زۆرتر دەرکەوتن. ئەوان ئیمپراتۆریان گرت،وە ڕایانکردە ناو بیناکەوە،دەرگاکانیان لەسەر داخستن.





هەموویان ون بوون،بەڵام دووبارە مولان بیرۆکەیەکی بۆ دروست بوو.ئیتر شانگ زانیی ئەوە بیرۆکەیەکی باش بوو.ئەو جلی ژنی لەبەر هەندێك سەربازە شوێن کەوتووەکانی کرد.شانگ، مولان،وە سەربازە خۆ گۆڕیوەکان جەمسەرەکەی مولانیان بەکار هێنا- بۆ ئەوەی سەربکەون بەسەر پایەکاندا و بچنە ناو تەلارەکەوە.

شان-یو پاسەوانەکانی ناردبووە دەرەوەی ئەو ژوورەی ئیمپراتۆری لێ بەند کردبوو.پاسەوانەکان گوێیان لە دەنگە دەنگێك بوو.ئەوان دەرگاکەیان کردەوە بۆ مولان و هاوڕێکانی.



پاسەوانەکان بیریان کردەوە و وتیان،سەیر بکەن ئەم ژنانە چەند ناشیرینن.

ژنەکان بە زەحمەت چاویان لە سەربازەکان داگرت،ئەوەندەی توانییان سەرنجیانیان ڕاکێشان بۆ لای خۆیان.هانەکان پاسەوانەکانیان ناردە خوارەوە و ڕازی بوون ژنەکان برۆن.

دواتر،کە ئەوان بێدەنگ بوون،باشترین سەربازە ڕاهێنراوەکانی ئیمپراتۆر هێرشیان کردە سەر هانەکان.

مولان هاواری کرد"شانگ،برۆ!"

شانگ دوایین هانەکانی خست و چووە نهۆمی سەرەوە بۆ ئەو ژوورەی کە ئیمپراتۆر لەلایەن شان–یووە دەستگیرکرابوو.





ئەوکاتە،شان–یو فەرمانی بە ئیمپراتۆر کرد چۆك دا بدات،بەڵام ئەو رازی نەبوو. ئەو بە هانەکەی وت"گرنگ نییە هەوا چۆن دەبێت،شاخ ناتوانێت چۆکی بۆ دابدات."
شان–یو شمشێرەکەی بەرز کردەوە و وتی"دواتر تۆ بە پارچە پارچە کراوی چۆك دادەدەیت."
کەمێك دواتر،شانگ هاتە ناو ژوورەکەوە و شمشێرەکەی دەرهێنا،بەرەنگاری شان–یو بوویەوە. ئەوان هەوڵیان دا و شانگ ویستی شان–یو بخاتە سەرزەوی.دوایی مولان و سەربازەکانی تر هاتنە ژوورەوە.



لەگەڵ شان–یو لە ڕێگاکە دەرچوو،چیێن–پۆ ئیمپراتۆری گرت و ملپێچەکەی بەکارهێنا بۆ ئەوەی بە حەبلەکەدا بچنە خوارەوە.

شان–یو تووڕە بوو کە بینیی ئیمپراتۆر ڕادەکات.ئەو ویستی تۆڵەی خۆی لە شانگ بکاتەوە، بەڵام کاتێك مولان ئەوەی ئاشکراکرد ئەو سەربازە بوو لە شاخەکە،ئەو کەسەی لە سوپاکەیدا شکستی هێنا،ئەو ڕایکرد بە دوایدا.





مولان شان–یوی بردەوە بۆ تەلارەکە کاتێك موشو کری–کی دەبردەوە لە نزیکی تاوەری ئاگرەکە.
تەنها کەسێك بۆ چەکێك،مولان هەوڵی دا ڕێگری لە شمشێرەکەی شان–یو بکات،وە لێی بگرێت.
دواتر مولان شمشێرەکەی بەکارهێنا بۆ ئەوەی هانەکە فرێبداتە سەر زەوی، ئیتر موشو موشەکێکی تێگرت.موشو بازی دایە سەر موشەکەکە،بەڵام شان–یو ئێستا هیچ شوێنیچکی نەبوو بۆی بڕوات. ئەو چووە تاوەرەکە ئەو شوێنەی کە هەموو یارییە ئاگرینەکانی لێهەڵگیرابوون.ڕەنگەکان و ڕووناکی ئاسمانی درەوشاندەوە.
ئیمپراتۆر سوپاسی مولانی کرد لە ناو خەڵکە دڵخۆشەکەدا.وتی"تۆ هەموومانت پاراست." وە دوایی چەمایەوە.مولانیش دووبارە چەمایەوە،وە ئەو پلەیەکی لە ئەنجوومەنەکەی پێشکەش کرد.
مولان وەڵامی دایەوە"لەگەڵ هەموو ڕێزگرتنێك،باشی تۆیە،من وادەزانم دەمێکە لە ماڵ دوورکەوتومەتەوە."
ئیمپراتۆر مەدالیایەکی پێدا،پێی وت"ئیتر خێزانەکەت دەزانن تۆ چیت بۆ من کردووە." دواتر ئەو شمشێرەکەی شان یوی پێدا."ئیتر هەموو جیهان دەزانن تۆ چیت کردووە بۆ چین."





شانگ لە تەنیشتی ئیمپراتۆر وەستا بوو کە سەیریان دەکرد مولان بەجێیان دەهێڵێت.
ئیمپراتۆر وتی"ئەو گوڵەی لە ناخۆشیدا گەشە دەکات دەگمەنترین و جوانترین گوڵە."
کە شانگ تێنەگەیشت ئەو مەبەستی چی بوو،وتی"تۆ کچێك ناناسیت وەکو هەموو فەرمانرەوایەك."
مولان شمشێرەکە و مەدالیاکەی برد بۆ باوکی.وتی"ئەوانە دیارین،بۆ رێزگرتن لە خێزانی فا."
باوکی وتی"گەورەترین دیاری و رێزلێنان ئەوەیەکە تۆ کچی منی."
کەمێك دواتر،شانگ لە دەرگاکەوە دەرکەوت.وتی کڵاوەکەی مولانی هێناوەتەوە.
مولان پێی وت"حەز دەکەیت بۆ نانی ئێوارە بمێنیتەوە؟"
شانگ وتی"نانی ئێوارە باشە."
ئەوکاتە،لە نزرگەکەدا،موشو بە باپیرەکانی دەوت"وەرن-کێ ئیشێکی باشی کرد؟"
قەشەی یەکەم وتی"ئۆە،هەمووی راستە،تۆ دووبارە دەتوانیت ببیتەوە بە رێنیشاندەرێك."
موشو وتی"هەمووی راستە."وە هەموو قەشەکان رازی بوون.



# هەرقل



ئەمە چیرۆکی هەرقلە،پاڵەوانێکی گەورە و بەهێزترین پیاو کە هەمیشە بە زەوی دا دەگەڕا.بەڵام چیرۆکەکەی ئێمە زۆر لە پێش لە دایك بوونی ئەوەوە دەست پێ دەکات...

ماوەیەکی زۆر لەمەو پێش،لە یۆنانی کۆن،خواوەندانی بە توانا یاسایان دانا بۆ زەوی لە حەشارگەکەیان لە شاخی ئۆلۆمپی.

گەورەترینی خواوەندەکان زیوس بوو.زیوس پشووی خواوەندەکانی ڕێکخست بۆ دەست بەسەرداگرتنی شوێنی شەیتانە تیتانەکان،کێشە دروست کەرە زەبەلاحەکان ئەوانەی بوونە هۆی ئاژاوە گەورەکە– ئازاردانی خەڵك بە بومەلەرزەی جەرگ بڕ،شەپۆلی نائاسایی،تەقینەوەی گرکانەکان.

بەڵام ئێستا،تیتانەکان بە سەلامەتی بەند کراون لە دووری ئەو شوێنەی ناتوانن زیان بگەیەنن.لە ژێر ڕابەرایەتییە ژیرانەکەی زیوس،زەوییەکە شوێنێکی فەرمانڕەوادار و ئارام بوو، وە خەڵکەکە دڵخۆش بوون.هەروەها خواوەندەکانیش.





ئیتر بێگومان دڵخۆشییەکی گەورە هەبوو کاتێك کوڕێك لە دایك بوو بۆ زیوس و هاوسەرە جوانەکەی،هێرا.منداڵەکە هەرقل لە ئاوێکی بەهەشتیدا گەرماوی کردبوو،وە مەدالیایەکی ئاڵتونی لە مل کرد.

کاتێك هەواڵی لە دایکبوونی هەرقل بڵاو بوویەوە،هەموو خواوەندەکان و هاوسەرەکانیان لە کۆشکەکەی زیوس کۆبوونەوە بۆ پەسەند کردنی منداڵە نوێیەکە، وە بۆ نیشاندانی شاخێك پێی لە خەڵاتی نایاب.

زیوس زۆر دڵخۆش بوو بە کوڕەکەی.



بە تایبەتی کە منداڵەکە پەنجەی باوکی گرت،لە زەوییەکە بەرزی کردەوە.
زیوس بە پێکەنینەوە وتی"ئەم منداڵە بەهێزە،تەنها لە باوکی دەچێت."
دواتر هێرا باوەشی کرد بە مێردەکەیدا و وتی"ئازیزەکەم، دیارییەکەمان لە کوێیە؟"

زیوس کۆمەڵێك هەوری دروست کرد بە دەستی و هەورەکانی کرد بە شێوەی بەچکە ئەسپێك. ئەسپێکی جوانی لێدەرچوو لەگەڵ باڵی سپی.

زیوس وتی"کورم،ئەو ناوی پێگاسەسە،وە ئەو هی تۆیە." هێرکەلس خورە خوری پێکرد و لە قۆڵی دەری هێنا.

ئەوکاتە،هەیدس،خواوەندی خراپە کاران،گەیشتە ئاهەنگەکە و بە تورەییەکی زۆرەوە سەیری کرد.هەیدس شێت نەبوو سەبارەت بە زیوس و خێزانە بچوکە دلخۆشەکەی.سوپاس بۆ زیوس، هەیدس تۆمەتبار کراوی بوو بە خراپە کاری.کە خواوەندەکانی تر ئەویان بردە سەر شاخی ئۆلۆمپی،ئەو پێویست بوو کاتی خۆی بە فیرۆ بدات دەور درا بوو بە کۆمەڵێك مەرگ و سەری مردوو.لە سەرووی ئەوەوە، ئەو ئەبوو لەگەڵ سەگێکی سێ سەری گەورەدا بمێنێتەوە کە لە پەلاماردان دەیپاراست، ئیتر بە باشی هەندێ خێوەکانی بێزارکرد.





ئیتر بە تێپەڕبوونی کات هەیدس گەڕایەوە ماڵ بۆ لای خراپەکاران،ئەو تێگەیشتووە چی ویست...تۆڵە کردنەوە !


دوو خێو،پەین و پانیك،چاوەڕێیان دەکرد.هەیدس وتی"با بزانم یەکسەر چارەنووس بگات."

چارەنووسەکان سێ دانەی ناشیرین بوون ئەوانەی یەك چاویان هاوبەش بوو لە نێوانیاندا بەڵام دەتوانن داهاتوو ببینن.هەیدس وتی"با بپرسم...ئەمە هەرقلە–ئەمە ئەو منداڵەیە نەیاری من دەبێت دەسەڵات دەگرێتە دەست یان چی؟"



چارەنووس زانەکان نەیانویست داهاتووی بۆ کەس ئاشکرا بکەن،بەڵام هەیدس ڕاستییەکەی پێ دەرخستن.
ئەوان پێیان ڕاگەیاند لە ١٨ ساڵیدا،کاتێك هەسارەکان هێڵیان کێشا، ئەو تەنها چانسی خۆی ئەبێت بۆ دەست بەسەردا گرتنی جیهان.بەڵام، ئەوان ئاگاداریان کردەوە" پێویستە هێرکەلس شەڕ بکات، تۆ شکست دەهێنیت."
هەیدس بە تورەییەوە وتی"چی؟"کاتێك هێمن بوویەوە،یاساکانی بیرکەوتەوە.هیچ کەسێك ناتوانێت خواوەندێك بکوژێت–خواوەندەکان نەمرن. ئەو دەبێت هەرقل بکوژێت.
ئیتر ئەو شلەیەکی جادوویی دا بە خێوەکان پەین و پانیك وە ئەوانی نارد بۆ ڕفاندنی هێرکەلس.
هێرکەلس سوارییەکەی بینی بە درێژایی شەو هەوا بێدەنگە خۆشییەکی زۆر.بەڵام کاتێك خێوەکان گەیشتنە سەر زەوی،هێرکەلس هاواری کرد.





گریانی هەرقل جووتیارێك و هاوسەرەکەیی لەو هەستاند،وە خێرا چوونە دەرەوە بۆ ئەوەی ببینن چی ڕوو دەدات.جووتیارەکە لە تاریکیدا وتی"کێ لەوێیە؟"

پەین و پانیك وازیان لە هەرقل هێنا پێش ئەوەی شلەکە تەواو بکات و خۆیان شاردەوە لە ناو هەندێ دەوەندا.

هاوسەرەکەی کە منداڵەکەی بینی وتی"بۆچی تۆ شتێکی هەژاریت." بە هۆی شلەکەوە،هەرقل گەشە کردنی وەکو خواوەندی لە دەستدا.ئەو وەکو منداڵێکی ئاسایی بوو—وە ژن و مێردەکە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ پاڕبوونەوە بۆ منداڵێك.


جووتیارەکە وتی"ئامفیتریۆن، بۆ ساڵانێکی زۆر ئێمە پاڕاینەوە بۆ خواوەندەکان منداڵێکمان پێ ببەخشن.ئێستا ئەوان وەڵامی پاڕانەوەکەی ئێمەیان داوەتـــەوە،"دواتـــر مەدالیا ئاڵتونەکەی ملی منداڵەکەی خوێندەوە"هەرقل."



پەین و پانیك زانییان دەبوو ئەرکەکەیان تەواو بکەن.بەڵام کاتێك خۆیان گۆڕی بۆ مار و لە ناو دەوەنەکەو دەرکەوتن بۆ هێرش کردنە سەر جووتیارەکە و خێزانەکەی، هەرقل ئەوانی بە کلکیان گرت،بەیەکەوە گرێی دان،وە فڕی دان بۆ شوێنێکی دوور.جووتیارەکە و هاوسەرەکەی پێی سەرسام بوون.

پانیك وتی"هەیدس ئێمە دەکوژێت کاتێك زانیی چی ڕووی داوە ."

پەین وتی"مەبەستت لەوەیە ئەگەر بزانێت."



ئەوکاتە،هەرقل بوو بوو بە کوشندەترین.لەبەر ئەوەی شلەکەی تەواو نەکردبوو،ئەو بەهێزی خواوەندییەکەی پاراست بوو.
ئەو بیرکردنەوەی لەوەی ئامفیتریۆن و هاوسەرەکەی دایك و باوکی بوون گەشەی کرد.بەڵام هێزە زۆرەکەی هەندێ کات کێشەی دروست دەکرد.کاتێك هەوڵی دا بۆ پەیوەندی کردن بە گروپێك کورەوە کە یارییەکیان دەکرد لە ژیانی لادێ، ئەو یەکسەر کەوت بە هەندێ پایەی بەردیندا،وە شوێنی بازاڕەکەی تێکشکاند.

خەڵکی شارۆچکەکە بە "کوڕی تێکشکێنەر."بانگیان دەکرد.ئەوان هاواریان کرد"چی کەسێکی نەشارەزا.نائاسایی!"ئەوان ویستییان باوکی هەرقل ئەویان لێ دوور بخاتەوە. هەندێ کەس وتیان" ئەو کوڕە مەترسیدارە!"

کە گەڕانەوە بۆ ماڵ،جووتیارەکە وتی"کوڕم،تۆ نابێت بهێڵیت ئەو شتانە کە وتیان بگەڕێتەوە بۆ تۆ."

هەرقل دەستی گرتبوو بەسەرییەوە و وتی"بەڵام،ئەوان ڕاست دەکەن.من مەترسیدارم! هەندێ جار من وا هەست دەکەم...وەکو من بە ڕاستی ناگەڕێمەوە بۆ ئێرە.وەکو ئەوەی من بۆ شوێنێکی تر دانرابێتم."

جووتیارەکە و خێزانەکەی زانییان ئەوە ئەو کاتە بوو بۆ ئەوەی ڕاستییەکە بە هەرقل بڵێن. ئەوان پێیان وت چۆن بە منداڵی ئەویان دۆزیوەتەوە،وە ئەوان مەدالیا ئاڵتونەکەیان پیشان دا. "ئەمە لە ملی تۆدا بوو کاتێك ئێمە تۆمان دۆزییەوە.ئەمە هێمای خواوەندەکانە."

هێرکەلس هەستی بەوە کرد کە دەبێت بزانێت لە کوێوە هاتووە–بۆ دۆزینەوەی شوێنێکی گونجاو. وتی"لەوانەیە خواوەندەکان وەڵامەکەیان لا بێت."وە مەدالیاکەی لە مل کرد، وە ماڵئاوایی لە دایك و باوکی کرد و وتی"ئێوە گەورەترین دایك و باوکن هەر کەسێك پێویستە هەیبێت،بەڵام من دەزانم..."





ئیتر هەرقل گەشتی كرد بۆ پەرستگای زیوس.ئەو لەبەردەم پەیكەرێكی گەورەدا دەپاڕایەوە. "ئۆه،زیوسی گەورە،تكایە گوێم لێبگرە و وەڵامی دوعاكەم بدەرەوە.من پێویستە بزانم.من كێم؟ وە من بگەڕێمەوە بۆ كوێ؟" بە تیشكێكی ڕووناكەوە پەیكەرەكە زیندوو بوویەوە.هەرقل حەپەسا،وە هەوڵی دا بۆ ئەوەی ڕابكات،بەڵام زیوس هەڵیگرتەوە.

زیوس وتی"ئەمە جۆری سڵاو كردنە لە باوكت؟"

هەرقل سەرسام بوو.ئەو وتی"ب-ب-باوكە؟ ئەگەر تۆ باوكی من بیت ئەوە من دەكات بە...."

زیوس وتی"خواوەندێك." وە ئەو چیرۆكەكەی بە تەواوی بۆ هەرقل گێڕایەوە،سەبارەت بەوەی ئەو چۆن ڕفێندراوە و بووە بە درندە.كێشەكە ئەوە بوو،ئەو ئەوەی ڕوون كردەوە كە هەرقل نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ شاخی ئۆلۆمپیات لەبەر ئەوەی چی تر ئەو نەمر نەبوو.ەرقل پرسیی"تۆ ناتوانیت شتێك بكەیت؟"



زیـــوس وەڵامـــی دایـــەوە"هـــەرقـــل،مــن ناتوانم.بەڵام تۆ دەتوانیت.ئەگەر بتوانی خۆت وەکو پاڵەوانێکی ڕاستەقینە لەسەر زەوی بسەلمێنیت،خواوەندییەکەت دەگەڕێتەوە."

هەرقل وتی"نایابە! ئوه...بەڵا ڕاستە چۆن دەبیت پاڵەوانێکی ڕاستەقینە؟"

زیوس یەکەم هەنگاوی ڕوون کردەوە،ئەوە بوو بۆ دۆزینەوەی فیلۆکتێتێس،ڕاهێنەری پاڵەوانەکان.

هێرکەلس زۆر تامەزرۆ بوو بۆ دەست پێکردنی ئەوە ئەو ڕایکرد بۆ لای دەرگاکە.زیوس وتی"وۆها! ئەسپەکانت ببە!ئەوەی بیری خستمەوە..."

زیـوس هـاواری کـرد،،وە ئەسپێکی گـەورەی سپی بـاڵـدار فـڕی لە ئاسماندا.زیوس وتی"لەوانەیە تۆ پێگاسەست بیر نەمابێت."

بەڵام بە زوویی ئەسپەکە لوتی دا لە هەرقل،ئەو زانی بیری کەوتەوە.ئەو بازی دایە سەر پێگاسەس،وە بەیەکەوە بە ناو ئاسماندا فڕین.





فیلۆکتێتێس مرۆڤێکی قەڵەو و کورتە باڵا بوو شاخی ئاژەڵ و وە قاچی بزنی هەبوو.وتی"بە فیل بانگم بکە."

هێرکەلس وتی"من پێویستم بە یارمەتی تۆیە،من دەمەوێت ببم بە پاڵەوان.پاڵەوانێکی راستەقینە."

فیل وتی"بمبورە منداڵ.من ناتوانم یارمەتیت بدەم،تەنها دوو وشە:من خانەنشینم."

فیل بێزار بوو بوو لە ڕاهێنانی پاڵەوانەکان:کە هەموویان تەواو بوون نا ئومێدیان دەکرد.بەڵام ئەو بیر و ڕای گۆری کاتێك زیوس تیشکێکی لێدا.ئیتر ڕۆژی دواتر،هەرقل دەستی کرد بە فێربوونی هەموو شارەزاییەکان کە پاڵەوانێك پێویستی پێیەتی.وە ئەو و فیل بوون بە دوو هاورێی باش.





دوای چەند مانگێك لە ڕاهێنان،ئەوە ئەوکاتە بوو بۆ هەرقل بۆ تاقی کردنەوەی شارەزاییەکان لە ژیانی ڕاستەقینەیدا.فیل وتی"ئێمە دەچین بۆ تبت،ئەوێ شارێکی گەورە و بەهێزە.شوێنێکی باشە بۆ ناوبانگ پەیداکردن."

بەڵام لە ڕێگادا،هەرقل و پێگاسەس گوێیان لە دەنگی گریانی ئافرەتێك بوو لە نارەحەتیدا.

هەرقل بەپەلە ڕۆشت بۆ ئەوەی یارمەتی بدات.ژنە گەنجەکە هەوڵی دەدا بۆ ئازادکردنی خۆی لە دەستی شتێکی زەبەلاح نیوەی پیاو بوو و نیوەکەی تری ئەسپ.



بە نامۆیی،ژنەکە وا دەرنەدەکەوت یارمەتیی بوێت.وتی"بگەڕێوە!من دەتوانم ئەمە چارە بکەم. بەڵام دوای هەوڵدانێك،هەرقل بە توندی پاڵی نا بە زەبەلاحەکەوە.

هەرقل بە شەرمەوە پرسیی"تۆ باشیت،خانمەکەم،ئۆه...؟"



بە چاوداگرتنەوە وتی"مێگارا.هاوڕێیانم بە مێگ بانگم دەکەن."

مێگارا دیارییەکەی هێرکەلسی ڕەتکردەوە،وە ئەو سەیری کرد بە خێرایی ڕادەکات.وتی" ئەوشتێکە،وانییە،فیل؟"

فیل وەڵامی دایەوە"بەڵا،ئازارێکی ڕاستی ئەژنۆمدا!"دواتر فیل ئەوەی بیری هەرقل هێنایەوە کە ئەوان بە ڕێوە بوون بۆ تبت.


کە هەرقل،فیل،و پێگاسەس بەردەوام بوون لە ڕێکردن بۆ تبت،مێگارا چووە ناو دارەکانەوە هەتا هەیدس دەرکەوت.ئەو پرسیی"بە ڕاستی چی ڕوویدا لێرە؟ من وامزانی تۆ ڕێبەرەکانی ڕووبارەکە ڕازی دەکەیت بۆ ئەوەی پەیوەندی بکەن بە گروپەکەمەوە بۆ ڕاپەڕینەکە..."

مێگ وتی"سەیر بکە،ئەوە هەڵەی من نەبوو،ئەوە کوڕە سەرسوڕهێنەرەکە بوو،هەرقل."

هەیدس پەین و پانیکی بە کلکیان گرت و هاواری کرد"هەرقل؟کەواتە ئێوە ئاگادار بوون."

هەیدس وتی"خۆشبەختانە بۆ هەرسێکتان ئێمە هێشتا کاتمان هەیە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەمە." هەیدس پلانێکی تری دانا بۆ خۆ ڕزگار کردنی لە هەرقل.






کاتێك هەرقل و فیل گەیشتنە تبت،شەقامەکان پڕبوون لە خەڵك،هەموان سکاڵای بارودۆخی شارەکەیان دەکرد.تاوان لە زیاد بووندا بوو،وە لافاو،ئاگر ،و بومەلەرزە هەبوون.

بێگومان، هەرقل یارمەتی پێشکەش کردن.وتی"من هەرقلم،وە من بۆ ئەوە دروست بووم ببم بە پاڵەوانێك."

بەلآم کەسیان بەڕاستی گوێیان لێنەگرت.لە دەرەنجامەکەی،ئەوان پێکەنین،ئەوەی فیلی تورە کردبوو.ئەو هەوڵی دا بروایان پێبکات بەوەی هەرقل شتێکی ڕاستە،بەلآم خەڵکەکە زیاتر پێکەنین.لە کۆتاییدا،فیل قۆچێکی دا لە پیاوێك.هێرکەلس پێویست بوو شەڕەکەیان بوەستێنێت.

کەمێك دواتر،هەرقل گوێبیستی دەنگێك بوو کە بانگ دەکات"ت کایە،یارمەتی !لێرە ڕووداوێکی سەیر هەبووە !"





ئەوە مێگ بوو.ئەو ڕوونی کردەوە کە دوو کوڕی بچووك بوون لە ژێر لای بەردێکەوە گیریان خواردبوو.

ئەوان بازیان دایە سەر پێگاسەس و فڕین بۆ ئەو شوێنەی کە کوڕەکان لە ژێر بەردێکی زەبەلاحدا گیریان خواردبوو.هەرقل بە ئاسانی بەردەکەی بەرز کردەوە،وە منداڵەکان خێرا ڕایانکرد.

فیل وایکرد هەرقل بزانێت مێگ ئەوی بردووە بۆ ناو تەڵەیەك.کوڕەکان بە ڕاستی پەین و پانیك بوون بەڵام خۆیان گۆڕی بوو.ساتێك دواتر،هەرقل هێرش کرایە سەری لە لایەن دراگۆنێکەوە لە دێو دەچوو.مارەکە دەرکەوت لە تەنیشت بەردەکەوە چاوەڕێی دەکرد.


مارەکە بە یەکجار هەرقلی قوتدا،بەڵام ئەو خێرا بە شمشێرەکەی کردی بە دوو لەتەوە،وە دواتر،دای لەسەری جانەوەرە زەبەلاحەکە.


بەم کاتە خەڵکەکە کۆبوونەوە،وە دڵخۆش بوون.بەڵام دواتر هەرقل گوێی لە دەنگێك بوو لە ملی ئەژدیهاکە.سێ سەریی دەرکرد کە یەکێکیان مابوویەوە!

هەموو جارێك هەرقل سەرێکی لێ دەکردەوە،سیانی تر دەچوونەوە جێگەی.لە کۆتاییدا ئەژدیهاکە سی سەری مابوو—هەموویان دەنگیان لێوە دەهات!

ئەمە بەکار نەدەهات.هێرکەلس وەستا بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە.دواتر مشتێکی ورد و خاش کرد بۆ لای شاخەکەوە و بووە هۆی ئەوەی لایەکی زەوییەکە هێرکەلس و جانەوەرەکە هەردووکیان داپۆشرین.


فیل خاپور بوو.خەڵکەکە بێدەنگ بوون...وە دواتر هێرکەلس لە ناو وردە بەردەکانەوە دەر کەوت،وە خەڵکەکە بە سروشتی ڕۆشتن.





لەو ڕۆژەوە،خەڵك دڵخۆش دەبوون کاتێك هەرقل بە ناویاندا دەڕۆشت.هەرقل لە پاڵەوانێتییەکەی بەردەوام بوو،جەنگی لەگەڵ ئەژدیهاکاندا دەکرد و سەرکەوت بەسەر شکستەکان لە هەرکوێیەك توشی بوو،لەگەڵ هاوڕێ ڕاستگۆکەیدا،فیل.
دوابەدوای چەند سەرکەوتنێك،هەرقل بە دڵنیایی هەستی کرد خۆی سەلماندووە.ئیتر ئەو و پێگاسەس گەشتیان کرد بۆ شاخی ئۆلۆمپیك بۆ بینینی باوکی.
زیوس وا دەردەکەوت ڕازی بێت بەوەی هەرقل کردوویەتی.پێی وت"کوڕم،تۆ ئیشێکی گەورە دەکەیت."
هەرقل وتی:"من دەمێکەیە چاوەڕێی ئەم ڕۆژەم."
زیوس پرسیی"هممم،ئەوە چ ڕۆژێکە،کوڕم؟"
هەرقل وەڵامی دایەوە"ئەو ڕۆژەی پەیوەندی بە خواوەندەکانەوە دەکەمەوە."
سێبەرێك لەسەر دەم و چاوی زیوس ڕۆشت و وتی"کوڕی خۆم،من دەترسم لەوەی بەناوبانگ بوون وەکو بوون بە پاڵەوانێکی ڕاستەقینە نەبێت."
هەرقل پرسیی"من دەتوانم چی تر بکەم؟"
زیوس وتی"سەیری ناو دڵت بکە."

هەرقل نائومێد بوو.ئەو حەزی نەما بۆ ئەوەی ببێت بە پاڵەوان.کاتێك مێگ دەرکەوت و پێشنیاری کرد ئەو لە بازرگانی پاڵەوانێتی دووربکەوێتەوە بۆ ڕۆژێك،هەرقل دڵخۆش بوو بۆ ئەوەی ڕازی بێت.ئەو هەرگیز گومانی نەدەکرد هەیدس لە پشت سەردانەکەی مێگەوە بێت.





هەیدس بە درێژایی کات رایدەکرد.ئەو رۆژە چارەنووس زانەکان پێشبینییان دەکرد و خۆیان نزیك دەکردەوە–ئەو ڕۆژەی هەسارەکان لە ڕیزێکی نایابدا دەبن و هەیدس دەتوانێت دەست بگرێت بەسەر جیهاندا.

تەنها هەرقل لەسەر ڕێگەی وەستا.وە هێشتا هەیدس خاڵی لاوازی پاڵەوانەکەی نەدۆزیبوویەوە.لە بەرامبەردا،زۆر دوور،هەرقل خۆی لە هەموو تەڵەکان دەرباز کرد کە هەیدس بۆی دانا بوو.

مێگ بە پێی پێویست یارمەتی هەیدسی دابوو وتی"من بەشی خۆمم تەواو کردووە."

ئەوە ئەو کاتە بوو کە هەیدس بیری خستەوە کە ئەو گیانی خۆی پێفرۆشتووە.ئەو ئازادیی بە مێگ پێشکەش کرد بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ناو هەرەوەزییەکە.

ئیتر مێگ پلانی دانا بۆ دۆزینەوەی خاڵی لاوازی هەرقل بدۆزێتەوە.بەڵام دڵی ئەوەی نەدەویست.

هەرقل و مێگ ڕۆژێکی خۆشیان پێکەوە بەسەر برد،بە ناو باخچەکەی هەرقلدا دەهاتن و دەچوون و قسەیان دەکرد.لای ئێوارە،هەرقل زانیی ئەو کەوتووەتە خۆشەویستییەوە لەگەڵ مێگ،وە دانی نا بە قووڵترین ئاوات و ترسەکانیدا.

وتی"کاتێك من لەگەڵ تۆدام،من هەست بە تەنهایی ناکەم."

کێشەکەی مێگ ئەوە بوو ئەویش کەوتبووە خۆشەویستیی هەرقل.مێگ نەیویست ئەو بریندار بکات،بەڵام ئەو لە ژێردەستی هەیدسدا بوو.ئەو دەیتوانی چی بکات؟





مێگ بە هەیدسی ڕاگەیاند"خۆت کچێکی تر پەیدا بکە."
بەڵام هەیدس نەیویست ڕازی ببێت مێگ لە ئیش کردن بۆی بوستێت.وە فیل دەرکەوت بۆ ئەوەی گوێبیستی تەواوی قسەکان بێت بۆ ئەوەی بزانێت مێگ ئیشی بۆ هەیدس کردووە.ئەو خێرا ڕایکرد بۆ ئەوەی هەرقل ئاگادار بکاتەوە.
فیل هاواری کرد"ئەو فێڵبازە!ئەو هیچ نیە بەڵام دوو ڕووە،باش نییە،ئەو درۆ دەکات."
هەرقل هاواری کرد"دەمت دابخە."
فیل دامرکایەوە"ئەوە خۆیەتی."
هەرقل بە تەنها بوو کاتێك هەیدس لەگەڵ مێگ دەرکەوت.هەیدس وتی"واز لە هێزت بهێنە بۆ نزیکەی 24 کاتژمێر وە مێگ لێرەیە و ئازادە وەکو باڵندەیەك و سەلامەتە و ئازاری پێنگات."
هەرقل نەیتوانی خۆی ڕابگرێت بۆ ئەوەی ئازاری مێگ ببینێت.ئەو ڕزای بوو بە ئاڵوگۆڕەکە،وە دواتر زانیی،هەیدس هێزی لە لەشی دەرکردبوو.

کە ئەو مێگی ئازاد کرد،هەیدس ئەوەی بە هەرقل وت کە ماوەیەکی زۆرە ئەو ئیشی بۆ کردووە.





هەیدس تەنها ٢٤ کاتژمێری مابوو،وە ئیشێکی زۆر بۆ ئەوەی بیکات.یەکەم جار،ئەو تیتانەکانی لە کانە خەلووزەکە ئازاد کرد ئەو شوێنەی کە زیوس ئەوانی تێدا بەند کردبوو.زیوس وتی"سەیری بەندینخانە پیسەکەتان بکەن.کێ ئێوەی لێرە داناوە؟"

تیتانەکان هاواریان کرد"زیوس!"


وتی"وە ئەگەر من ئێوە ئازاد بکەم،یەکەم شت چییە ئێوە دەیکەن؟"

"کوشتنی ئەو!"


دواتر،هەیدس ڕۆشت بۆ ئەوەی دێوە یەك چاوەکە بدۆزێتەوە. وتی"من ئەرکێکی تایبەتم هەیە بۆ ئێوە."

ئیتر تیتانەکان هێرشیان کردە سەر شاخی ئۆلۆمپی.خواوەندەکان کەمێك کاتیان مابوو بۆ ئەوەی خۆیان بۆ جەنگ ئامادە بکەن.زیوس زانیی هەیدس لە پشت هێرشەکەوە بووە،بەلام بێهێز بوو بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی تیتانەکان ببێتەوە.





دێوە یەکچاوەکە لەسەر بەرزاییەکە بوو لە تبت وە هاوڵاتیەکانی ترساند و پێی وتن کە یارمەتی بدەن کە هەوڵیان دەدا لە ئەژدیهاکە دوور بکەونەوە.
هەرقل سەرکردایەتی هەراکەی دەکرد.مێگ هاواری کرد"بوستە! بە بێ توانات ،تۆ دەکوژرێیت." بەڵام هەرقل،ڕازی بوو بەوەی مێگ ناپاکی لەگەڵ کردووە،گرنگی نەدەدا بەوەی دەژی یان دەمرێت.
مێگ ڕۆشت بۆ ئەوەی فیل بدۆزێتەوە.لەوانەیە ئەو بتوانێت هەندێك قسەی ژیرانە بۆ هەرقل بکات.
بە تێپەڕبوونی کات مێگ لەگەڵ فیل گەڕایەوە،هەرقل سەری لێشێوا،وە نزیك بوو لەوەی واز بهێنێت.بەڵام فیل ئامۆژگاریی کرد.هاواری لێکرد"وەرەوە،منداڵ،شەڕ بکەرەوە وازهێنان بۆ سەربازە نەزانەکانە."
بە ئەوپەڕی توانایەوە،هەرقل گوریسێکی بەست لە ئەژنۆی دێوەکەوە و ڕایکێشا بۆ ناو دەریاکە.




کە دێوە چاوەکە کەوت،خۆی کێشا بە دوو پایەی زەبەلاحدا.مێگ هاواری کرد"هەرقل! ئاگادار بە!" پاڵی نا بە هەرقلەوە بۆ ئەو لاوە.پایەیەك کەوت بەسەر مێگدا،وە کەوتە ژێرییەوە.

کە هەرقل هەوڵی دا بیجوڵێنێت،ئەو هەستی کرد هێزەکەی گەڕاوتەوە.ئەوە لەبەرئەوە بوو هەیدس پەیمانەکەی شکاندبوو– ئەو بەڵێنی بە مێگ داوە کە سەلامەت دەبێت،بەڵام ئێستا ئەو بەخراپی بریندارببووە.هێرکەلس ئەوی لەناو دەستی هەڵگرتبوو.وتی"مێگ،بۆچی تۆ...؟ تۆ نەدەبوو –"

مێگ وتی"خەڵك هەمیشە ئیشی شێتانە دەکەن کە لە خۆشەویستیدان،هێشتا دەتوانیت هەیدس بوەستێنیت."

ئیتر هەرقل و پێگاسەس چوون بۆ شاخی ئۆڵۆمپی،فیلی بەجێهێشت بۆ ئەوەی ئاگاداری مێگ بێت.ئەوان گەیشتنەوە بینییان خواوەندەکان کۆت و بەند کروان،لەلایەن تیتانەکانەوە.








هەرقل پەیمانی خواوەندەکانی شکاند،وتی"ئەمە هیچ نییە بۆ نەهێشتنی جیاوازییەکان."

دواتر ئەو دێوە بەستووەکەی پارچە پارچە کرد کە زیوسی بەند کردبوو.زیوس وتی"سوپاس بۆ تۆ،کوڕم، ئێستا سەیری ئیشی پیاوە پیرەکەت بکە."چەند هەورە بروسکەیەکی گرت،وە هەڵی دا بۆ تیتانەکان.



تیتانەکان هاواریان کرد وە هەوڵیاندا بڵاو ببنەوە،بەڵام هەرقل خستنیە بۆشایی ئاسمانەوە.

هەیدس بە تووڕەییەوە سەیری دەکرد لەناو گالیسکەکەیەوە.بە هەرقلی وت"بەلایەنی کەمەوە من دیاریەکم بۆ تۆ هێناوە،ئەو هاوڕێیانەت کە بە بینینی من دەمرن."

مێگ!هەرقل بازی دایە سەر پێگاسەس،پاڕایەوە کە زۆر درەنگ نەکەوتبێت.



بەڵام کاتێك لە تبت نیشتەوە،فیل بە دەم و چاوی فرمێسکاوییەوە چیرۆکە ڕاستییەکەی پێ وت. مێگ مردبوو. فیل وتی"من داوای لێبوردن دەکەم منداڵ،بەڵام هەندێ شت هەیە تەنها تۆ دەتوانیت بیگۆڕیت."


هەرقل وتی"بەڵێ،دەتوانم."

لەلای خراپەکاران،هەیدس هێشتا باسی بردنەوەکەی دەکرد کاتێك دەرگاکانی تەختی پاشایەتی لەناکاو کرانەوە،و هەرقل هاتە ژوورەوە،لەسەر سەگێکی سێ سەری پاسەوانی.

هەرقل وتی"مێگ لە کوێیە؟" لە ڕێگایەکی سەختەوە، ئەو بارستەیەکی بینی بەسەر گیانیانەوە،مێگ لەناویاندا بوو. ئەو خستیە سەر دەستی،بەڵام بە ترسەوە گەڕایەوە. دەستی پیر بوو.

هەرقل وتی"تۆ حەزت لە ڕێککەوتنە.من لە جیاتی مێگ بگرە."

هەیدس وتی"باشە.تۆ ئەو ببەرە دەرەوە،ئەو دەڕوات تۆ لێرە دەمێنیتەوە."




هەرقل کەوتە چاڵی مەرگەوە.ئیتر ئەو لە دوای مێگەوە مەلەی کرد،لاشەی بەهێز بوو هەتا رەقتر بوو لە ئێسکەپەیکەرێك.دواتر،بۆ هەیدس سەرسامکەر بوو،لاشەی هەرقل ئاسایی بوویەوە،وە دەستی کرد بە گەشە کردن.لە چاڵەکەوە ئاگادار کرایەوە لە هەڵگرتنی گیانی مێگ.


هەیدس وتی"تۆ ناتوانیت بژیت!"

"تۆ دەبێت..."


پەین و پانیك وتیان"خواوەندێك؟"



هەیدس هەوڵی دا پەیمانێکی تر ببەستێت،بەلاّم هەرقل گرتی و خستیە چاڵی مەرگەوە.
هەرقل ڕێبەری لاشەی مێگی کرد بۆ ئەوەی ژیان بگەڕێتەوە بۆ لاشەی.کە فیل و پێگاسەس سەیریان کرد،چاوی هەڵهێنا،دواتر کردیەوە.هەرقل یارمەتی دا بۆ ئەوەی ڕێ بکات.
ئیتر یەکتریان لە باوەش کرد،تیشکە ڕووناکەکان دایان لە زەوی و لە دەوریان کۆبوونەوە،وە هەورێك پەلەی دا لە ژێر قاچیاندا.گوڵی هەورەکە بە هێواشی بەرز بوویەوە،وە هەڵیگرتن بۆ دەروازەکانی شاخی ئۆلۆمپی.
کە هەرقل دەستی کرد بە بەرز بوونەوە،هەموو خواوەندەکان هەستانێکی ڕێزلێنانیان پێ بەخشی.
خواوەند هێرا سلاّوی لێکرد."هەرقل،زۆر دڵخۆشین بە تۆ."



خواوەند باوەشی پێدا کرد.وتی"تۆ ژیانی خۆتت دەبەخشی بۆ ڕزگارکردنی ئەم ژنە گەنجە."
زیوس وتی" پاڵەوانێکی ڕاستەقینە بە قەبارەی هێزی نییە بەڵکو بە هێزی دڵیەتی،ئێستا،لە کۆتاییدا،کوڕم،تۆ دەتوانیت بگەڕێیەتەوە بۆ ماڵ."



مێگ سەیری هەرقلی کرد،بە چاوی فرمێسکاوییەوە.پێی وت"پیرۆزە کوڕی سەرنجڕاکێش."

هەرقلهەمیشە خەونی بەم ساتەوە دەبینی،بەڵام ئەوە لێدانێکی دڵی وەرگرت بۆ بڕیارەکەی.

ئەو گەڕایەوە بۆ لای باوکی.وتی"ژیانێك بە بێ مێگ،تەنانەت نەمرێك،بەتاڵ ...دەبێت." ئەو دەستی مێگی گرت و بە فرمێسکەکانی گەشایەوە. وتی"من هیوا خوازم بۆ ئەوەی لەسەر زەوی لەگەڵ ئەو بمێنیتەوە.من لە کۆتاییدا زانیم کوێ بە بەجێ دەهێڵم."

زیوس و هێرا بێ ئومێد بوون لە لەدەست دانی کوڕەکەیان،بەڵام ئەوان ڕێزیان لە ئاواتەکانی گرت.

لە ئاسمانەکان،زیوس کۆمەڵە ئەستێرەیەکی دروست کرد لە ئاسماندا،بۆ ڕێز گرتن لە کوڕە پاڵەوانەکەی.






وە هەرقل لە کۆتاییدا زانیی باوکی مەبەستی لە
چی بوو: کاری پاڵەوانی لە دڵدا لە دایك دەبێت.



# ژیانی مێرووەک





له دوورگەی مێروولەکاندا،مێروولە کان سەرقاڵ بوون بە ئامادەکرنی پـێشکـەشکـردنـی سـاڵانـە بۆ کوللەکان.ئەوان هەموویان بازیان دایـە خـوارەوە،لـە کۆکردنەوەی دانەوێڵە و بردنی بۆ سەر بەردی پێشکەش کردنەکە.

هـــەروەهــا فـلـیـکـیـش ئیشی دەکـرد،بـەڵام ئەو شتەکانی بەو ڕێگایە نەدەکرد کە مێروولەکانی تر دەیانکرد.ئەو دروێنەکەرێکی دروســت کـرد بۆ هەڵگرتنەوەی دانەوێڵە بە شێوەیەکی خێراتر. بگرە بە باشی و جوانی ئیشی دەکرد،بە داخەوە دروێنەکەرەکە قەدێکی بەتاڵی فرێدایە سەر ئەتا، شازادەی کۆمەڵەکە.فلیك پۆزشی هێنایەوە—ئەو لـەوە دەترسا ئـازاری شـازادەی دابێت.ئەو زۆر دەیویست کـاری تێبکات،نەك ئـــازاری بــدات.بــەڵام ئـەتـا لە هەموویاندا بە مێروولە داهێنەرە گەمژەکە کاریگەر نەبوو کە وا دەردەکـــەوت نـەتـوانـێـت ئیش بکات.



فلیك خێرا ڕایکرد هەستی دەکرد سەرکەوتوو بوو،بەڵام خوشکە بچووکەکەی شازادە ئەتا،دۆت، دوای کەوت.ئەو پێی وت کە داهێنانەکەی بەدڵە.

فلیك وەڵامی دایەوە"باشە،تۆ یەکەم کەسیت،من دەست دەکەم بە بیرنەکردنەوە لە هیچ شتێك کاتێك ئیش دەکەم."

دۆت وتی"هەروەها منیش."ئەو کەسەی هەروەها هەستی بە شکست دەکرد.دایکی تەنهاپێی وتووە ئەو زۆر بچووکە بۆ ئەوەی بفرێت.ئەو هەستی دەکرد کە باڵەکانی هەرگیز گەشە ناکەن.

فلیك بۆ دۆتی ڕوون کردەوە تەنها تۆوێکی بچوکە دەتوانێت ببێت بە دارێکی زەبەلاح،ئەو هەندێك ڕۆژ دەیویست شتانێکی گەورە بکات.فلیك وتی"تۆ تەنها دەبێت هەندێك کات بدەیت بە خۆت."



لە ناکاو،زەنگەکە دەنگی هات و هەموو مێرووڵەکان ترسان. کوللەکان دەهاتن!


شاژن وتی"باشە،هەمووتان،فایلێکی سادە!خواردن بۆ بەردی پێشکەشکردنەکە و بۆ ناو گردی مێرووڵەکان."


هەمووان پەلەیان کرد بۆ گردی مێرووڵەکان،بەڵام فلیك دواکەوت لەبەرئەوەی دروێنەکەرەکەی زۆر قورس و شپرزە بوو.بەڵام کاتێك لە بەردی پێشکەشکردنەکە دەرچوو،دروێنەکەرەکە دای لەهەموو دیارییەکان و کەوتە لاپاڵێك.






کاتێك کوللەکان بەردێکی بەتاڵیان بینی لە دیاری،زۆر تووڕە بوون و چوونە ناو گردی مێروولەکان.
هۆپەر،سەرۆکەکەیان، وتی"خواردنەکانم لەکوێن؟"
کاتێك شازادە ئەتا نەیتوانی وەڵامی بداتەوە،هۆپەر دۆتی گرت بۆ ئەوەی نیشانی بدات مەبەستی لە بازرگانی بوو.بەڵام فلیك هەستا و وتی"ئەو بە تەنها جێ بهێڵە."
هۆپەر وتی"ئەوە بۆ من وا دەگەیەنێت ئێوە مێروولەکان شوێنەکەی خۆتان لە بیرچووەتەوە." دواتر پێی وتن کوللەکان دەگەڕێنەوە کاتێك دوایین گەڵا دەکەوێت،وە ئەو دووهێندە برە خۆراکی ویست.
کاتێك کوللەکان ڕۆشتن،ئەنجوومەن کۆبوونەوە بۆ ئەوەی تێبگەن چی لە فلیك بکەن.ئەو هەموو شتێکی تێکداوە!
دواتر فلیك بیرۆکەیەکی بۆ هات.وتی"ئێمە دەتوانین مێرووی گەورەتر بدۆزینەوە بۆ ئەوەی بێن بۆ ئێرە شەڕ بکەن و بۆ هەتاهەتایە ڕزگارمان بکەن لە هۆپەر و دەستەکەی."
مێروولەکانی تر وایان دەزانی ئەو شێت بووە،بەڵام ئەوان هێشتیان کۆمەڵەکە بەجێ بهێڵێت و بۆ مێرووی گەورەتر بگەڕێت.ئەوە دەیپاراست لە کێشە و بەربەستەکان،ئەوان وایاندەزانی هەرگیز ناگەڕێتەوە.
تەنها دۆت بڕوای پێکرد.کاتێك فلیك فڕی بە هاوڕێکەی وت"تۆ تەنها سەیر بکە،ئەو باشترین بە دەست دەهێنێت،جیاوازترین مێروولە کە تۆ هەرگیز نەتبینیوە!"





ئەوکاتە،لە شارەکەدا،شتەکان باش نەدەڕۆیشتن بۆ کێچ پی.تی و مێرووە سێرکبازەکانی. ئەوان بینەرێکی یەکجار گەورەیان هەبوو،ئەوانەی قسەیان دەکرد و خۆشیان بۆ نمایشکارەکان دروست دەکرد.دواتر ژن و مێردێك لە فڕیوەکان خۆشییەکیان دروست کرد لە فرانسیس.ئەو کەسەی هەرەشەی کردبوو بۆ لێدانیان.

سامناکانە،پی.تی بڕیاری دا پەیوەندی بکات بەسەرۆکی میوزیکەوە.



هەموو مێرووەکان ئامادە بوون.ئەم نواندنە دیاری کرابوو بۆ ڕزگارکردنی نمایشەکەیان،بەڵام هەموو شتێك بە هەڵە ڕۆشت،وە کێچەکە وازی هێنا لە سوتاندی شتێکی وشك.

بینەرەکان بە دڵخۆشی هاواریان کرد،بەڵام کێچەکە بە هەمووی ڕازی نەبوو. ئەو هاواری بەسەر مێرووە سێرکبازەکاندا کرد"ئێوە هەمووتان سووتاون."



ئەوکاتە،مێرووە سێرکبازەکان خەمەکانیان دەرەواندەوە لە بارێکی نزیکی مێرووەکاندا،فلیك لە کۆتاییدا گەیشتە شارەکە.ئەو مێرووی زۆری بینی کە دڵنیا بوو هەندێ مێروو دەدۆزێتەوە بۆ یارمەتی دانی کۆمەڵەکەی.ئەو چوو بۆ باری مێرووەکان–ئەوە لە شوێنێك دەچوو کە مێرووەکان بە قورسی دەدۆزرانەوە.

دوای کەمێك مێرووە پاڵەوانبازەکان تێوەگلان لە هەرایەکی گەورە لەناو بارە تەنەکەکەدا. کاتێك شەڕەکە دامرکایەوە،گوێیان لە چەپڵە بوو.ئەوە فلیك بوو.

فلیك هاواری کرد"من نێردراوم بۆ لای مێرووەکان بە توانا تەواوەکانی ئێوە.تکایە،ئێوە یارمەتیمان دەدەن؟"


فلیك وایزانی مێرووە سێرکبازەکان جەنگاوەر بوون.مێرووە سێرکبازەکان وایانزانی فلیك نێردراوێکی بە توانا بوو،وە ئەوەی ئەو ویستی ئەوان کوللەکان دڵخۆش بکەن.ئەوان دڵخۆش بوون بەوەی دووربکەونەوە لە مێرووەکان کە لە دوایانەوەن.

سلیم وتی"ئێمە ئەرکەکە دەگرینە ئەستۆ،ئێوە دەتوانن لە ڕێگەدا درێژەکەی ڕوون بکەنەوە."





کە گەیشتنە نزیکی دوورگەی مێرووەکان،فلیك و مێرووە سێرکبازەکان برسی دیاربوون،هیلاکتر بوون زیاتر لە هەموو ئەو ئیشانەی کە پێشتر کردوویانە.
دۆت یەکەم کەس بوو تێبینی هاتنەوەی فلیکی کرد.هاواری کرد"فلیك...من زانیم تۆ دەتوانیت ئەوە بکەیت."
شازادە ئەتا وتی"ئەو لەوە نەدەچوو بە خێرایی هەندێك مێروو بدۆزێتەوە!"
مێرووەکانی تر ترسان لە گەیشتووە تازەکان.
سلیم کاتێك کاردانەوەی مێرووەکانی تری بینی بە سێرکبازەکانی وت"ئێمە ئەرکەکە بە جێ دەهێڵین."
دواتر فرانسیس قسەی کرد"کە هاوڕێ کوللەکانتان دەگەنە ئێرە،ئێمە دەمرین!"
مێرووەکان لە کۆتاییدا بەسەر مێروولەکاندا سەرکەوتن.بەڵام کاتێك مێروولەکان ئاهەنگێکیان بۆ پێشوازی کردن لە جەنگاوەرەکان ڕێکخست،سێرکبازەکان هەستییان کرد لێکتێنەگەیشتنێك هەیە.ئەوان فلیکیان ڕاکێشا،وە پێیان وت ئەوان دەیانەوێت بە جێیان بهێڵن.





فلیك لە مێرووە سێرکبازەکان پاڕایەوە بۆ ئەوەی بمێننەوە و یارمەتیی بدەن.ئەو پێی وتن ئەگەر شکستی هێنا لەمەدا،بە دۆڕاوێـك لە قەڵەم دەدرێت لە ژیانیدا،وە تەواوی کۆمەڵەکە لە مەترسیدا دەبن.مێرووەکان هەوڵیاندا بڕۆن،کاتێك لە ناکاو فلیك گەڕایەوە بۆ ئەوەی ڕابکات. هاواری کرد"باڵندەیەك!"

بۆ خراپترکردنی جەوەکە،دۆت دوای فلیك کەوت.ئەو لە هەوادا دەفری. تەنها باڵندەکە دیاربوو.هەموو مێرووەکانی تر ڕایانکرد بۆ ئەوەی خۆیان بشارنەوە،هەندێك مێروولە دۆتیان بینی لە سەلامەتیدا لە قەراخێکی دووردا.




شاژن و شازادە ئەتا دوای ئەو باڵندەیە کەوتن کە دوای دۆت کەوتبوو.ئەو هێشتی هەنگەکە بڕوات لە کاتێکدا ڕزگاری کرد لە قووتدانی لە لایەن باڵندەکەوە،بەڵام دواتر کەوتە سەر زەوی.

خۆشبەختانە،فرانسیس دۆتی بینی دەکەوتە خوارەوە،وە فری بۆ ئەوەی ڕزگاری بکات.ئەوان لە شوێنی ڕووبارێکی وشکبوو نیشتنەوە،لەگەڵ ئەو باڵندەیەی کە بە دوایانەوە بوو.کاتێك باڵندەکە نیشتەوە،بەردەکانی پێنیشاندان.بەردێك قاچی فرانسیسی شکاند،وە دانەیەکی تر هەڵیدایە دەرەوە.



دواتر سلیم هەیملیچی هەڵگرت بۆ سەرقاڵکردنی باڵندە برسییەکە.

هەیملیچ هاواری کرد"یوو-هوو!بەڕێز باڵندەی گەنج،چی دەڵێیت،سەبارەت بە کرمێکی بەتام لەسەر دارێك؟"





کاتێك باڵندەکە دوای هەیلمیچ کەوت،فلیك و هەندێك لە مێرووە پاڵەوانبازەکانی تر ئیشیان کرد بۆ ئەوەی دۆت و فرانسیس ڕزگار بکەن.هەیلمیچ زۆرترینی لەلایەن باڵندەکانەوە خوراون، بەڵام ئەو هەوڵی دا خۆی بشارێتەوە.باڵندەکە گەڕایەوە بۆ لای دۆت،فرانسیس،وە ئەو مێرووانەی کە ڕزگاریان کردبوون.باڵندەکە لە بەدواداچوونێکی گەرمدا بوو،بەڵام مێرووەکان لە کاتێکدا کردیان بە ناو دەوەنێکی درکاوییدا.ئەوان لە کۆتاییدا سەلامەت بوون!

دواتر فلیك و مێرووە سێرکبازەکان گوێیان لە دەنگێکی نامۆ بوو.


ڕۆسی،جاڵجاڵۆکە ڕەشە بێوەژنەکە پرسی"ئەوە چییە؟"

ماننی وتی"ئەوە،هاوڕێکانم،ئەوە دەنگی چەپڵە و دڵخۆشییە!"

دوای شایەتی دانی سەرکەوتن لە ڕزگارکردنەکە،شازادە ئەتا پۆزشی هێنایەوە بۆ فلیك،وە ئەوەی پێ وت ئەو زۆر بەجەرگ بووە.

ئەو وتی "هەموو مێروویەك ناتوانێت باڵندەیەك بێت،ئیتر ترسی هۆپەر لە ئێمەیە."

فلیك کە بیرۆکەیەکی بۆ دروست بوو وتی"ترسی هۆپەر لە باڵندەکانە!"




فلیك واینەدەزانی ئەنجومەن دووبـارە گوێی لێبگرن،ئیتر ئەو مێرووە سێرکبازەکانی برد بۆ ئەوەی بیرۆکەکەی پێشکەش بکەن بۆ ئەنجومەن.ماننی بیرۆکەکەی ڕوون کردەوە،ئەوە بوو بۆ ئەوەی باڵندەیەکی ساختە دروست بکەن بۆ ترساندنی هۆپەر.بۆ یەکەمجار،ئەنجومەنەکە بە بیرۆکەکە ڕازی بوون.ئەوان وایانزانی ئەمە سەردەگرێت.

ئەوە زۆرێك لە گروپی کاری دروست کرد بۆ قەبارەی باڵندەیەکی زیندوو.ئەوان چڵی دار و گەڵایان بەکار هێنا بۆ لاشەی و باڵەکانی،وە بادامێکیان بەکارهێنا بۆ دەنووکی.مێرووولەکان ئیشەکەیان بە دڵ بوو—ئەوان باش بیریان لە خۆیان دەکردەوە بۆ یەکەم جار بۆ ماوەیەکی درێژ.



مـێرووە سێرکبازەکانیش بەشی خۆیانیان کـرد.کـاتـێـك باڵندەکە بنیاتنرا،بەرزیان کـردەوە بۆ ئاراسەتەی ماننی بە بەکارهێنانی تۆڕی جاڵجاڵۆکەکە.دواتر ئەوان بەرزیان کردەوە بۆ بۆشایی دارێك،خێرا بەرزیان کردەوە.ئەوە لەوێ دەمێنێتەوە هەتا هۆپەر و دەستەی کوللەکەی دەگەن.

هەموو مێرووولەکان دڵخۆش بوون کە باڵندەکە خرایە شوێنی خۆی.ئەوان ئەوەیان زانی بۆ جاری دواتر کە کوللەکان هاتن،هەموو شتێك جیاواز دەبێت.ئەم جارە،مێرووولەکان ئامادە دەبن.



ئەوکاتە،بەشی خـوارەوەی سنورەکە،کوللەکان بە ئاسان وەریان دەگرت.هەندێکیان زۆر تەمبەڵ بوون بۆ ئەوەی بچنەوە بۆ دوورگەی مێرووەکان.ئەوان برا گێژەکەی هۆپەر (مۆڵت)یان ڕازی کرد بۆ ئەوەی هەندێك شت بە هۆپەر بڵێت سەبارەت بەوە.

مۆڵت وتی"بۆچی برۆینەوە؟تۆ تەنانەت حەزت لە دانەوێڵە نییە."

هۆپەر تورە بوو.بەڵام ئەو بە هێمنی گەڕایەوە بۆ لای کوللەکانی تر،وا دەردەکەوت هاورا بێت لەگەڵیان.

هۆپەر وتی"بەڵام لەوێ ئەو دوو مێروولەیەی لێ بوون کە هەستان بۆ من."

یەکێکی تر لە کوللەکان وتی"ئێمە دەتوانین ئەو لەبیربکەین."

هۆپەر بە پیشاندانی تورەییەوە وتی"ئێوە با یەکێکتان هەڵبستێت بۆ ئێمە،دواتر هەموویان هەڵدەستن."

گەڕایەوە بۆ لای کوللەکانی تر،ئەو بەردەوام بوو،"ئەو مێروولە بچوکە بێهێزانە سەدیان بە یەکێك هەژمار دەکرێت.وە ئەگەر ئەوان تەنانەت لەوە تێبگەن،ڕێگای ژیانمان دەڕوات...با برۆین!"

وە لەگەڵ ئەوەدا،کوللەکان ڕۆشتن بۆ دوورگەی مێروولەکان.





کە مێروولەکانی کۆمەڵەکە ئاهەنگیان دەگێڕا بۆ تەواوکردنی باڵندەکە،فلیك مێرووە سێرکبازەکانی دوورخستەوە.
وتی"کاتێك ئەم ئاهەنگە تەواو بوو،من ئێوە دەنێرمەوە بۆ شوێنی خۆتان،وە دواتر ئێوە بۆ هەمیشە لێرە دەڕۆن."
قالۆنچەکە وتی"دیم نایەوێت بڕوات."
ڕۆسی وتی ئەو دەیەوێت لەگەڵ دیم بمێنێتەوە.هیچیان نەیاندەویست یەکتری بەجێ بهێڵن. ئەوان لە وڵاتەکەدا هاوڕێیان دروست کردبوو.فرانسیس ئیتر بووبوو بە دایکێك بۆ کۆمەڵەکەی دۆت.





دواتر شازادە ئەتا هاتەوە بۆ لایان.وتی"ئێوە چاوتان لەم وڵاتەیە؟من هەرگیز دانتان پێدانانێم! وە مێرووەکان من پێویستە سوپاستان بکەم بۆ ئەوە،کەواتە سوپاس."


دواتر،زەنگەکە دەنگی هات.بەڵام ئەوە کوللەکان نەبوون کە دەهاتن.ئەوە کێچ پی.تی بوو، بۆ مێرووە سێرکبازەکانی دەگەڕا.فلیك هەوڵی دا پەردەی سەر پۆسەتەرەکە لاببات کە پیای دابوو،مێروولەکان بە ئاسانی مێرووەکانیان پەسەند کرد.ئەوان جەنگاوەر نەبوون:ئەوان نمایشی سێرکیان دەکرد!

مێروولەکان تورە بوون لە فلیك کە درۆی لەگەڵ هەمووان‌دا کردووە.شاژن فەرمانی کرد مێرووە سێرکبازەکان بە جێیان بهێڵن،وە ئەتا بە فلیکیشی وت بڕوات.

وتی"وە ئەم جارە تۆ مەگەڕێوە."فلیك بێدەنگ بوو.

پی تی وتی"کۆمەڵێکی بێبەزیی." ئیتر گالیسەکەی سێرکبازەکان پاڵنرا لەلایەن مێرووەکانی دەرەوە.






دۆت هــەوڵی دوای فلیك بـکـەوێـت،بـەڵام دایـکـی نەیهێشت.
دواتر کە دواپین گەڵا کەوت-کاتی گەڕانەوەی کوللەکان بوو.مێروولەکان ترسان هەتا زانییان هۆپەر هەرگیز ڕازی نابێت بەو خـواردنـەی کە کۆیان کردبووەوە.
ئــەتــا بــە خــەمــبــاری وتــی"دایـکـە،ئـەوە بەس نییە،ئێمە چی دەکەین؟"
شــاژن وەڵامــی دایـەوە"مـن نازانم." ئەوان هەموویان لە ترسا دەلەرزین کە زەنگەکە دەنگی هات. ئەوان ئەوەیان زانی کە هۆپەر تورە دەبێت.




هۆپەر تورە بوو.هاواری کرد"هیچ یەکێك لە مێروولەکان ناخەوێت هەتا ئێمە هەموو پارچە خواردنێك بەدەست دەهێنین لەم دوورگەیە!"
لە ناوگیایەکدا خۆیان شاردبووەوە،دۆت و مێرووەکانی تر گوێیان لە دوو کوللە دەگرت کە قسەیان سەبارەت بە هۆپەر دەکرد.دانەیەکیان وتی"دوای ئەوەی مێرووەکان هەموو خواردنەکە کۆدەکەنەوە،ئەو جێگەی شاژن دەگرێتەوە بۆ ئەوەی بیری بهێنێتەوە کێ سەرۆکە."
دۆت زانیی ئەو دەبوو شتێك بکات بۆ پاراستنی دایکی.ئەو بە مێرووەکانی تری وت لەوێ بمێننەوە،کە ئەو رۆشت بۆ ئەوەی یارمەتی بە دەست بهێنێت.ئەو زۆربەی کات لە لایەکەوە بیری لە باڵە بچوکەکانی دەکردەوە بۆ ئەوەی دەست بە ئیش کردن بکات—تەنانەت بۆ یەکەم جار! ئەو بە هەموو ڕێگاکان فڕی هەتا بە فلیك گەیشتەوە.




فلیك یەکەم جار نەیویست یارمەتی بدات،لەبەر ئەوەی ئەو وەکو دۆڕاوێك هەستی دەکرد.بەڵام مێرووە سێرکبازەکان هانیان دان.
ماننی وتی"کورم،ئێمە بروامان بە تۆیە!"
دواتر دۆت بەردێکی پێدا بۆ ئەوەی بیری بهێنێتەوە ئەو دەیەوێت ئەوەی پێ بڵێت کە تۆوێکی بچوکە دەبێت بە دارێك.
فلیك وتی"هەموو شتێك باشە،با بیکەین!"
ئیتر مێرووە سێرکبازەکان گالیسکەکەی فلیا و هیجاکدیان بەستەوە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە و بۆ گردی مێروولەکان.بیرۆکەی باڵندەکەی فلیك لە کۆتاییدا دەفڕی.






فلیك و دۆت چوون بۆ بۆشایی قەدی گیاکە بۆ دۆزینەوەی مێرووەکان،ئەوانەی حەزیان دەکرد یارمەتییان بدەن.دواتر هەموویان بەسەر دارەکەدا سەرکەوت بۆ ئەو شوێنەی کە باڵندە ساختەکەی لێبوو.

ئەوکاتە،مێرووە سێرکبازەکان ڕۆشتن بۆ ئەو شوێنەی کوللەکان لەگەڵ شاژن نانیان دەخوارد.



هۆپەر وتی"خولەکێك بوەستە!"
مێرووەکان بەستییان،جگە لە تەك و ڕۆڵ،مێرووەکان،ئەوانەی دەستیان کرد بە نمایشەکەیان.کە دەهاتنە خوارەوە ،ئەوان تاقەتی یەکتریان بوو،وە دوای کەمێك ئەوان شەڕیان دەکرد.هۆپەر پێکەنی.
دانیشت بۆ ئەوەی سەری نمایشەکە بکات و وتی"ئێستا ئەوە پێکەنیناوییە!"




فلیك و مێرووەکان کێشەیەکیان هەبوو لە هێنانی باڵندەکە بۆ فڕین،بەڵام دوای کەمێك فڕی،لە دەرەوەی بۆشایی دارەکە.لە دەرەوە،مێرووە بچووکەکان ترسان لە دەنگێکی زۆر وەکو دەنگی باڵندەیەك.
کاتێك کوللەکان سەیریان کرد و بینیان باڵندەکەیان بینی بەرەو ڕوویان دەهات،ئەوان ترسان و ڕایان کرد بۆ بەرگەکە.مێرووە سێرکبازەکان وا دەردەکەوتن لەلایەن باڵندەکەوە بریندار کرابن. بەڵام کێچ پی.تی،ئەوەی هەوڵیدا بۆ ئەوەی ڕێگاکەی ئازاد بکات،سەبارەت بە پلانەکەی نەزانی.



پی تی هاوڕێ سێرکبازەکانی بینی بە خوێنی ساختەوە و هەوڵی دا بۆ ئەوەی بچێت ڕزگاریان بکات.ئەو ئاگرێکی کردەوە،و هەڵیگرت.جاری دواتر باڵندەکە دابەزییە سەر ئەو،ئەوە ئاگری گرت،بووە هۆکاری داڕووخانی زەوییەکە.بەڵام ترسناکییەکە لە ناوەوە نەوەستا.فلیك و مێرووەکان کەمێك کاتیان هەبوو بۆ ئەوەی لە گڕەکە ڕابکەن!
دوایین مێروو هاتە دەرەوە دۆت بوو،وە هۆپەر ئەوی گرت.



ئـەو دەسـتـی ڕاکـێـشـا بـۆ باڵندە سووتاوەکە و لـە شـــازادە ئـەتـای پـرسـی "ئـەمـە بـیرۆکـەی کێ بـوو؟، شازادە،ئەمە بیرۆکەی تۆ بوو؟"
پێش ئـەوەی ئەتا وەلام بداتەوە،فلیك لە دوورەوە دەرکەوت.
وتی "هۆپەر،بە تەنها جێی بهێڵە،باڵندەکە بیرۆکەی من بوو.من ئەو کەسەم کە تۆ دەتەوێت."
یەکێك لە گێژەکانی هۆپەر بازی دایە سەر فلیك و بەرزی کردەوە پێش ئەوەی هۆپەر بیوەستێنێت،لە هەرەشە کردن لە مێرووولەکان.
بەڵام فلیکیش هەندێك شتی هەبوو بۆ ئەوەی بیلێت.فلیك وتی "ساڵ لە دوای ساڵ ئەوان هەندێك- خواردن هەڵدەگرنەوە بۆ خۆیان و ئێوە،کەواتە کێ لاوازترە؟مێرووولەکان خزمەتی کوللەکان ناکەن،ئەوە ئێوەن پێویستتان بە ئێمەیە!"
کۆمەڵی مێرووولەکان و مێرووە سێرکبازەکان پرتە وبۆڵەیان بوو بە ڕازی بوونەکە.ئەوان دەستیان کرد بە بەرەو پێشچوون بەسەر کوللەکاندا،ئەوەی کە ترسا و خێرا فری-هەموویان بێجگە لە هۆپەر.ئەو تیشکی دا لە هۆپەر بە ترسناکترین چاوتێبڕینی.دواتر یەکەمین دڵۆپەکانی باران کەوتن.






مێروولەکان خێرا چوون بۆ گردی مێروولەکان بۆ ئەوەی ڕابکەن لە دڵۆپە گەورەکانی باران، هۆپەر بەرژەوەندی لەوەدا بوو بۆ گرتنی فلیك و خێرا لەگەڵیدا بفرن.بەڵام شازادە ئەتا دوایان کەوت.هەوڵی دا فلیك بگرێت و ڕزگاری بکات.

بەڵام هۆپەر چووە تەنیشتییەوە.

فلیك بیرۆکەیەکی تری بۆ دروست بوو.بە ئەتای وت ڕاست دوور بفرێت بۆ هێلانەی باڵندەکە! هۆپەر باڵندەکەی بینی تارمایی باڵندەکە لە لای سەرییەوە بوو،بەڵام ئەوە نەیترساند.وتی"ئەمە چییە،یەکێکی ترە لە فێڵی باڵندە بچووکەکتان؟"

فلیك وتی"بەڵا."

هۆپەر پرسی"ئایا لەوێ کۆمەڵێك کچی بچوکی تێدایە لەوێش،چۆنن کچینە؟"



فلیك پێکەنی کە هۆپەر زۆر درەنگ زانیی باڵندەکە ڕاستی بوو.ئەوە پلانی فلیك بوو.باڵندەکە هاواری کرد کە دوای هۆپەر کەوت و بەرزی کردەوە بۆ دەنووکی.




لەگەڵ هۆپەر ئیتر هەرەشە نەبوو بۆ کۆمەڵەکە،ئەوە کاتی ئەوە بوو مێرووە سێرکبازەکان ماڵئاوایی بکەن.فرانسیس هەوڵی دا نەگریەت کە مێرووەکان باوەشیان پێدا کرد.هەیملیچ لە کاتێکدا هاتە دەرەوە لە لە بەرگەکەی.

هاواری کرد"من پەپولەیەکی جوانم!"ئیتر ئەو زۆر جیاواز نەبوو.ئەو ئێستا باڵێکی بچوکی هەیە کە ئەوەندە گەورە نەبوو هەڵیبگرێت،ئیترماننی و فرانسیس دەبوو یارمەتی بدەن.

کۆمەڵە نوێکە شاژن ئەتا و داهێنەری سەرەکی وڵات فلیك دەستی بەرز کردەوە کە ڕایوەشاند بۆ ماڵئاوایی لە مێرووە سێرکبازەکان.وە شازادە بچوکەکە،دۆت،پلانێکی گەورەی دروست کرد چەندە زۆر دڵی ویستی.



لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار
بە هاوکاری دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم




# چیرۆکە سەرنجڕاکێشەکان